



ناوی کتێب : مانگە شەو و یادگاری

بابەت : شیعر

ناوی شاعیر: ڕەشید ئەحمەد سابر ناسراو بە ( رشید کەرکوکی )

ساڵی 1963 لەگەڕەکی شۆریجەی کەرکوك لەدایك بووە

بەرگی یەکەم و دوهەمی کتێبەکە هاوڕێی سەربازیم کاك عەبدولخالق ئیبراهیم هەولێری نەخشی کێشاوە وەك یادگاری لەلام ماوە

ئەم کتێبە پێشکەشە :

1-بە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و ئەنفال کراوەکان

2- بە دایك و باوکم خوا لێیان خۆش بێت

3- بە هاوسەری خۆشەویستم و منداڵەکانم

4- بە سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرانم

# پێشەکی

**شیعر هونەرە**

**شیعر عەشقە**

**شیعر جوانی یە**


**شیعر خۆراکی گیانی مرۆڤە**

**بۆیە مرۆڤ گۆرانی دەڵێ**

**لە تەمەنی چواردە ساڵیمەوە حەزم لە شیعر کردوە گەورەکان دایان ئەنام لە کۆڕی شەوانە لە دیوەخاندا کتێبەکانی شیرین و فەرهاد و ڕۆستەم و زۆراب و ئیسماعیل نامە و کتێبی تریان پێ ئەخوێندمەوە لای ئەوان خوێنەرێکی باش و ڕەوان بووم منیش هێندەم دەخوێندەوە زۆر بەشیانم ئەزبەر کردبوو بەڵام خۆم خولیایەکی گەورەم هەبوو کە شیعر بنوسم و شیعری خۆمم هەبێ سەرەتا لە شیعرەکانی گۆران و شیعری فۆلکلۆری هەرچیم دەست کەوتایە لای خۆم ئەم نوسیەوە و لەبەرم دەکرد تا وردە وردە خۆم دا لە شیعرەکانی نالی و هێمن زۆریان کار لێکردم دەستم بە لاسایی کردنەوەیان کرد هەوڵم ئەدا گوزارشتم جوان بێت ووشەی جوان و پاراو بەکاربهێنم ئیتر قۆناغێکم بڕی و هاوڕێیانم نوسینەکا نمیان لا جوان بوو روویان لێ ئەنام نامەی دڵدارییان بۆ بنوسم و شیعری جوانی تیا دابنێم ئیتر وەك باش کاتێك ناسیانم ئەمانە سەرەتایەك بوون بۆ چەکەرەکردنی شیعر لە ناخمدا هەر شیعرێکی جوانم دەدی کە کارم تیابکات هەوڵمداوە بەو جۆرە بنوسم لاسایی زۆربەی شاعیرەکانم کردەوە و لەگەڵ شیعرەکانیان ژیاوم و ئێستاش بێ شیعر ناژیم جا شیعرەکانم باش بن ئەوە زۆر ئاسودە ئەبم کە دەبمە شاگردێکی باشی شاعیران وە ئەگەر شیعرەکانم باشیش نەبن هیوادارم شاعیران لێم خۆش بن کە نەمتوانی بە جوانی لاساییان بکەمەوە.**



**ڕەشید ئەحمەد سابیر ( ڕەشید کەرکوکی )**



هاوڕێی سەربازیم کاك  عەبدولخالق ئیبراهیم هەولێری  هاوڕێی ئازیزم

# ئاوارەکان دێینەوە

ئەم زەمینە بۆ گشتمانە
ئەی بۆ بێ بەش کراوین
ئەم خاکەیە نیشتیمانە
بۆچی لێی دەرکراوین
ئەم گرد و دۆڵ و شاخانە
ئەم دارستان و باخانە
کەجێگای سەیران و گەشتە
بۆتە دۆزەخ ئەم بەهەشتە
بۆچی ئێمە لێی بێ بەش بین
وا ئاوارە و چارە رەش بین
بێ ماڵ و حاڵ و بێ جێگا
بێ کەس کەوتوین لە سەر رێگا
بستە خاکێ نابێ پەیدا
ژیان بە سەر بەرین تیایدا
مناڵ لە ناو بەفر و سەرما
یاخود لەناو تۆز و گەرما
بێ ئۆقرەیە و پەرێشانە
زۆر نەخۆش و بێ دەرمانە
ئێمە تاکەی ئاوارە بین
بێ لانە و سیا چارە بین
کەی ئەچمەوە شارەکەی خۆم
ئەچمەوە سەر کارەکەی خۆم

2013\7\25

# بۆ ئازیزەکەم

ئازیزەکەم تۆش وەرە وەکو من سەودا سەر بژی
وەکو من بە سەودای کوردستان و دەشت و دەر بژی
دەبێ بە رەنگاری کۆسپ و سەختی بکەی لە ژیان
بۆ بە رەنگاری دوژمنەکەی کورد لە سەنگەر بژی
تۆش وەکو کچانی پێشمەرگە وەرە کۆڕی خەبات
هەر وەکو ئەوان بەمەردی بمرە و بەختەوەر بژی
تۆش ئەمڕۆکە زانای خوێندەواری هەڵمەتێك بەرە
هەرگیز نامەوێ وەك شێت و هارو دەربەدەر بژی
وەرە بەدەست لە ملانێ بە رەنگاری دوژمن بکەین
لە سایەی کێوو تەلان بۆ مردنی ئەژدەر بژی
با بەس تانەمان لێ بدەن بێگانەکان
تاوێك شۆرشگێر بەو لەوپەڕی هونەر بژی

# نیگای عەشق

نیگای عەشقم چەشنی پەپولە بوو
بۆیە لە ڕۆژگار هەر لەجوولە بوو
دوا نیگا هێندە دەرچوو لە ناکاو
بە شپرزەیی وون بوو لە بەرچاو
وێنەی جێژوان لە چاودا دیار بوو
بۆیە خەیاڵیش هەر لەلای یار بوو
چونکە هەر گیانە ژوان ئە بەستێ
لە شیش تا ئەوێ هیچ ڕاناوەستێ
تا لێو ڕاموسێ لێوی ئاڵ و گەش
تا گیان لەو عەشقە پێیدرا بێ بەش
تا دڵ هاتنی یار بیخورپێنێ
تا گوێ ووشەی یار تیایدا بمێنێ
دەبێ هەناسەی دووریش هەڵ کێشێ
دەستی دڵ تەنگی جار جار ڕایکێشێ

1981 \3\26 _کەرکوک

# من ئەڵێم

من ئەڵێم گشت ئەم شادی یە　　　بزە وخەندەی یاری منە
ئەم هەموو بۆنە خۆشە دێ　　　بۆنی گوڵ بـــــەهاری منە
کیژان وەکـــو پەری بەهەشت　　　خۆیان گۆڕی ئەچوون بۆ دەشت
چەن جوانن لە سەیران و گەشت　　　جەژنەیە یادگاری منە
کاتێ دڵ بەر کە چاوی ڕشت　　　بەتیری چاو خوێنی ئەڕشت
جەژنی قوربانە منی کوشت　　　شادی یە ئازاری منە
دڵمان گرێدا من و تۆ　　　دڵم سووتا لە عەشقی تۆ
دڵمان هێنا یە گفتوگۆ　　　ئەوەی تۆ قەرزاری منە

1991\9\28 _ پێنجوێن

# تـا ئەو کاتەی

تـا نەبم بەسێبەر ڕۆڵەکانی کورد
نـا لێم سەر بەرزم لەلای دڕشت و ورد
تـا خە نجەری کوردی نەدەم لە کەمەر
سینگم بۆ ڕۆڵەی کورد نەبێتە سەنگەر
تـا لە مەیدانا دوژمن نە بەزێنم
ماچی خۆشەویستی لە یار نەسێنم
تـا بڕنەو لە شانی خۆمدا نەبینم
پەشیمانی بێ گشت پێکەنینم
تـا ئالاّ بۆنی ڕزگاری لێی نەدا
دلْ ئەو خەمەی تیایە قەت فڕێی نەدا
تـا خونچەی بـاخی کورد نە بوژێتەوە
ئەم ئاگرەی دڵی من نە کوژێتەوە
تـا خـاکی کوردسـتان گشت  رزگـار نەبێ
خوایە ئەم دڵەی من  هەرگیز شاد نەبێ
تـا نە بینم میلەتی کورد رزگـارە
تـا رزگـاری نەبێت کورد لەم ئازارە
تـا رزگـار نەکەم من ولاّت  و خـاکم
نـا لێم رۆلەیەکی کوردی دڵپاکم

1988\9\28

# هاوار

فیدای ڕوخساری زەردت بم پێم ئەڵێ هەڵبەستم ئەوێ
هەتاکــەی پێبەست بم لە ژین دە وەرە دار دەستم ئەوێ
گەرچی ئەمرۆ ڕۆژی من و تۆ نی یە بــەلاّم چار هەیە
هەمیشە داوا کـــــارم لێت ڕێگایــەکی ڕاستم ئەوێ
بۆچی شین و شە پۆڕی ئێمە کۆتایی نــــەیات لە ژین
بۆ ئەوەی ڕزگار بین لە شین کیژی چاو مەستم ئـــــەوێ
تا کەنگێ دوژمنی ئێمە نــــە بەزێ و سەر نەکـــەوین
بۆ ڕزگــاری میلەتـــم بۆ ڕووی دوژمن بەر بەستم ئەوێ
بۆ فەوتانی ئـــــەم دوژمنە نا لەبارەی کوردستان
یەکگرتن تەواو یــــەك شۆرشی خەستم ئـــەوێ
چەکی میر دەشت و تۆ نوسین و بـــــاوەڕە ئەی دڵنەواز
تۆش وەکو منی هەموو دەم ئەڵێی ژینی سەر بەستم ئەوێ

1980\4\26

## منداڵی هەژار

هەژاری بێناز کەو تووی دەر بەدەر
هەتیوی چە پۆك ئازار لەبان سەر
کۆڵان بە کۆڵان ئەگەڕێی بێ ناز
لەخەڵکی جێما و ـ ژیانی نا ساز
بێ بەش لەشادی ـ لەدڵ دەرکراو
چاوت پڕ گریان فرمێسك قەتیسماو
شێوان بەبێ شێو سەر ئەنێیتەوە
بە خەیاڵی نان ڕۆژ ئەکەیتەوە
ژیانت سەختە و پڕە لە هەڵدێر
بە سەد سك برسی و بەسکێکیش تێر
باوکت کوژراوە یاخود مردووە
یاخود لەزیندان نیوە زیندووە
بەرگی تازە و جوان ناکرێتە بەرت
شڕ و شیتاڵە سەرینی سەرت
چاکەتە کۆنێ بەر ئانیشك دڕاو
گیرفانی کون کون بێ پارەو دراو
لەناو خەڵکیدا وەك وڕ و کاسی
ڕووت و قوت دیاری کە بێ کراسی
نە میوانت دێ و نە دەچیە ماڵی کەس
کەسێکت نییە بێتە فریاد ڕەس
ئەگەر جەژنیش بێ بە چاو پڕ گریان

نانی جەژنەخۆی چای و ماست و نان
لە دنیای ڕۆشن ئێوەن خێر نە دیوو
بۆیە بانگ ئەکەن بە هەتیو هەتیو
لووت بەرزەکانن گاڵتەت پێ ئەکەن
یا لە ناو خۆیان یاریت پێ ئەکەن
هەرچەن خەڵکی لێت وەڕزتر ئەبێ
بەلاَم تۆ هیوات بەرزتر ئەبێ

1981\3\9 دووشەممە

# بۆیارەکەم

هەر تۆ دڵداری منی
تۆ نەو بەهاری منی
سوێندم بەخودای میهرەبان تەنها تۆ نازداری منی
وەرە پێکەوە بژین بــــە دڵخۆشی و بــــــە دڵشادی
بۆ بەختەوەری دەست لە مل یەك بکەین بە ئازادی
داوای دڵم لێ ئەکــــــــەی بەخوا دڵم لەلای تۆیە
ئەگەر تۆ لوتفت هەبێ شەیدای دیدەن باڵای تۆیە
ئــــــەی نازداری میهرەبان
ئەی نەخشی دەستی یەزدان
بولبولم لە سەر گوڵی گۆناکەی تۆ ئەخوێنم
شا گوڵی باخچەی ئەوین
شا جوانی سەر ڕووی زەمین
پەیمانم داوە لەژینا تەنها تۆ ئەدوێنم

# سكالاَ

له مێژه سووتاوم من  به پرچی سیاهی
مەگەر هەر تۆ فریام کەوی یا ئیلاهی
گەر تێبگا لـــه ئەڤین  و عەشقی دڵم
ژوانێکی نــــه ده دا به تەختی  شاهی
هەمیشه دەسته و دامێنی گوڵم  دەبم
کەچی پیشانی نه دام  تاوێك ڕووی  ماهی
گاه دەسوتێم  وگاهێکیش دەگریم  بۆ ئەو
تاوێك وەکو پەروانه و تاوێکیش ماهی
مەڕوانه ڕوو واتێم مەگه کەشادمانم
سەیری دڵم کــــه بزانه چۆنه ئاهی
که ڕەشید دەبێته سەرگەردی خاڵەکەت
بۆچی دەیکوژی  دەبڵێ چی یه گوناهی

1980\9\26

# دیمەن

ئاخ  ئەی پەرچەم خاوەکەی باڵا گوڵ
دەستت نایە سەر سینە بــۆ ئاخێ
لە ئاست  دڵێکی بـــــە تاو و بە کوڵ
بــە سەر نیگاتا کە هەڵ ئەشاخێ
سوورمەی چاوان و سوراوەی سەر لێو
بوون بە قولابی ئەجەل بۆ جەرگم
لە خۆزگە و حەزو ئارەزووی پــەشێو
جۆرێك ئەم بینی کە جوانــە مەرگم
بەڵێ  ئێستا کــە بە وێنەی جــاران
نازت نـــاتوانم بە وێنەی جوانیم
برین خوێناویم بــە گەستەی ماران
بـــــە نیگای پڕفێڵ کە تێتڕوانیم
خۆزکە خەیــــاڵم  وەك جاران بوایە
نــە دەهاتیە بەرچاوم  زۆر دڵخۆش
خۆزگە ئــــاواتم ئاواتت بـــووایە
تۆش نەت ئەبینیم بە مجۆرە ڕەشپۆش

1979

# مانگه شەو ویادگاری

دیسان شیوەن و نالینمه حالم پەریشانه ئەمشەم
چونـــــکه شەوی جوداییه و لەیەك دابڕانه ئەمشەو
ژیانم تاریك و لیلە لە دووری تـــــاكه لە یلاکەم
کار و پیشەم هەتا بەیــــــان هاوار و فیغانه ئەمشەو
ڕەونەقی باخی ژیانم نەما و ڕۆیی لە دەستم چوو
شەم ئەگریا بۆیه سووتاوه بـــالی پەروانه ئەمشەو
چاو ئەگێرم لە ناو جوانان تەنها یاری من وون بووە
خانەخوێ ڕۆی بە جێماوم دڵ لە کوێ میوانه ئەمشەو
لە کوێ بێنم گوڵێکی وا بۆنی برواتە لای یاران
گوڵیان ڕنی گوڵزارچۆڵ بوو بوڵبول سەر گەردانه ئەمشەو
لەلایەك شین و زاری یە لەلایەك خۆشی و شادی یە
دڵەکەم بوو بە کۆی زوخاڵ کەخەنە بەندانه ئەمشەو
ئەو چاوانەی بۆ نیگا بوو ئێستا کوێر و نابینایە
چونکه پێکراوە بە تیری تیژی ئەو موژگانه ئەمشەو
کاتێ خونچه کە هەڵوەری نەما هیوای بەختەوەری
هەرگیز مەپرسن لە بەرچی ماڵەکەم وێرانه ئەمشەو

1982\4\30

# گۆرانی دڵ

کچ: بۆ چ هەموو دەم خەفەت بۆ من بمێنێ
لـــــــە دووری باڵای تۆ هێزم نە مێنێ
دڵی من هەموو کات لای تۆیە بە خوا
بۆیە هەمیشە خەمی تـــــــــۆ ئەخوا
ئەڕۆیت و هەر دێم لە دوات
تـــــــاکو بگەم بە ئاوات
گەر بەڵێنم پێ نـــــەدەی
دوور ئەکەومەوە لـــــەلات
کوڕ: دڵ دەناڵێ هەمیشە کەوتوومەتە ئاهو ناڵە
دوور لــــــە تۆ بێقەرارم پەرێشانم ژینم تاڵە
دڵی تۆ بێ وەفایە قەت ڕەحمێکت نەکرد دڵبەر
ڕۆژگاری سەختم تـوش بوو بەڵام بۆ تۆ بردوومە سەر
دام ناوە هۆش و هەستم
تا مردن ئەت پەرستم
بۆیە لە دنیا ئەژیم
چونکە هەر تۆی مەبەستم
کچ: من تەنها تۆم دەوێ چیم لە روح داوە
تۆ بڕۆی لـــــــە بەرچاوم ژینم نەماوە
کوڕ: گەر وابێ بۆ تۆ ئەژیم هەتاکو مردن
گەر تۆ لە من دوور نەکا بەدکاری دوژمن

کچ: شەرتە بی دەمە بەر تیر

گەر دەستم لێ ببێ گیر

کوڕ:بەڵکو خودا بیکوژێ

جێ ژوان نـــــەکا داگیر

پێکەوە: دامناوە هۆش و هەستم

تا مردن ئەت پەرستم

بۆیە لە دنیا ئەژیم

چونکە هەرتۆی مەبەستم

1980

# خەمێکی نەزانراو

نەبوو ڕۆژێ بێتە میوانم بەختی پڕ نیگای جوانی
تا لە سەرلێوم بنیشێ بزە و خەندەی کامەرانی
جار جارخورپە یەك بە دڵماد یێت و ئە مخاتە لەرزە
شەو لەخەودا ڕائە پەڕم بێدار ئەبم تا بەیانی
تەم و مژی بیرەوەریم لەگەڵ خەیاڵی ئێستامدا
دنیایەکی فراوانە پڕ لەئـاهی پەشیمانی
نـازانم کەچی خەمێکە وا خەمگین و کزی کردووم
ئا خۆ ترسە یا ئەڤینە یا نەبوونی دەست لە ملانی

# خونچەی کورد

(( پێشکەشە بە هەرژین و سەرجەم کیژانی کورد ))

تـازە خونچەی نێو گوڵزاری نەو بەهار
شـاجوانی کیژانی نێو دێهات و شار
تۆی نەشئە بەخشی دڵپاکی جوان کیلە
خرپنی ئاشتی خوازی ناسك و نازدار
* * * * * * * * * * * *

ئەی خەم لابەری خنجیلانەی بێ تووك
ئەی پە پولەی باڵ نەخشینی ئێسك سووك
ئەی دەنگ ناسکی پڕ ووشەی بە تـــام
بزەت گەلێ جوانترە لـــە نیگای بووك
* * * * * * * * * * * *

لێو ئاڵی پڕ لـــــــە بزە و گۆنا نەرم
پـــــرچی درێـــــژ و چاو ڕەشی پڕ شەرم
باڵات جوان و ڕێکە تۆ بەجلی کوردی
ساوای خنجیلانـــــە و دڵـــی وا گەرم
* * * * * * * * * * * *

زڕەی پلپلە و ژێرچەنە و هەیـــــاسە
لە سای زوڵفت گوارەش بە گوێ هەڵواسە
کەسێ بڕوانێ لە مێخەك بـــەنی مل
تینووی نیگای جوانی ئەشکێنێ تاسە
* * * * * * * * * * * *

گەردوون نەشێوێنی هیوای جوانانەت

دایــــــك بكێشێ نـــازی ساوایانەت
تـا ببیه پسپۆڕی نێو كـــــــــــوردەواری
شانـــــــازی بێنی بۆ ئەم كوردستانەت 1981\3\9 دووشەممە
************

# سلاْوی نەورۆز

هەزار سلاْو لە گیانی لاو
لەلاویْکی شەهید کراو
خویْنی ئەڕوا وەك جۆگەی ئاو
لە شەهیدی لاشە سوتاو
لە دوور جیْماو  لە دوور جیْماو
* * * * *
لە کیژانی تفەنگ  بەدەست
فیشەك دانی لە مل ئەبەست
کیْوان دەبڕیْ بە بیْ دەربەست
لە ڕووی دوژمن بۆتە بەربەست
هەتا میلەت بکا سەربەست
* * * * *
لە دایکیْك  بە ڕۆڵەی خۆی
ئەڵیْ خەمی  کوردان بخۆی
ڕیْگای  ڕاستی پیشاندا بۆی
تەنها لەڕیْی گەلا بڕۆی
تا بزانی کاری  ئەستۆی
* * * * *
لە هەموو ڕۆڵەکانی کورد
ڕائەپەڕن بە دەست  و برد
تیْ ئەکۆشن دڕشت  و وورد
ئەوەی بۆ گەل خۆی  فیدا کرد

بۆ سەربەستی شەهید بوو مرد

* * * * *

هەر ئەمەیە ڕێگای ڕاستی

فیدا بوونە بۆ سەربەستی

ڕزگار بوونە لە بن دەستی

زیاتر ئەکا خۆشەویستی

ئەوجا بۆنی یار و دۆستی

نەورۆزی 1980 کەرکوك

# ڕۆڵەی کوردم

تێکۆشەری چالاکم
لە مردن زۆر بێ باکم
خۆم بە بەختیار ئەزانم فیداکار بم بۆ خاکم
پێشمەرگەی تفەنگ بە دەست
کێوان ئەبڕم بێ دەربەست
یان گیان خۆم ئە بەخشم یان وولآت ئەبێ سەربەست
خۆم ئەهاوێژمە سەنگەر
بۆ دوژمن ئەگرم لەنگەر
با دوژمن باش بزانی کوردم ڕۆڵەی جەنگاوەر
کۆڵ نەدەرم بەهێزم
کوردستان ئە پارێزم
پەروەردەی دەشت و شاخ و دۆڵ و کانی و کارێزم
خۆشم ئەوێ وولاتم
هەر تۆی هیوا و ئاواتم
لە پێناوی تۆدایە هەموو ڕەنج و خەباتم
خۆشە ژینی ڕزگاری
دوور لە زوڵم و زۆرداری
ئەوسا دەست لە مل بکەین خۆشتر ئەبێ دڵداری
1982\7\5 دووشەممە_کەرکوک

# شار جیٚ دیٚلم

شارجیٚ دیٚلم گـــــــــــەرچی حەزم لەم شارەیە
پیٚم نـــــــــــاخۆشە کە پیٚم ئەڵیٚن ئاوارەیە
دەرکراوم من لـــــــــــــەماڵ و شارەکەی خۆم
هەڵبڕاوم من لـــــــــــــە کەس و کارەکەی خۆم
وا مـــــــەزانن مرۆڤیٚکی بیٚ کـــــــــــــــەڵکم
وەکـــــــــو ئیٚوە منیش دڵسۆزی خـــــــەڵکم
بـــــابــــــاگوڕگوڕ گڕم پیٚیە بۆ کـــــــەرکوك
ڕزگاری کەین بـــــــــۆ نیشتیمان بکریٚ بە بووك

چەمچەماڵ 17\9\1993

# چاوەڕوانم لە جێژوان

شـــــەوو ڕۆژ بێ ئارامم لە جێژوانم ئـــــەناڵم
دڵ پڕ لەئاگر چاوپڕ گریانم ئەنـــــــاڵم
بەکـــــــافرم مەزانە تـــــۆ قیبلەگای ژیـــا نمـی
بۆچ ئەدەی عەزابی دڵ موسڵمانم ئەناڵم
هاتی تۆ بەخێرهاتی ئازیزەکەم بەسەرچاو
بـــــۆ هاتنی تۆ ئازیز چاوەڕوانم ئەناڵم
لە ترسی چاوی بەدکار ناتوانم سەردانیت کەم
لە عومرم تێئە پەڕێ سەر گەردانم ئەناڵم
بە غەمزەی چاوی مەستت سەرخۆشم تاکو مردن
بۆ مــــاچی لێوی ئاڵـت پەرێشانم ئەناڵم
لە سایەی عەشقی تۆوە خەمی دنیام هەر تۆیە
بێ تۆ ئـــــــــاوارەی دەشت و بیابانم ئەناڵم

1993\8\21

# گوڵفرۆش

تـــۆ کیژی لادێی تۆ گوڵ فرۆشی
کـەی لێرەوە دێی  تۆ گوڵ فرۆشی
بە عیشوە و بەناز
بۆ  ڕاز و نیاز
هاتی لە ڕێوە تۆ گوڵفرۆشی
یان بەلە نجە ولار
هاتی بەرە و خوار
لە نزیك دێوە تۆ گوڵ فرۆشی
ئەی فێنکی دڵم
من شەیدای گوڵم
کەی بۆم ئەهێنی تۆ گوڵ فرۆشی
هەرچاوەڕێی تۆم
خۆشەویستی خۆم
 گوڵم بۆ بێنی تۆ گوڵ فرۆشی
سەر لە بەیانی
بێیتە سەر کانی
دەست بە گوڵەوە تۆ گوڵ فرۆشی
بە فێنکی شەماڵ
دەربچیت لە ماڵ
دەست بە گوڵەوە تۆ گوڵ فرۆشی

1993\8\22

# مامۆستا

ڕۆژ باش مامۆستای ئازیز
گشت ڕاوەستاوین بەریز
هاتوینەتەلات سەربەخۆ
فێری زانست بین لـــە تۆ
بـــــاوکی زانست و هونەر
تـــۆمان کردوەتە ڕێبەر
پـــــــەیامی برایەتی
بۆ گشت مرۆڤایـــەتـــی
ئێمەی مندالان فێرکـــــەن
ئەم دنیایە پڕ خێرکەن
ئـــەی مامۆستای دڵسۆزم
ڕۆژی ڕوناکی هــــــۆزم
دڵی ئێمە شــــــاد بکەن
نیشتمان ئازاد کــــەن

2000

# ڕۆژ بوونت پیرۆز

ڕۆژ بوونت پیرۆزبێ ڕۆژ بوونت پیرۆز
بەخەندەی سەر لێو بەدڵێکی پڕ سۆز
لەگەڵ خزم و هۆز ڕۆژ بوونت پیـــرۆز
* * * * *

لەم ڕۆژە خۆشە ئەستێرەت هەڵهات
خۆشەویستەکەم کۆبوینـــــــەوە لات
دڵی من خەلاَت ـــ ڕۆژ بوونت پیرۆز
* * * * *

ژیانت پۆشی بەرگی بە هاری
بینایی چاوم تەنها تۆ یاری
بۆت بێنم دیاری ـــــ ڕۆژ بوونت پیرۆز
* * * * *

سەما و هەڵپەڕکێت بۆ دامەزرێنین
لە سەر کێك تەمەن مۆم داگیرسێنین
بتخرۆشێنین ـــ ڕۆژ بوونت پیرۆز
* * * * *

ڕۆژی شادیتە بەزم ئەگێڕم
پیرۆزبایی خۆم ئەمڕۆ ئەنێرم
ڕۆژان ئەژمێرم ڕۆژ بوونت پیرۆز
* * * * *

جوانیت پایەدار نەشێوێ نازت
هەرگەشاوە بێ هیـــــوا و نیازت
لەگەڵ هاوڕازت ڕۆژ بوونت پیرۆز

# عاشقی شەیدا

من عاشقی شەیدا تۆ ناز فرۆشی
من غەمگین و غەمبار تۆ به دڵ خۆشی
ساقی لێوەکانی تۆ پڕن لەخۆشی
هاتووم بۆ جامێ مەی پێم نا فرۆشی
یار بەجێی هێشتووم ماڵم وێرانه
بۆته پەناگای من کونجی مەیخانه
یاره شیرینەکەم لێم پەشیمانه
بۆ عاشقی شەیدا هەر مەی دەرمانه
ساقی لێوەکانی تۆ پڕن له خۆشی
هاتووم بۆ جامێ مەی پێم نافرۆشی
وازم هێناوه له گشت کەس و کارم
شێت و دێوانەی ناو کوچەو بازارم
خۆشحاڵم به مەرگم له گیان بێزارم
کوژراوم به تیری چاوی دڵدارم
ساقی پەیمانەکەت پڕن لەخۆشی
هاتووم بۆ جامێ مەی پێم نافرۆشی

# یادگاری

شەوان ڕابورد من بە تەنیام
لە دووری بـــــالآت ئەگریام
خالّی گۆنـــات یادگاری یە
بەو یـــادەوە وەرە فریـــام
ئاخ لە ڕووناك ــ ئاخ لەڕووناك ـ ئاخ لە ڕووناكی
خۆشم ئەوێی دەت پەرستم زۆر بـــــــــە بێ باكی
شەوان ڕابورد بە بێداری
بە ئـــــاهو نالّە و بێزاری
با ئەم جارەش دەست لەمل كەین
بەجێ بهێڵین یادگاری
ئاخ لەڕووناك ـ ئاخ لەڕووناك ـ ئاخ لەڕووناكی
خۆشم ئەوێی ئەتپەرستم یارێكی چـــــــــاكی
لەبەر تریفەی مانگە شەو
با دەست لە گەردن كەینەوە
تا لـــــە گەردونی ستەم كار
گـــــرە و خۆمان ببەینەوە
ئاخ لە ڕووناك ـ ئاخ لە ڕووناك ـ ئاخ لە ڕووناكی
خۆشم ئەوێی ئەت پەرستم بۆچی خـــــەمناكی
وەرە ئەمشەو ئەی نازەنین
بۆچی دەست بەرداری یەك بین
ئەم دڵە ناسكەم مەشكێنە

وا تەواو بوو تەمەن و ژین

ئاخ لە ڕووناك ـ ئاخ لە ڕووناك ـ ئاخ لە ڕووناکی

خۆشم ئەوێی ئەتپەرستم چوست وچالاکی 1994

# ئیمە ئاوارەی وولاتین

**ئیمە ئاوارەی وولاتین ئیمە چینی زەحمەت کێشین**
**جیٚ نشینی ناو ئۆردوگا دلٚ پڕ لە زام و پڕ ئێشین**
**لە کەس و کار بەجێماوین چەند هەژارێك یەکمان دیووە**
**دڵمان بەیەك ئەکرێتەوە پێشتر یەکمان نە ناسیوە**
**کوردی هەڵاتووی کوردستان وولاٚتی خۆم جیٚ هێشتووە**
**سەرما و سۆڵە و برسییەتی ئەم ڕێگا دوورەم چێشتووە**
**ئارام ئەگرم لە ژێر چادر وا هاوین تینم بۆ دێنیٚ**
**با سێبەرێك دروست بکەم خێزانم خۆر نەی سووتێنیٚ**
**زام و ناسۆری ئەم گەلەم هەتوانی هەر بە چنگ نەکەوت**
**هەرلافاوی خوێنی کوردە کە گڕ دەگریٚ بە وێنەی نەوت**
**هیوام بەرزە کەڕۆژیٚ دیٚ شاد ئە بمەوە بەخاکی خۆم**
**تێر ماچ ئەکەم خاك وخۆڵی وولاٚتی باوك و کاکی خۆم**

**گەیلانی غەریب**

**ئۆردوگای شەهید کازمی موسەویان** 1991\6\12

## كە جێم دێڵی

كە جێم دێڵی بە جلی سپی بووكێنی
پەیامی مەرگی تازەم بۆ ئەهێنی
من دائەنێی وەكو كەسێكی نەناس
زاوای تازە و خۆشەویستت ئەدوێنی
بە لە نجە وە كە دەڕۆی دەست لە ناو دەستی زاوات
دڵی من وڕكاوی یە وەك منداڵ ئەگری لە دوات
بە تیلەی چاو ئاوڕێك ئەدەیتەوە
چۆن ئەتوانی من لە بیر خۆت بەیتەوە
سەیرم ئەكەی وەكو كەسێكی نەناس
گێژم ئەكەی ڕائەوەستم كەڕ و كاس
ئەزانم شەرمەزاری ئەڕۆی بێ ماڵ ئاوایی
پێت ناخۆشە كە هاتووم بۆ زەماوەند و شایی
نا مەترسە هەرگیز ئاشكرات ناكەم
گەر بشمرم تۆ سوك و ڕیسوا ناكەم
سەیرم ئەكەی وەكو كەسێكی نەناس
مات و مەلول ڕائەوەستم كەڕ و كاس
خۆشەویستی من بۆ تۆ ڕاستەقینە و خوایی بوو
پیشەت بێ وەفایی بوو مەیلت لەجودایی بوو
تاكوو مردن تۆ لە دڵما شیرینی
بەڵام عەشقت ساڕێژ نابێ برینی 1993\9\8

# ئەڕۆم ئـازیز

ئەڕۆم ئـازیز دڵنیابە ئەڕۆم و بەجێت  ئەهێڵم
بۆ کوشتنێکی تـازەی دڵ ڕێگات نـادەم و نـاتهێڵم
ئەڕۆم **ئەڕۆم **ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێڵم
شادیم نەما خەم ئەکێڵم*ئەڕۆم نـازیز بەجێت دێڵم
ئەڕۆم  ئـازیز بە یەکجاری چیتر بۆ لات نـایەمەوە
بۆ دڵ ڕەقێکی وەکو تۆ من دڵی خۆم نـاکەمەوە
ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێڵم
ئەڕۆم ئـازیز بە غەمباری  بە نێو کۆلاَن و لە جادە
ئەبینم خەڵکی شادمانن تەنها دڵی من نـا شادە
ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێڵم
ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێلم لە ماوەی شەو ورۆژێکدا
بوویتە فریشتەی مەرگی من خۆت نیشـانی نەخۆشێکدا
ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێڵم
ئەڕۆم ئـازیز بە جێت دێڵم  بـا  بمێنم بە تەنهایی
خۆشترە لام لەو ژیـانەی لــــــــەگەڵ تۆبم بە ڕیسوایی
ئەڕۆم  ئـازیز بە جێت  دێڵم

# پەرچەم ئاوریشم

**پێشکەشە بە خێزانەکەم**

**پرچی خاوت ئاورشمینە شنەی شەماڵ ئەیشەکێنێ**
**بە سەربەستی دێت و دەچێ دڵی عاشق ئەخورپێنێ**
**هەر زوڵفێکت ڕەشمارێکە پاسەوانی مانگی ڕووتە**
**لە دەوری ڕوخساری جوانت ئەڵقەیان داوە بە جووتە**
**ئەگریجەت پەلکە رەنگینە تاجێکە و لەسەرت ناوە**
**بۆ سێبەری دوو هیلالت بەڕیز جوان جوان ڕاوەستاوە**
**شانەی پە نجە ناسکەکانت بە ناز دێنی بە سەریانا**
**چاو هەڵدێنی بۆ نیگایەك بـــــڕوانی بە دەم ب یانا**
**منیش لێرە چاوەڕوانی شەماڵم کەی بـــەرەولام بێ**
**بدات لە زوڵف و پەرچەمت هەڵگری بۆن و بەرام بێ**
**توخوا ئازیز پێوەند مەکە ئەو دوو زوڵفە با ئازاد بێ**
**با ئاشقە سەر مەستەکەت ئەویش تاوێك دڵی شاد بێ**
**کە ڕێی نی یە تاوێك بنوێ لە سایەی ئەو زوڵفە خاوە**
**یەك نیگایەك چیدی ناوێ زۆر شەیدایە و دڵ شکاوە**
**دێت و دەچێ بە چوارلا دا وێڵی گوڵێکە بـــــــــە دیاری**
**بیدا لەو زوڵفە و بمێنێ بۆ ڕێی دڵداری و یادگاری**

**جەهرا__کوەیت** 1990\3\3

# خۆشەویستی ومردن

ئەگەر هاتوو ڕۆژێ گولانی لێ  فەوتاندین ڕەشە با
هـەرچی خۆشی و شادیم هەیە با بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشە با
دەبوو نەمێنی لە دنیا هەرچی سۆز و عەشقێك هەیە
گـــــەر دابـــڕان وجیایی دوو دڵان بەهە ڕەشــە با
کە باخەوان گوڵی جوانی بۆ خۆپەرست کردە دیاری
دەك نمەك گیربێ لەلای خوا و توشی دەردی لا ڕەشە با
گووتم هەرچەند من خەمگینم تۆ کەبووکی  سپی پۆش بە
کـــــەچی  ئەچێتە بازاڕ ولای بـــازرگان هەر ڕەشە با
لەدەفتەرمایەك پەڕەیەك  شیعری جوان و ناسکم  بوو
چونـکە ناوی خۆی  تێدایە دێ بـەناز ئەو دێ ڕەشە با
خۆشە مردن بۆ یاری دڵ هەر وەك سوتانی پەروانە
خوایـــە مردنێکی ئـــــاوا  با چارەنوسی ڕەشـــە با

1982\5\20

# ئاشتی

جەنگ  هەر کوشتار و هەر لە ناودانە
تەنها هەر ئاشتی مایەی  ژیانە
لە سایەی ئاشتی ژین بەردەوامە
بەرهەمی ژیان خۆش و بەتامە
هەر چەندە دووژمن بتبڕێتەوە
هەولڎا هیچت نەهێڵێتەوە
هەرگیز لەخاکی خۆت نەچیتەدەر
ڕەگ دابکوتە و سەر بهێنەدەر
ژیان ناوەستێ هەرچەندە سەخت بێ
با ماڵ وحاڵیش بڕوخێ و تەخت بێ
کە ئاشتی هەبێ هەر ئەژێمەوە
بۆخۆشی ئێوە ڕۆژێ دێمەوە

تاسلوجە 2009\4\6

# ڕاز

گیانە دڵەکەی من هەر ڕووی لەتۆیە
هـــەر تۆ ئەناسێ و سووتـاوی تۆیە
کەچـــاو هەڵدێنم بـاڵات ئەبینـــــم
لەناخی دڵمـــــأی وای لـــە ناوژینم
تەمـــەن لە دووری تۆ خـــەسارئەبێ
چونکـــە بە بـێ تۆ زوو بـەسەر ئەچێ
پێم خۆشـە بـاڵام پەروانەی شەم بێ
بۆ تـــۆ بسوتێم لە عومرم کـــــەم بێ
نەك لـــە دوورە ڕێ بەچاوەڕوانـــــی
بژێـــم وبمرم ، تۆ پێم نـــەزانـی
مەگەر نازانی دووری چەند سەختــە
بۆ عـاشقێکـــی بێچارە و بــــەختــە
دڵ کـــورەی ئـــاگر پڕ لەبۆ کرووز
جەرگ و هـــەناوی کردووم بەخەلوز
کە تۆ لێم دووری هیچ کەس نـابینم
مات و سەرگەردان ، چاو بە گرینم
غەرقی دەریای خەم لە پێ هەتـا سەر
مەگـــــەر دەستی تـــۆ بم هێنێتەدەر

1994 چەمچەماڵ

# شەونم

تۆ پاراوی بۆ پەڕەی دڵ شەونمی
لە ناو دڵمای بووکی جوانی خەونمی
تۆ کەجوانی "منی پیرت شەیدا کرد
زۆر بیٚ خەم بووم کەچی بۆمت پەیدا کرد
تۆ پاراوی دنیای جوانی و ئەوینی
مەگەر هەر خۆم بزانم چەند شیرینی
ناوێرم پیٚت بڵیٚم من حەزم لیٚتە
بیٚگومان بە کە چاوم هەر لە ڕیٚتە
نا چارم کە ئەم عەشقەم بشارمەوە
چاوم داخەم بڕۆم بەلای کارمەوە
کە ناتوانم دڵی تۆ دەستە بەرکەم
ئیتر نایەم لەم دەڤەرە گوزەر کەم

تاسلوجە _ 2009\2\15

# چاوەکانت

چاوەکانت وەك دەريايە  خۆشەويستى بەرهەم  دێنێ
کۆگای عەشق  و دڵداری يە بۆ زامی دل مەرهەم دێنێ
هەر وەکو تيشکی خۆر  ئەبڕێ تارمايی ژوری کون کونم
ڕۆشن بۆتەوە دڵەکەم   ڕۆچويتە ناخی  دەروونم
ئەو چاوانەت ئارام بەخشی دڵی  پڕ ئازار و ئێشن
ئە پاڕێمەوە لە يەزدان خوايە گيان هەرگيز نەيەشن
دەبێ بەرامبەرم دانيشە با تێر سەيری بەهرەی خواکەم
کاتێ ڕوم کردە دەرگاکەی بزانم چی لێداواکەم
خوايە بەهرە و نيگاکانی ئەو شۆخە جوانە بۆ من بێ
هەرگيز نەگری و بەختەوەربێ تا دڵی منيش  ڕۆشن بێ

2012\1\26

# پەشیمانی

شۆخە جوانەکەی تازە ناسیاوم
گڕت بەرداوە لەدڵ و هەنـــــاوم
کەی بێ نازی تۆ بۆ خۆم بکڕم
کەی بێ ئەم هەستەم لەلات دەربڕم
کەی بێ لەسایەی پەرچەمتا مەست بم
لە دەربڕینی ووشە سەربەست بم
کەی بێ بتوانم لێوت هەڵمژم
تاسە و ئارەزووم بە ماچێ بکوژم
گەردوون بە پیری تۆی پێ نیشاندام
ئەی بۆ کە گەنج بووم تۆی بۆ نە هێنام
پیرێکی عـــــاشق شێت و سەوداسەر
خۆم لێ گۆڕاوە و نەم ماوە هونەر
کەوتومە دۆخێك نە گە نجم نە پیر
نە عاشقێکی شێت نە پیاوێکی ژیر
نازانم عاشقم یان فریو خواردوو
بێ وەفا بوومە یـــان بێ ئابڕوو
کەی بێت ئارام بم نەمێنێ جەفام
لە دڵم دەر نەکەم یاری بە وەفام
لە مێشکم دەرچێ ئەم ڕاڕایی یە
دامرکێتەوە ئەم سەودایی یە
کەی بێ خولیای تۆ دەرچێ لە سەرم
بچمەوە باوەش هاوڕێ و هاوسەرم

2009\2\16

# بۆ هاوسەرەکەم

ئەی هاوسەرە ئازیزەکەم خۆشم ئەوێی لەخۆم زیاتر
بیرت دەکەم بۆت ئەسوتێم دەرونم پڕ بووە لە ئاگر
دووری تۆ لێم بوەتە ژانێ هەمیشە خەوم ئەزڕێنێ
تەنها دیداری ڕوخسارت بتوانی شادیم بۆ بێنێ
دەی من چی بکەم لەم دوری یە نابڕێتەوە و تەواو نابێ
دڵنیابە لەم عەشقەی من عەشق بە گومان پاراو نابێ

# ئای لەدلی من

ئای لە دڵــــەی پەرێشانی من
بۆ تۆ ئەناڵێ بــەڕۆژو شەو
ئای لە دوو چـــاوی بێداری من
لە دووری تۆیە ناچێتەخەو
ئای لە ئێش و زامی سەختی من
ئای لە گـــریانی ناوەختی من
ئای لە ژیـــــانی پڕ چاوەڕوانی
ئای لە سینە و لە ئـاهی سەردم
ئای لەخورپە و نـــاڵین و دەردم
سەرلە سەر ئەژنۆ هەتا بەیـــانی
لە پاش مەینەتی وحەسرەتێکی زۆر
ئەبینم شـــادی وخۆشی جۆرا و جۆر
گەیشت بە فریام مەرهەمی عەشقت
ئای لە تیلەی چاوو نیگـــــای تۆ
ئای لـــــە خاڵ و لێو و گـۆنای تۆ
خوا پێی بەخشیوم بەرهەمی عەشقت

1992 چەمچەماڵ

# نـازانی

نـازانی  تـۆم خۆش ئەویٚ
بیٚ  تـــــۆ دڵم نـاسرەویٚ
هەمیشە دیٚمە سەر ڕیٚت
تــازە حەزم کــردوە لیٚت
چاو ئەگیٚڕم لــــەم نـاوە
سەردەرکەی لە دەرگــاوە
عیشوە و نـازیٚك بنویٚنیٚ
دڵـــــــی من داخورپیٚنی
بە چاو ئیشارات  بکەی
سلاٌویٚکم لیٚ  بکـــــەی
نــاوی خۆتم  پیٚ بلٌیٚی
بتنـاسم کیٚی کچی کیٚی
بۆ جیٚژوانی شەوانە
شویٚنیٚ  بکەینە هیٚلانە
چیٚژی یەکتر بنۆشین
بەرگی خۆشی بپۆشین

1993 چەمچەماڵ

# خەمیماڵئاوایی

یەکەم جارە بە جێت دێڵم کەخۆیشم نازانم تاکەی
ئاخۆ کەی بۆ لات دێمەوە جارێکی تر ئەڵێم ئۆخەی
ئاخۆ چی ڕۆژێ ئەم ڕێگـــا دوورەم نزیك ئەبێتەوە
چاوەکـــانم بە بینینت وەکـــو ڕۆژ ئەگەشـــێتەوە
یەکەم جارە بە جێت دێڵم کـــــە دووریتم نەچێشتووە
دڵێکی پڕ شادیم هەبوو ئەویشم بۆت جێ هێشتووە
لە بیابانی ئەم وولاتە بە تەنهـــایی خـــۆم ئەبینم
یادت ئەکەم خەیاڵی تۆم کردووە بە هـــــاونشینم
داخی دووریت لـــــــە دڵدا یە شوێنەواری ئاشکرایە
ڕۆژگارم زۆر کپ وخامۆش شەوەزەنگە بێ چـــــرایە
کەسێك نی یە دڵ ڕاژەنێ بە پێکەنین و بە خـــــەندە
هەر ئاوازێ کە دێتە گوێم چونکە تەنهام نا پەسەندە

جەهرا_ کوێت_ 1990\9\10

# لەگەڵ مانگ

ئەی مانگ تۆ لە ئاسمانەوە ئەبینی بۆچی دەناڵێنم
لە جیاتی یارەکەم ئەمشەو دەست لە ملی خەم دەئاڵێنم
تۆ دەزانی زۆر پەشێوم لـــــــە بیر ناکەم یادگاریم
ئەمشەو دابــــــڕاوم لە یـــــار تاڵ بووە ژینی دڵداریم
تۆ خۆت دەزانی خەمەکەم تـــــازە سەری هەڵداوە لێم
بێجگە لە تۆ کەس شك نـــــابەم سکاڵای خۆمی پێ بڵێم
گوێ ڕادێرە بۆ گریانم شیوەنێکی بێ هاوتـــــایە
دنیا خامۆش کپ و بێدەنگ شـــــەو درەنگە خەوم نایە
تاقە یارە شیرینەکەم بە زۆر دەریان کرد لە دەستم
ئاخ چۆن نەمرم چۆن بمێنم گیان دەرناچێ لە جەستەم

چەمچەماڵ 1993\8\7

# كە تۆ هاتی

كە تۆ هاتی شاری دڵم فەرشی رۆحمت بۆ ڕائەخەن
هەر چی خەم وحەسرەتێكە ئەڕۆن و بازاڕ دائەخەن
كە تۆ هاتی بە نیگایەك ناخی دڵت ئەخوێنمەوە
لە تاڵی پەرچەمی خاوت پەلكی شیعرم ئەهۆنمەوە
كە تۆ هاتی كۆشكی دڵم پڕ مێخەك و ناز ناز ئەبێ
دەست بە سینە ڕائەوەستم هەموو جەستەم پێشواز ئەبێ
كە تۆ هاتی دەرئەكەوێ كە بەدكاران درۆ ئەكەن
هەرچی خەونم هەیە گەورە ئەبێ و چرۆ ئەكەن

# نوێژ

من  که نوێژ دەکەم
بڕوام بەخوا زیاتر ئەبێ
بەهەشت  ئەبینم
بڕواداران  تیایدا ڕادەبوێرن
که چاوەکانی تۆش دەبینم
باخچەی ئەوینم گەشە دەکا
که دڵداران تیایدا
نەمامی عیشق
ئاو ئەدێرن

# عەشقێکی نوێ

من بەو عەشقە ئەژیم
لە ناخی خۆمدا ئاتەشگای هەیە
تۆ دای ئەگیرسێنی
نیگای چاوت پەیامەکەی ئەگەیەنێ
ئەگەر تۆ نەبی
ئەی خانمە جوان پۆشەکەم
ئیتر ئەو وجاخە کوێر ئەبێتەوە
منیش بە بێ کەسی
سەر ئەنێمەوە
ناونیشانم
تا هەتایە بزر ئەبێ

# خیانەت

من نازانم؟
که عاشقم یا خائینم
بە تاوانی نازانم
گەر تۆم خۆش بوێت
بەس خێزانەکەم
هەموو جارێك – دوو پاتی ئەکاتەوە
عەشقت بۆ خانمێکی تر
خیانەتە لە عەشق
خیانەتە لە من
تۆ بڵێی عەشق خیانەت بێ؟!،،
یان خیانەتی عەشق هەیە؟!،،

# ترپەی دڵ

تۆ کە دەست ئاخەیتە ناو دەستم
ئەبینی پەستم
کپ و ماتی من لە خەفەتدا نی یە
بەس حەز دەکەم
هێندە بێدەنگیم بدەنێ
تا گوێ لە ترپەی دڵت بگرم
ئاخر لە بیردۆزی عەشقی مندا
هەستی بیستن
لە جیاتی بەرکەوتن دانراوە
ئەو ئاوازی عەشقە
ئاوێتەی ئاخم بووە
حەز ئەکەم بگەمە ئاخت
تا بیخوێنمەوە
ئەگەر نەتوانم بگەمە ئاخت
حەز ئەکەم
ئاخی تۆ ڕاکێشمە ناو ئاخی خۆم
ڕەنگە ئاوێتە بین
ئەوسا بزانی
چەندە عاشقی تۆم

# پرسیار

ویستم لێت بپرسم
بۆ چی هێندە خۆشەویستی؟
بۆ چی هێندە خۆشم ئەوێی؟!
کاتێ زانیم ،ئەم پرسیارە
وەڵامەکەی زۆر دژوارە
چونکە هاوسەرەکەم
زۆر بەی ڕۆژان ئە پرسێ لێم
بۆ چی ئەمەندە خۆشم ئەوێی؟!،،،

# دووریان

له دوڕیانێکدا
به جێت هێشتووم
زۆر ڕا ڕا و بێ ئارامم
نازانم ملی کام ڕێگا بگرم؟،،،
زۆر سەر سامم
بۆیه لۆمەم مەکه
ئەگەر هێشتا نەگەیشتووم!،،،

# ڕازی دڵ

له نێوان بێ دەنگی و ڕازی دڵگووتن
چی هەڵبژێرم؟!،،
که لەو چاوانەت تێر ئەڕوانم
زۆر دڵخۆش و شادمانم
که لێو ئەجوڵێنی زۆر ئەترسم
هیچ ناوێرم
به گوێم ووشه گەلێك ئەبیستم
نا حەز و نا پەسەند
له تۆی خۆشەویستم
دوورن له عەشق و ئەوین
لەو لێوانەوه دێنەدەر
وەك دەستەواژە
که چی سەرنج ئەدەم
له چاوانت
له پەیامی نیگاکانت
جۆرێکی تر
به من ئەدەن ئاماژە

# وەسیەت

وە سیەت بێ
ئەگەر دڵم لە لێدان کەوت
بۆ بوژانەوەی
هەرگیز کارەبام لێمەدەن
با ئەو خانمەی عاشقیم
شەرمن- شەرمن
سەرپە نجەکانی لە سەر
هەر شوێنێکی جەستەم دانێ
کەبێ جوڵە و بزوون
ئیتر هەست ئەکەم
گەرمایی دێتەوە
لاشەی سارد و سڕم
من هەست بەو پە نجانە ئەکەم
کە ناسك و گەرمن
پڕ لە تەزوون

# ژیان

له ژیانت  بێزار مەبە
حەز مەکە لە مردن
کە تۆ بۆ خۆت
نیگای چاوت
پەیامی ژیانێکە
من بەو پەیامی
عەشقی تۆوە
ئەژیم – نامرم

# وەرزش

من  کە لە وەرزش ماندوو ئەبم
هەناسەی قوڵم  پێویستە
حەز ئەکەم هەناسەی تۆ هەڵمژم
ئاخر ڕۆحی من
بە هەوایەك ئاشنایە
پاك و بێگەرد و تەمیز
بگاتە ناخی قوڵم
کە بە عەشق خۆش کرابێ
وزەی ژیان
ئەبەخشێتە سەرتا پای  باڵام
ئیتر من نامرم
هەرگیزا و هەرگیز

2009\6\9

# تاقانەکەم

ئەی هاوسەرە شیرینەکەم
ئەی خۆشەویستە دێرینەکەم
دوات ناکەوم
وەك ئەو کەسەی
جوانیێکی دیبیٚ وحەز بکا
پیٚی بگا
دوام مەکەوە وەك ئەوەی
منداڵیێك لە گەورەکەی بەجیٚمابیٚ
حەز بکا پیٚی بگا
وەرە لە هاوشانی یەکتر بڕۆین
بزانە قسەکانم
باسی چی ئەکەن
با منیش گویٚ ڕادیٚرم بۆ قسەکانت
ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە
قسەیەك لە نیٚوانی دوو کەس کرا
هە ردوو تیٚی بگا
خۆشە ئەگەر
پیٚش بڕکیٚ بکەین
کام لوتکە بەرزە
بۆی هەڵکشیٚین
کیٚ ئەتوانیٚ
زووتر پیٚی بگا

# خۆ کوشتن

( من ) ئەمرۆ بڕیارمدا
( خۆم ) بکوژم
من ئەزانم کە خۆم کێم و چیم!
ئێوە هێشتا نامناسن
تەنها بە سیما و ڕوخسار
بالاَو جل و قسەی گەورەی
ئێستا و پار وپێرار
دەم ناسنەوە
کەس نازانێ!
حەزم لە تاریکی یە،
یان ڕۆژ پەرستم
خۆم لە چی کەوڵێك پۆشیوە!
ژەهرم خواردووە یان مەیم نۆشیوە!

* * *

# هەر من ئەزانم

کە لەخێزانەکەم  ماڵئاوایی ئەکەم
خۆم خولیایەك  سەر هەڵ ئەدا لێم
لە کۆڵانە  پێچا و پێچەکان
لە کۆڵانە ناڕێکەکانی
ئەم بەر و ئەو بەری شار
وەك  دزی نیوە شەو
کە سەگ  و پشیلە و باڵندەش بە دەرەوە نین
ئەو کاتانە بۆم ڕێك بکەوێت
خۆم بکەم بەماڵی ژنێکی سووکداو
بیگەوزێنم و ماچی بکەم
کەلە تۆش جیا ئەبمەوە
لە کۆڕێکی تری دانیشتن
دەکەومە گیانت
هەرچی چاکە و پیاوەتیت  هەیە
وەك  شوشەی پەنجەرە
ئەی شکێنم
ئەی ڕوشێنم
ساغی تیا ناهێلم
هێندەت زەم ئەکەم
من  کە شیعری شاعیرێك  ئەخوێنمەوە
لەماناکانی ورد ئەبمەوە
هەستم  ناسك  ئەکا

عەقڵم پاراو ئەكا
لە ناو دەریای ئەوین
هەموو گیانم مەلە ئەكا
ڕقەكانم ئەتوێنەوە
حەز ئەكەم ببمە قوربانی هەمووتان
ئێوە پەرست ئەبم
خەڵك پەرست ئەبم
كە چی خۆم لێم ئەگۆڕێ
خۆم لێ ئەبێ بە دارتاشێك
دارەمەیت بۆ هەریەكەتان دروست ئەكا
نزای مردنتان ئەكا
من بۆ یە خۆم ئەكوژم
كودەتا ئەكەمە سە رخۆم
چونكە منی پاك
نامەوێ تێكەڵی خۆمی پیس بم
ئەو حەز لە ژنەكانتان ئەكا
ئەو ئێرەییتان پێ ئەبا
ئەو پیلانتان لە دژ ئەگێڕێ
ئەو نا حەزتان بۆ ئەنێرێ

2009\8\5

# ڕێــگــــا

**من و ڕێگا، یەکمان ناسی**
**من شارەزای گشت پێچ وپەناو**
**پرد و شاخ و دۆڵ و دەشتی بووم**
**قوژبن بە قوژبن**
**ئەشکەوت بە ئەشکەوت**
**تیایا دانیشتووم و گورگە خەوم تیاکردووە**
**لە بن گشت دارێکی قەراخ ڕێگا**
**ماندوو بوونم شکاندوە**
**گشت باریکە ڕێیەکانی**
**ڕێگام بە یەکەوە گرێداوە**
**چەند کانی و ئاوی ئەم ڕێگایەم تووش هاتووە**
**میوانداریم کردوون**
**لە وەتی پێم ئەڵێن گەنج**
**شەو بێ و ڕۆژ بێ ڕێم کردووە**
**چونکە پێشمەرگەم**
**ئەم ڕێگایەش**
**منی خۆش ئەوێ**
**ئەم ناسێتەوە لە نێوانی سەدان ڕێبوار**
**خوێنی برینەکانم وەکو خاڵی**
**سەر گۆنای کچە ئازە بە ئەکوتێ**
**ئەیکا بە نیشانە**
**من و ڕێگا یەکمان ناسی**

ئەو بە ناوبانگە بە نەبڕانەوە
سەخت و دژوار
منیش ناسراوم بەبێ ووچان
ماندوو نەناس
پشوو درێژ
بووین بە دوو هاوڕێ تێکەڵ بە یەك
ڕێگا شارەزایی زۆری هەیە
لە سروشتی ئەم ژیانەم
لە برسێتی و سەرما بوونم
لە تینوێتی ناو گەرمای هاوین
لە دوری یار و ئازیزانم
چەند دڵتەنگ بووم
لە تورە بوون و قین و رقم
کە بەگژ دوژمندا ئەچم
ئەو پشتی گرتووم
گەر تەنها بووم
ئەم پێی گوتوم : ئەم قۆڵەم بگرە
ئەتباتەوە لای هاوڕێکانت
پێم ئەڵی : لە باوەشم خۆت حەشاردە
نەك بەعسیەکان بتدۆزنەوە
من هەرگیز ئەوانم خۆش نەویستووە
ئەوان چاوی کانییەکانم کوێر ئەکەن
قژی دارەکانم ئەبڕنەوە
ئاگر بەر ئەدەنە گیای سەر جەستەم

بۆیە هەموو کات وێڵیان ئەکەم
ڕێگا هەموو کات دڵنیام ئەکات
ئەتپارێزم وبم پارێزە
با دوژمنان لە یەکمان نەکەن
من پێشمەرگە ئەگرمە باوەش
پێشمەرگەش گۆرانی ڕێی خەباتم
بە دەنگێکی خۆش بۆ ئەڵێ
(( ڕێی خەباتمان چەندە سەخت ودوور بێ
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێ
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لا نادەین
ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین ))
1991\6\26 چەمچەماڵ _ پیریادی

# هاوڕێی شەهید

ئەی هاوڕێکەی ناوڕێگای خەباتم
ئەی پێشمەرگەکەی گەل وولاتم
هەتاکو دوێنێ تۆ لە ناومان بووی
تۆ هەمیشە لە بەر چاوەمان بووی
بۆچی ناتبینم جێگات چۆڵ بووە
ئەڵێن عاشقی خـــاك وخۆل بووە
خوێنی برینت تێکـــەڵ بــە خاکە
لە شەوی تارا چرای ڕونـــاکـــە

# دڵت بردم

دڵت  بردم. ،شێتت کردم
هێندەت  زانی-لە سوێت مردم
تینوی نیگای چاوەکانتم
چاوەڕوانم ئاخۆ کەی دێی
چاو لە سەر ڕوخسارت دانێم
کە من هەرگیز تێر نابم لێی
فێرم کە چۆن لە بیرت کەم
یاخود وەرە  دەست گیرت  کەم
ڕزگارم  کە لە ڕا ڕایی
- بم خە سەر ڕێی  دڵنیایی
چونکە لێم جیای- تۆش بە تەنهای
بەس نازانم چەند بە وەفای
خەیاڵت داگیر کردوم
من بەرگەی دووریت  ناگرم
لە عەشقت چاو پڕ ئەسرینم
لە دووریت  دڵ پڕ ئاگرم
ئەتۆش تەنهای – لە من جودای
بەس نازانم چەند بە وەفای

2010\3\21_ کەرکوک

# وەلاّمێك بۆ( ( سمير صبيح ) )ی شاعیری عێراقی

ئەی ئەبو جاسم
بەو چاوە ڕەشەت
کە بەعسی یەکان بۆیان ڕشتووی
دنیای تازەش بە ڕەش ئەبینی
تۆ هێشتا باش نەت دیوم
بەجوانی نام ناسی
ئەزانم سواری وشتری بەعس بووی و
لە بیابانی خواروو
بە لۆژە لۆژ دێی هەر بەدووی پیّ خواسی
بەعس هەڵەبجەی کوشتووە
چاوی تۆی ڕشتووە
سەر هەڵ بڕە
لە سەر چیای وولاّتەکەم
لە ناو ئالاّی وولاّتەکەم
ڕۆژ ببینە
هەڵەبجە پیرۆزە وەکو قودس
بۆ تۆ نی یە بێیتە ناوی
یان بە سوکی بکەی باسی
تۆ یەهودای؟
وا لە هەق دووری
بیّ ویژدانی خوا نەناسی
( ( ئەڵێی وەك یوسف ئە یخەمە بیرە نەوتی کەرکوکەوە

نه درەبەستی یوسف دێم
نەوام لە خەمی کراسی )).
پیلان بۆ برا دا ئەنێی
یوسف ئەکوژی
کە ئەبینی یوسف سەرۆك کۆمارە
بۆیە وار ووگرژی
تۆ ئەمە پیشەتە
ڕەفتاری ڕەگ و ڕیشەتە
بەلاّم گویّ بگرە و باش بزانە
ئەگەر نەکەری نەکاسی
من دەست بەرداری کەرکوك نابم
خاکی خۆمە
باوە گوڕگوڕ
دەریای خۆمە
بورکانی خۆمە
سەری سەدانی وەك تۆی پیّ ئەکەم شۆڕ.
تۆ بڕۆ لە دەریای مردوو
تۆڕت هەلّدە بۆ ڕاوە ماسی
من ئە مجارە دیّمەوە گۆڕە پانی شەڕ
شەڕی دەنگدان و
هەلّبژاردنی نوێنەر
لە جاران زیاتر پڕ بیر و باوەڕ
ئە مجارە ئەکەومە خۆ
بۆ گیانی تۆو ئەوانەی وەك تۆ

ڕوو ئەکەمە ئەنباری تۆ
وولاٚتی پان و پۆڕی تۆ
بە پاکی و مێرخاسی
ئەڕوخێنم بتی بەعسی و فاشی
دەمی تۆش وا دائەخەم
هەتا ئەتاسی
سبەی ئەبینی
تاوانکارانی هەڵە بجەی شەهیدم
ئەوانەی تۆ پێیان ئەنازی
لە بەردەرگای ئاشتی و دادوەری
چۆن بە پەتەوە هەڵمان واسی
ئەوسا ئێمە ئەکەین شانازی
ئاوەدانی و خێر و خۆشی
دێنین بۆ شار و گوندی خواروو
بۆیان ئەبەین پەیامی
مافی مرۆڤ و دیموکراسی
وەك سەلاحەدینیش
قودس ئەکەینەوە دیاری
بۆ گشت کۆلاٚنەکانی عەرەب نشین
ئەو سا بڵێن کاکە حەمە
(( انت علی راسی ))

تاسلوجە 2010\1\26

# تۆ نازانی

تۆ نازانی چەند تامەزرۆم
هەر بەرامبەرت دانیشم
سەیری نیگای چاوانت کەم
هەتا سپی دەبێ ڕیشم
*****
تۆ نازانی ئەم عەشقەی من
چ دەریایێ بێ سنورە
ئەگەر نە ژیام و بۆت مردم
لەم گوناهە لێم ببورە
*****
تۆ نازانی حەزەکانم
وا لە ڕادەی خۆی دەر ئەچێ
ڕۆژی سەد جار قوربانت بم
تا عومرم بۆت بەسەر ئەچێ
2010\4\4

# لێم مه پرسه

لێم مه پرسه بۆ خەمبارم
بۆچی زوو پیر بووم
پیری دەستی جوانی تۆم و
لەلات ئەسیر بووم
یەکەم شەڕی چاوەکانت
منی گیرۆدە و ئەسیر کرد
تیری چاو و ئەبرۆت سەختە
منیان هەر بەگە نجی پیر کرد
لێم مه پرسه بۆ بێدەنگم
بۆ چی وا له دوور وەستاوم
گڕی عەشقت زۆر بەتینە
هەر لێرەوە بۆت سووتاوم
بەخەندەکەت، نیگای چاوت
من لەم خەمە پاك ئەبمەوە
بەماچێکی تەڕی لێوت
وەکو گە نجیم چاك ئە بمەوە
ئەگەر هەڵسی تۆ بێیتەلام
بۆ تۆ چاوەڕوان ئە بمەوە
بە هاتنت شادمان ئەبم
بە ماچێکت جوان ئە بمەوە 2011\8\6

## چۆن پێی بڵێم

چۆن پێی بڵێم – چۆن پێی بڵێم
خۆشم ئەوێی بە دڵ و گیانم
خەریکە سوێم ئەبێتەوە
چۆن پێی بڵێم ئەی ژیانم
کەی پێی بڵێم؟ ئاخ نازانم!
ڕازی زۆرم لە دڵدایە
بۆ ووتنیان ڕۆژ ئەژمێرم
دەتبینم دێم باسیان بکەم
زوبانم ئەبەسرێ و ناتوانم
دێم پێت بڵێم خۆشم ئەوێی
سەیرت ئەکەم بە تاسەوە
کام ووشە جوانە دای ئەنێم
لە پێشەکی ئەم باسەوە
ئەترسم بڵێم خۆشم ئەوێی
ئەم ووشەیە بۆ تۆ کەم بێ
کە دەریایەك لە دڵمایە
چۆن یەك و شەم لە سەردەم بێ
دڵنیام تۆش هاو شێوەی من
چاوەڕوانی من پێت بڵێم
حەز ئەکەی زوو لە یەك تێگەین

**تۆش ناوێری شەرمەکەی لێم**

**یەکەم جارمە کە عاشق بم**

**نەمزانی ئاگر و کڵپەیە**

**هەردەمێك کە تۆ ئەبینم**

**بەشی دڵم  هەر خورپەیە**

**تاسلوجە** _ 2010\8\7

# گوڵەکا نمان

تۆ وەرە با منیش بێم
ئەم  دیوارە  بڕوخێنین
ئەم  بەستەڵەکە بشکێنین
پردێ دروست  بکەین
تۆ گوڵەکانی خۆت  بهێنە
منیش گوڵەکانی خۆم
بیانکەین بەچە پکێ

# عاشقم

من عاشقێکی سەرشێتم
هەمیشە وا لەسەر ڕێتم
دێوانەی ئەو دوو چاوانەم
قوربانی خاکی بەرپێتم
بۆ ناگونجێ و بۆمان نالوێ
ئاشکرا یەکمان خۆش بوێ
لەم دوری یە سوێم بۆتەوە
دڵ خەمبار بێ چاوچۆن ئەنوێ
نە نامەیەکی دڵداری
نە گفتێکی سەرزاری
بە من ناگات چۆن شێت نەبم
بۆچی قاچاخە دڵداری
نیمە هاوڕێ نیمە هاودەم
بە عەشقت ژین بە سەر ئەبەم
هێندە ناوی تۆ ئەهێنم
ئەترسم دینم لە دەست بدەم

2010\9\13

# کەرکوکەکەم

ئەی بالا بەرز ئەی تازە بووك
ئەی نازەنینی ئێسك سووك
وەرە بۆ مانگی هەنگوینمان
بچینەوە شاری کـــــەرکوك
کەخۆر هەڵدێ لای جەوەڵ بۆر
کـــــە ئەدا لە شارزەردەی خۆر
تێر بڕوانین لــــــەم دیمەنە
ئارام ئـــــەبێ دڵەی ناسۆر
لە سەر قـــــەڵاوە بڕوانە
شاری کەرکوکمان چەن جوانە
لـــــە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ
قـــــەڵا جێژوانی عاشقانە
تێر بڕوانین بۆ زێی خاسە
دەرمانی دڵـــــەی کەساسە
وێنەی یادگاریمان بگرین
لـــــە ژوور سەرتا هەڵی واسە
ئاگری عەشقی بابا گوڕگوڕ
عیشوە ئـــــەدا بە کچ و کوڕ
خوایە کەرکوکمان ئاواکەی
خاکی زێڕە و مەرجان و دووڕ

2012\9\8

# بۆ ژنە خۆشەویستەکەم

ئەی هاوسەرەکەی شۆخ  و سەنگینم
ئەی شاگوڵەکەی جوان و ڕەنگینم
تـــــۆی دڵڕفێن و یـــار و دڵبەرم
بە عەشقی تۆوە زۆر بـــەختەوەرم
تۆ تـــاکە گوڵی ئەتدەم لە یەخەم
عەشقم بـــە تەنها بۆ تۆ دەر ئەخەم
هەر تۆی شـــا پەڕی باڵی خەیاڵم
ئارامــــی دڵمی و کابانی مــــاڵم
هیچ  باوەڕ مەکە هیچ  ژنێکی تر
لەلام خۆشەویست  بێ لە تۆ زیاتر
هیچ کەس ناتوانێ دڵم داگیرکا
شۆخی  وجوانی  تۆ لە لای من  پیرکا
لە نجە و لارەکەت هەنگاوی نەرمت
خەندەی  سەر لێوت نێو نیگای گەرمت
بۆ من ئـــــاوازی  عەشق و ئەوینە
گۆرانی یەکانم بۆ تۆی  شیرینە
هەتاکو مردن دەست لە دەستی  تۆم
خودا ئەزانێ شێت  و مەستی تۆم
ئیتر بابەس بێ بەد گومانی تۆ
ئەم گیان و دڵەم  بە قوربانی تۆ

تاسلوجە 2010\9\8

# نەبوون

ملوانکەیەك لە مل بکە
دەنکەکانی مرواری بێ
مەڵێ بەنرخە و پێم ناکرێ
ئەو لە ملی تۆ نەبێ
بەهای نی یە
دیوانە شیعریەکەم ئەزبەرکە
مەڵێ زۆرە و پێم ناکرێ
و شەو شیعرم بۆ تۆ نەبێ
مانای نی یە

# پەنجەرە

ئەو پەنجەرەیە دامەخە
کە دەڕوانێتە باخچە
گوێ لە ئاوازی بولبول بگرە
ئەو حەزدەکا تۆ دڵخۆش بکا
ئەگینا لەو شیوەن و ناڵینە
بولبول خەتای نی یە

# گۆڕستـان

له گۆڕستاندا پیاسه دەکەی
شیعری کێلی کێت لا پەسەندە
دەینوسیەوە
دیوانێکی مردوانت کۆ کردەوە
یەك تاکە شیعرت دیاری نەکرد
لە سەر کێلەکەت بنوسرێتەوە
ئەوەندە حاڵی بووی ئەم دنیایە
وەفای نی یە

# کەرکوك  دڵی من

کەرکوك پڕ لە ئاگر و ئەڤینە
لەجەوەڵ بۆرەوە تا بابا گوڕگوڕ
تا حەمرینی بەرزە فڕ
دەشتی گەرمیانە
باخچەی  دڵدارانە
لە نەخشەی دڵی مندا
چەند بگەڕێی
هاوتای  نی یە

2010\9\8

# جیاواز

وا مەزانە گەر نەتبینم
وا زوو لە بیر ئەچیتەوە
خوا شاهیدە لە ناخمدا
هەموو ڕۆژێ ئەژیتەوە
تەنها خەمێك كەمن هەمە
هەتادێ من پیرترئەبم
بەم حاڵەش هەر لە بەر چاو من
هەتا دێ جوان ئەبیتەوە

# باوەڕ

من چۆن باوەڕ بە چاوی خۆم بکەم
کە تۆ ناسکی وەکو گوڵ
ئەی ئەم هەموو پشکۆ ئاگرە چی یە
پەڕەی دڵمی پێ ئەسوتێنی
چۆن باوەڕ بە دڵم بکەم
کە تۆ ئارامی و ئۆقرەییت
کەچی هەموو شەوێك لە چاوەکانم
خەو ئەتۆرێنی
ئەی چۆن باوەڕ بەتۆ بکەم
کە منت خۆش دەوێت
ئەی ئەم هەموو خەم و ئازارە
چی یە ئەیهێنی
ئەی چۆن باوەڕ بە خۆم نەکەم
کە تۆ تاکە خۆشەویستی
ئەی ئەم هەموو شیعرانە چین
بۆ عەشق و جوانیت دەیان نوسم

# مۆری دڵ

هەر شیعرێکیان خستە بەر دەستت
بە نیگای قوڵ سەنج بدە
ئەگەر هێمای چاوو برۆی
تۆی تیانە بوو
سەیری مەکە
ئەگەر ئاوازی دەنگ و سەدای
تۆی پێوە نەبێ
گوێی لێ مەگرە
ئەگەر مۆری دڵی منی پێوە نەبوو
ئەوە ساختەن
وەریان مەگرە

# من و ئەوان

هەموو کەسێ گوڵی لا جوانە
هەموو کەسێ گوڵی خۆش دەوێ
من بۆیە بەیانی زوو زوو
لەخەوی شیرین هەڵدەستم
تاکو ئاونگی سەر گوڵەکان
تێر تەماشاکەم
چونکە ئاونگ گوڵ جوان ئەکا

# حەبیبە

ئێوە نالی شاعیرتان خۆش دەوێ
سەر سامن بە بەهرە و شیعرەکانی
من لە ناو شیعرەکانی ئەودا
زۆر ژیاوم
حەبیبەم خۆش دەوێ

2010\9

## سەیرە

لاتان سەیر نی یە
کاتێ جلەکانی مرۆڤ بە تەنافەوە هەڵئەواسن
تا وشك بێتەوە
لە بەر مرۆڤی دائەکەنن
کەچی هەر ئەو تەنافە کە مرۆڤەکەی پیا هەڵئەواسن
تا وشك بێتەوە
جلەکانی هەر لەبەر دایە
من وا تێئەگەم بۆ ئەوەبێ
مرۆڤ عەییەکەی دیار نەبێ
ئەی ئێوە ئەڵێن چی؟

2012\5\1

# کەی

کەی تۆ هاتی گوێت لێ نەگرم
پشت گوێت بخەم
هەر بە تەنها خەونەکانی خۆم سەربخەم
کەی تۆ هاتی باسی عەشقم لەلا بکەی
گوێت لێ نەگرم
کەی تۆ هاتی خەندەکانت لێ وەر نەگرم
کەی تۆ هاتی داوای دڵت لێکردم
من نەمدا پێت
کەی تۆ هاتیت تێپەڕیت و
من بە ئەنقەست نەهاتمە سەر ڕێت

# شێتخانە

شێتخانە
قوتابخانەیەکە
گشتمان تیایدا ئەخوێنین
هەر یەکەمان لە قۆناغێکداین
شێتخانە
قوتابخانەیەکە
هەر یەکەمان شەیدای بابەتێکین تیایدا
بڕوانامەکان بێ ئیمزان

# جوانی

تۆ خۆت  جوانی
کە تورە دەبی جوانتر ئەبی
کە ناز و تورەبوونت تێکەڵ دەکەی
زۆر جوان و شیرین ئەبی
کاتێ خەندە ئەکەی بە سەر ناز و تورە بوونت
زۆر جوان و شیرینتر ئەبی
کە لەتورەبوونی خۆم
سەیری ناخی خۆم ئەکەم
ئاخ  ناشیرینم

# حەز

حەز ئەکەم
هەرکاتی کە دێم
هەر تۆ دەرگام لێبکەیتەوە
گرنگ نی یە لەلام
کەسێکی تر لێم دا بخات

# ئاوێزان

کێ ئەڵێ
شەو تاریکە
بابێ لەچاوی منەوە سەیری بکات
کێ ئەڵێ
عەشق گوناهە
بابێ لە جوانی تۆوە سەیری بکات
ئاخ خۆزگە
چاوی من و جوانی تۆ
هەمیشە ئاوێزان ئەبوون

# درۆ

دوێنی پیاوێکی پیرم دی
درۆیەکی کرد
گوتی عەشقی دڵبەر پیری کردم
کە چی من
بە عەشقی تۆ جوان بوومەوە

# کۆپلە شیعر

**عەشق ئەو شارەیە**
**کە ئاوی ژیانی تیایە**
**هەرکەس بە جێی بێڵی**
**مردووە**
*****
**بەختەوەری**
**بەهەشتێکە**
**وا لە دۆزەخی عەشقا**
*****
**سەیرە**

**پێم سەیرە**
**بە ڕۆژ سەیر ئەکەم**
**هەرچی ئەبینم**
**بە شەو لەخەودا**
**ئەیان بینمەوە**
**کەچی ئەوەی لە شەودا ئەیڵێم**
**بەڕۆژ نازانم چیم گوتووە**

**وێڵی**

**وێڵ و سەرگەردان بووم**
**وون بوو بووم**

قیبلە نومای عەشقم  بە كارهێنا
ئاراستەكەی  ڕوو لە تۆ بوو
كە تۆم  بینی
خۆم  دۆزیەوە

## ڕێگا

ڕێگا دوورە
گرنگ نی یە لام
ڕێگا سەختە
گوێی نادەمێ
ڕێگا  پێچە وپێچە
باكم نی یە
گرنگ بۆلای تۆ دێ

تۆ لە كوێ  بی
بۆ من ڕۆژ هەلآتە
من  هەمیشە
ڕووە و خۆر ئەچم

## پێشکەشە بەگیانی پاکی دکتۆر سەباح

# کۆچی پەپولە

لە پێش هاتنی وەرزی خەزان
دوور لە سامی ڕەشەبا و زریان
لە ناو باخی پڕ لە گوڵا
لە تەك بولبولی سەرچڵا
هەڵفڕی پەپولەی من
کۆچی کرد دکتۆری من
کەسم نەما دەرمان نەما
کێ تیماری کا
دەرونی پڕ ناسۆری من
گوڵەکانم تەنها ماون
مات و خامۆش
لە ئاهەنگی سەری ساڵا
کز و ڕەش پۆش
پەپولە ڕۆیی دوا کۆچی کرد
چیتر زەماوەند دروست نابێ
گوڵ سوێندی خواردووە
چیتر عەشقی پێویست نابێ
هەڵفڕی پەپولەی من
کۆچی کرد دکتۆری من

چوار دەورم ڕەش و تاریکە
چیتر دەرناکەوێ خۆری من
دکتۆرەکەم پە پولەکەم
بینابیم کوێرە هەڵنایە بە کەس
تروسکە ڕوناکی بەدی ناکەم
دڵم تاریکە و بێ چرایە و بەس
تۆ دکتۆری جەستەم نەبووی
تۆ بە ڕۆحم ئاشنا بووی
تۆ دەرمانی خەمەکان بووی
تۆ وەك بەهار
تاوێك خۆر و تاوێك باران بووی
تۆ گیان بەخش بووی تۆ ژیان بووی
بۆ سووتاوان ـ بۆ بریندار
بۆ نەخۆش وجەستە بیمار
بۆپیر ولاو بۆ ژن و پیاو
بۆ دڵشاد و خەمبار و داما و
بۆ بێوە ژن بۆ هەتیو
بۆ گشت کەسێکی خێر نەدیو
بۆ بێکەسانی دەر بە دەر
بۆ لێقەوماوی قوڕ بە سەر
بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ
تۆ پێویست بووی
تۆ لای هەموو خەڵکی
هەر وەکو خۆر خۆشەویست بووی

چی بکەین لە ناکاو دەستی قەدەر
تۆی لەم ژیانە بردەدەر
ئارام گرتووی گۆڕستانی
پە پولەیەکی کوردستانی

# خەون و خۆزگە

خۆزگە سەد خۆزگە
منیش وەك ئەوان
وەكو هەر هەموان
لە ناخی خەونی شەوان
كاتیٚ خەوەكەم زۆر شیرین ئەبوو
خەویٚكم ئەدی
خەویٚكی خۆش و بەتام
شاپەڕی باڵی فڕینم
وەك  باڵداریٚ ئەی بردم و ئەی هیٚنام
لە جۆلانەی  فڕیندا
تاویٚك ئەبووم دلاٚرام
خۆزگە منیش ئیٚوە ئاسا
خەویٚكم ئەدی بە یارەوە
ئەو خۆشەویستەی كە نەم ئەتوانی
تیٚر بیبینم
تیٚر بۆنی بكەم
تیٚر بیدویٚنم
تیٚر ماچی بكەم
تا مەزرۆی بووم
لە یەكەم جارەوە
خۆزگە  پاش كۆچی نەگەڕاوەی
جاریٚكی تر لەخەویٚكا

ئەمدی بە ژن و بالآکەی
تەنها ئاواتم یەك خەوێکە
کە بتوانیٚ پێم پیشاندا
بزە و خەندە و پێکەنینی
یاچاوی پڕ فرمێسك و گرینی
من بەس بیبینم
باخەویش بیٚ پێی شادمانم
چونکە بێجگە لەخەو زۆر مەحاڵە
جارێکی تر بیبینمەوە
من بەس بەخەو ڕێگام پێدراوە
دایك و باوك و
دەزگیران وئامۆزاکەم
یەك ببینین
بەلاٚم ئاخ کە بیٚ چارەم
وەك ئێوە نیم خەو ببینم
من تەنها بە ڕۆژ
لەجیاتی خەوی شیرین
هەموو ڕۆژیٚ
دوو جارە و سیٚ جارە
ژنە سواڵکەر و منداڵە بێناز و بێداڵدەکان
بەر دەرکەم لێدەگرن
بۆ نان و خۆراك
بۆ پارە و پۆشاك
هەموو ڕۆژیٚ دەیانبینم

بۆ چەند جارێك خۆم  شاردەوە
دەوازم لێ بێنن
بەلاَم هەر كاتێ چاو هەڵدەبڕم
چەندین جاری  تر
لە گشت لاوە ئەیانبینم
ئەمانە خەوەكانم ئەزڕێنن
جێگای خەونەكانم ئەگۆڕن
شوێنیان پێ چۆڵ ئەك

# بۆنی خاك

**پێشکەشە بە گیانی پیرۆزی شەهید ئاوات**

**بۆنی خاك دێ**
**بۆنی خاك دێ**
**ئاخۆ نەورۆزە.....؟ خاکە لێوەیە؟**
**یان خوێن جمانە؟**
**بۆنی شەهیدە..... خەنە بەندانە؟**
**لە بناری سورێنەوە کە سوور هەڵگەڕاوە**
**مەنگی خوێنە و خرۆشاوە**
**دەریای مەنگە**
**شە پۆڵەکانی هێواش هێواش بەرە و کەنار**
**بۆنی مەرگی تۆی بە قژ ڕنینی نێرگزەوە**
**بۆ قەلاّی شار هێنایەخوار**
**زۆر لە مێژە ئەم وولاٍتە**
**دەست ئەنرێتە بینا قاقای**
**کانی و ئاوی**
**زۆر لەمێژە ئەم وولاّتە**
**ئەسوتێنن جەرگی دەیم و بەراوی**
**زۆر لەمێژە ئەم وولاّتە**
**خا نمێکە زۆر شۆخ و شەنگ**
**بۆ برا و مێردی ئەنفال کراوی**
**ڕەشی پۆشیوە**

زۆر لە مێژە بۆنی بارووود و زامی کیمیایی
تامی بێکەسی پێ نۆشیوە
وەك چیا بێ هەڵۆ بێ
وەك دارستان بێ پڵنگ بێ
وەك دەریا بێ ماسی بێ
وەك چاو بێ نیگا بێ
وەك جێژوان بێ دڵدار بێ
وەك ڕێگا بێ ڕێبوار بێ
وەکو من وەکو تۆ وەکو ئەوان
دەروون پڕ ناسۆر و
خەمی جوداییش
بووەتە مەلی خەم
باڵی تاریکی بە سەر
نێرگسە جاڕمانا ئەوەشێنێ
هەتا ئێستاش... چیای سەرکەش
پڕ داڵاشە.... لانەی سیخوڕە
پڕ شەمشەمە کوێرەی تاریکستانە
ڕێوی فێڵ بازیش خۆی حەشارداوە
بەڕەش پۆشی ئەم وڵاتە پێ ئەکەنێ و
کلکی زەردی ئەلەقێنێ
ئەی هاوڕێکەم
کە پۆلە هەڵۆی بەرزە فڕی
نیگا پڕ گڕی ئەم گەرمێنە
چوون بەرە و لوتکە

بۆ ڕاوی ناو دڕك و داڵی
ناودامێن و قەد پاڵی
سورە وەبووی ناو پشكۆی ئاگر
گەیشتنە هەوار
تۆ پێشڕە و شارەزابووی
سواری ئەسپی مەرگ بوویت و
ئاوزەنگیت لێ بەست زۆر ئازابووی
ئەسپی مەرگ زەندەقی چووبوو
لە دوور وەستا و چیتر نەهاتە پێش
ئەیگووت ئەم كەڵە پیاوە ئەمترسێنێ
چەمۆڵەت نا بەسیمای هەڵبزكاوی مەرگەوە
قاقا پێكەنیت
هەگبەی زامەكانت تاوتوێ كرد
دوو زامی قوڵت دۆزییەوە
لە ناو زامەكانت ووشەی باوەت قۆزییەوە
ماچێكی هاوڕێكەت كرد و
حەسرەت مەندبووی مەرگ مەودات بدا
گوێت لەووشەی باوەبێ و
ووشەی باوەت لە دەم بێتەدەر
ووشەكانی ئەو زامانە گەڵێك زۆر بوون
بە كەست نە گووت
باوەشت كرد بە ئەسپی مەرگدا و خۆت پیا هەڵواسی
سەرسمتان ئەدا و ئەتلانەوە
تاتێكەڵ بە یەك بوون و بوون بە یەك

چوون بە ناخی سورێندا و لە بەرچاو وون بوون
گووتم سورێن
سوێندت ئەدەم
بە جۆشی پشکۆی ناو هەناوت
کە وەك شەهید بەرگی سوورە
خەڵتانی خوێنە
سوێندت ئەدەم
بە لوتکەی سپی بەر هەتاوت
کە وەك ئاشتی لێمان دوورە
کە وەك ئاشتی دەس پێی ناگا
کە وەك ئاوات کەس پێی ناگا
تۆ ئەم هەڵۆ نیگا تیژەت
بۆ نەگاتە لوتکەی ئاوات و ئاشتی
لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا
زامی سینگە بێ پاداشتی
گوتی مەخابن سەد مەخابن
چونکە من و دەستە خوشکە سەرکەشەکانم
ئەوەتا قەندیل ، سارا ، ئاسۆس
دابان، هەڵگورد. کاروخ و ئەوانی تر
جگەر گۆشەکانیان لە باوەشیان
ڕاکشاون بە ئارامی. زۆر بە کپی
منی هەناو سوری پڕلەخوێن
وەك پیرێژنی بە ساڵا چووی سەر سپی
هێندەم خوێن لەجەستەم چووە

پشتم باریك و كۆم بووە
ئاواتم بوو
ئاواتە ڕەشی خوازیاری ئاشتی و
ئاواتی لوتكەم بەیەك بگەن
ئەم دوو ئاواتەم دەست لەمل كەن
ئەم زەماوەندەم
پیشانی دالاش و ڕێوی كلك زەرد وەر بدەم
ئۆخەی من سەر بڵند و ئەویش سەروەر
ئێستا ئەزانم چی بۆ بكەم
لە لوتكەم بۆی داگرم
بەر دێ بۆ پەیكەر

چەمچەماڵ 1995

# سیاسەت پایزی جوانی یەکان

له دنیای خەونەجوانەکاندا بووم
گوڵم وەك خۆی ئەدی
کە جوان و بۆن خۆشە
بولبولی خۆشخوان
لای من عاشقێکی سەرمەست بوو
دەنگی باران ـ هاژەی ڕووبار
لای من سەمفۆنیای سروشت بوون
لای من جوانی و عەشق و گۆرانی
سێ کوچکەی بڕوای گشت مرۆڤێك بوون
ئایینی کۆنی مرۆڤایەتی یە
هەتا هەتایە و لە بن نایا
تەنانەت پایزیش جوانی ئەبەخشێ
کاتێ درەختەکان
لە دوای شەکەت بوونیان
بۆ وەرزی تازەی جووت بوون
جارێکی تر بۆ عاشقەکەی
ڕوت ئەبێتەوە
بای پایز کزە کزیەتی
ئاوازێکی خەمناك
بۆ تەنهایمان
تێکەڵ بە روحمان ئەکات
چۆن دابڕانیش عەشق زیاد ئەکات

خەونی نوێ دروست ئەکا

خەیاڵ ئەبا

بۆ ئەو سەری دنیا

زۆر دوور تر لێرە

بەرە و منداڵی

بەرە و تەمەنی ڕابوردوو

هەموو دیمەنە جوانەکانت

بۆ ئەخاتە شاشەی نمایشی تەمەنەوە

گیان ئەخاتە ناو جۆلانەی

عەشقێکی قوڵەوە

کە لەمنداڵی یەوە سەری هەڵداوە

هەموو شتەکان جوانن

یادەوەری یە تاڵەکانیش

ئێستا شیرینن

چونکە گیانی تۆڵە

لێرە وەك پەرلەمان

جێگا و کورسی بۆ دا نەنراوە

جوانی و عەشق گۆرانی دروست ئەکەن

عەشق پاکت ئەکاتەوە

ئەوەی لە منداڵی ڕقم لێ بوو

ئێستا هاوڕێمە و خۆشم ئەوێ

ئەوەی لێی داوم

بە شەق و زللە بە گریانی هێنام

ئێستا بەو کاتانە پێ ئەکەنین

ئەوەی ئازاری دام
ئێستا نوکتەی خۆشم بۆ ئەڵێ
ئەوەی یاری یەکانی لێ تێکدام
ئێستا ماڵەکەم بە ئەمانەت لای دائەنێم
ئەوەی جلەکانی پیس ئەکردم
ئێستا لە پێشوازیم ئەوەستێ
ئەوەی حەزم لە ئەتواری نەبوو
ئێستا شەوانە هاونشینی یەکین
هەموو ئەوانەی پایزە بوون
لە بەهاردا جوانەوە بوون
چونکە تێکەڵی عەشق وگۆرانی بوون
لێی دانەبڕان هەرچەندە رووت بوون
بەڵام ئاخ و سەد ئاخ
دنیای سیاسەت
دنیای پڕ ژەهر
پڕ درۆیە
بۆ ڕووناکی کار دەکەن
بەلام سەد چرا پف ئەکەن
بۆ ئاشتی کار دەکەن
بەڵام سەد شەڕ ئەنێنەوە
داوای هەمیشە بەهار ئەکەن
کەچی پەلکی دارستانێك ئەبڕن
جوانی ئەشێوێنن
عەشق ئەکوژن

کۆچ  بە گۆرانی ئەکەن
دنیا پڕ ئەکەن لە درۆ
دنیا پڕ ئەکەن لە بوهتان
دنیا پڕ ئەکەن لە تۆڵە
ئەمەش لەگەڵ دنیای
جوانی و عەشق و گۆرانی
نابنە هاوەڵ
نابنە هاوسێ
نابنە هاوڕێ
نابنە هاوسەر
نابنە برا
نابنەخزم
ئەوانە تەنها
هاوڕێکانیان
دووشت  فێربوون
پارە و دەسەڵات

2011_ تاسلوجە

# ئەنفال

هەموو ڕۆژێك ئەبینم
کۆمەڵێك ژنی ڕەش پۆش
هەورازەکەی کەلی ئاوایی
ئەبڕن و لەو بەرزی یە
دەست ئەنێنە سەر چاویان
دوور ئەڕوانن، ،دوور ئەڕوانن
تێر تێر سەیری خۆر ئەکەن
بە چاوی پڕ ئەسرینەوە
بە هەنسك و گرینەوە
چەند جارێك ئەکێشن
بە سینگ و ڕانی خۆیانا
شەکەت و ماندوو
برسی و تینوو
ڕەش هەڵگەڕاو
نا ئومێد و دڵشکاو
هێواش هێواش بە لۆژە لۆژ
دوای ئاوابوونی ڕۆژ
بەرەو ئاوایی ئەگەڕێنەوە
زامێکن هەموو ڕۆژ ئەکولێنەوە
هەموو ڕۆژێك ئەبینم
کۆمەڵێك لاو لە ژن وپیاو
لە دەرگای ماڵ چاوەڕوانن

به تیلەی چاو نەرم ئەڕوانن
تا ئەو ژنانەی ئەو سەری دێ
بێنەوە و بگەنەجێ
تاسە ئاوەکانی ئەمان وەرگرن
تینوێتی ئەو هەورازە
بە دەستی ئەمان بشکێنن
دایکەکان یەکەمین جار
وەکو پیشەی پار و پێرار
سەرەتا ماچیان ئەکەن
ئەو سا ئاوەکان نۆش ئەکەن
هەر جارەی ژنێکیان
لە پیرەژنەکان یەکێکیان
بە زمانی گریانەوە
بە جەرگی بریانەوە
ئەڵێ ئەگەر ماچی ئێوە نەبێ
ئاوەکە ئەم ماچەی پێوە نەبێ
هیچ ئاوێك ..هیچ ڕوبار وکانیاوێك
تینوێتی ئەم چاوەڕوانی یەمان ناشکێنێ
ئارامی بۆ دەرونمان ناهێنی
سەختە هەر خێزانێك
لەو دیوو ئەم هەورازەوە
یەك کەسێکی بۆ ما بێ
لەم جیهانەدا تەنها بێ
لە ژیانا بە تەنیا بێ 2013\3\16

# عەشق وخەو

عەشق وخەو لە چاوەکانەوە
ڕۆ دەچنە ناو جەستە و گیانەوە
ئەچنە ناخی دەروونەوە
مرۆڤ ئارام و ئۆقرە ئەگرێ
عەشق و خەو میوانی چاون
لە بەر دەرگای ئەو وەستاون
چاویش خانە خوێ
ناتوانێ فەرموو نەکا
دوو داگیرکەری خۆشەویستن
دڵ و مێشك ئەبەن گەر بیانەوێ
چاو لە هەقیان نایا
زوو مل کەچ ئەبێ
توند توند لە ئامێزیان ئەگرێ
ئەبێتە ئاوێنە
کە سەیری کەی باش ئەزانی
ئەوانی واتیا
عاشق دیارە بە چاویا
مەست و سەرخۆش
خەوالوو دیارە بە چاویا
مات و خامۆش
من لە وەتی هەم عاشقم
حەز لە بینینی چاوان ئەکەم

بەس خەوم نایا
خەو لە چاوم تۆراوە
ئەڵێ لەگەڵ عەشقا هەڵناکەم
لەم دوورەوە ئەوەستم
بەلام جێگایشی بۆ چۆڵ ناکەم
من زۆر حەز ئەکەم
پێڵوەکانم بە نیگای عەشق
قورس بن تادێ قورستر بن
لەم چاوەروانی یە بێ هودە ییەدا
دەرگا بە ڕووی دنیا داخەن
جێگایەك بۆ من ڕاخەن
بچمە خەوی قوڵی عاشقانەوە
تا لەخەودا
ئەسمەری خۆم
دڵبەری خۆم
لە جێژوان ببینم
هەردوو بە تەنیا
وەك دوو کۆترە شینکە
لە بەر تریفەی مانگە شەو
ماچ بگۆڕینەوە
شیعر بهۆنینەوە
ئەگەر لەو خەوەش هەڵنەستمەوە
باکم نی یە
ماوم یا مردووم

من له خەوێكی قوڵی
پڕ له عەشقی گڕاوی
ئارام ئارام
بۆ هەتا هەتایه
لێی دەنووم
2014\2\25 _ كەركوك

# ناو

له ناو دیوانی شیعری شاعیران
له کۆڕی گەرمی باب و باپیران
له دەم ئازیز و هاوڕێی خۆشەویست
ناوی زۆرجۆری له گولانم بیست
وەنەوشە و چنور مێخەك و شەوبۆ
بەیبون و رەعنا و نەسرین و هێرۆ
گولاڵە سورە و لالە و گوڵە باخ
سەوسەن و نازناز نێرگزی سەرشاخ
ناوم بیستن و له وەرزی بەهار
به ناویان گەڕام له ناو باخچەی شار
بۆ ئەو گولانە هیچ نەبووم شەیدا
هەتا ئەو کاتەی که تۆ بووی پەیدا
شێت و شەیدا بووم بۆ دوو چاوی تۆ
نەشم بیست بوو له کەس ناوی تۆ
تۆ لەو گولانە بۆنت خۆشترە
جوانیەکەت بۆ من زۆر به جۆشترە
ئێستا که بۆ تۆ هێند پەرێشانم
زۆر تامەزرۆمە ناوت بزانم

تاسلوجە _ 2012\12\20

## یەکەم ژوان

لە بیرمە
یەکەم جێژوانی دڵداریمان
کە یەکەم ماچی بۆ من تیابوو
لە لێوە ناسکەکانت
لە ناو تەنوربانێکی پڕ لە هیس بوو
لە بیرمە
یەکەم چەکی پێشمەرگایەتیم
کە یەکەم تەقەی کوردایەتیم پێ کرد
گوندێکی بچکۆلە بوو
ناوی باخچە بوو
کەچوومە ئەوێ
توژەڵە و ناوزەنگ
مەڵبەندی بیر و تفەنگ
جیهانێکی گەورەی
ئەو دیو سروشت بوو
نەك ئەو دیو سنوور
خەڵك لە ئاینێکی نوێی کوردایەتی
دەژیان لە دوور
کەس خەمبار نەبوو هەمووی دڵشاد بوو
بانگ دەرەکەی ئەوان ناوی فەرهاد بوو

2012\2\29

# ژن بە ژن

کاتێ کە هاتم
بۆ بینینی بووکێنی تۆ
وەك فریشتەیەك بەرن بۆ سێدارە
درایتە دەستی زاوای ڕەش
ئەویش کە بێ ئاگایە
لەو عەشقەی ئێمە دەسوتێنێ
ئەویش بەد بەختە و بێچارە
من نەهاتم تاکو دڵت خەمبارکەم
من نەهاتم تاکو خۆم شەرمەزارکەم
من نەهاتم تاکو فرمێسکت ببینم لە چاو
بەڵکو هاتم تاوانی براکەت ببینم
لە پێناوی خۆشی خۆیدا
ژن بە ژن ئەکا کە نەیماوە باو

2012\2\28 _تاسلوجە

# خۆپیشاندان

وەك پاڵەوانێك خۆم هاتە پێش چاو
کە یەکەم کەس بووم
لە بەرچاوی تۆ
خۆپیشاندانکەم دژی داگیرکەر
لە جێژوانی خۆپیشاندان
بۆلای خزمەکانی خەباتی شار
درەنگ گەیشتم نەکرامە ڕێبەر
دەیان کچی وەکو تۆ لەوێ بوون
ڕەنگ هەڵبزرکاو وەك گوڵی ژاکاو و سیس
قژیان هۆنیبووەوە
توندیان بەست بوو
وەك چنین و هۆنراوەی گوریس
دەم بە دروشم بوون لە جیاتی سوراو
چاو نەترس بوون
زۆر ئازا و بەسام
نەك من دوژمنیشیان کردبوو سەرسام
کە چومە شاخ
وام زانی یەکەم پاڵەوانی ناو ماڵ و
بنەماڵەی گەورەم
تفەنگ لە شان ڕێگام ئەبڕی
ماندوو نابووم
دەیان جاریش عارەقی نێو چەوانم سڕی

**لە سەرەوە**

**لە سەری سەرەوە**

**دەیان کیژم بینی**

**پێش من لەوێ بوون**

**چەند ساڵێکە**

**خانووی کوردایەتی یان سەرسواخ ئەدەن**

**ئەوان چەندین ساڵ پێش من**

**تەقەیان لە داگیرکەر کردووە و**

**ڕۆژانەش ئاوی باخ ئەدەن**

# تەمەن

زۆر تێكۆشام  و هەوڵمدا
زۆر ماندوو بووم و نەوەستام
هەرچیم  نەبوو بە دەستم  هێنا
بەڵام كە سەیری ئاوێنەم  كرد
ئەوسا زانیم گەنجیم لە دەستدا
لە هەردووتای كات  و تەمەن
تەرازووی ژیان وەهای  پیشاندا
هەرچیم هەیە ساتێكی گەنجی نەهێنا

2012\2\21

# تاوانبار

که تۆ کوژرای
من چەکداربووم
بۆ پاسەوانی ئاسایشی شار
وەکو عاشقێك
کە شەیدای یار بووم
من کە نەمتوانی
بەرگری لە عەشقێك بکەم
کە لە پێناویا شێت و هار بووم
بکوژەکەت هەر کەسێ بێ
من تاوانبارم

2013\7\21 _قەرەهە نجیر

# تـاوان

من نازانم بۆ چی خواوەند
یەکەم جار حەوای نەخولقاند
بەڵام دەزانم یەکەمین جەنگێك
کە مرۆڤ برای خۆی تێدا دۆراند
لە پێناوی عەشقابوو گورزی وەشاند

2012\2\28

# چاوەڕوان بووم

چاوەڕوان بووم ئازاد بکرێی
زەماوەندەکەمان سازکەین
زۆر دڵخۆش و بەختەوەر بین
بە سەر ئەم خاکەوە نازکەین
چاوەروان بووم دوای چەند مانگێك
بگەڕێیتەوە یەکجاری
درێژە بەین بەو ژیانەی
پڕە لە عەشق و دڵداری
چاوەڕوان بووم بە یەك شادبین
تۆ بێیتەوە شاری کەرکوك
بژین وەك دڵدار و هاوسەر
لەحەوشە و بانێکی بچوك
چاوەڕوان بووم بەرگی ڕەشت
هەمیشە ڕەنگین و سوورکەم
هەرچی یەك بێت پێی بلێن خەم
تۆی خۆشەویستی لێ دوورکەم

2014\2\25

# چاوی تۆ

**چاوی  تۆ  گەشتر لە ڕۆژ  بۆیە گەشە دڵی  من**
**من  ڕۆژ پەرست  نیم  سەیری چاوت  ئەکەم  گوڵی  من**
**باکم لە ڕۆژگارنی یە  هەموو  دنیا  بە شەو ئەکا**
**دڵ  لە جوانی مانگی  ڕووت حەز لە مانگە شەو دەکا**
**کە گوڵ  نەتوانی بەم  بەهارە  بشکێنی  تاسەم**
**بە بۆی  ئەو خونچە لێوەت گریَ ئەدەم  هەناسەم**
**قەد و بالای  تۆم  بینی وا چومە سەیری لاو لاو**
**ئەو چۆنی پەیدا ئەکا  دوو زولف  وپەر چەمی خاو**
**ڕێگای  شار و دیَ  ئەبڕم  ئەگەر شەوە  یا  ڕۆژە**
**بە دوای ڕووت  سەر گەردانم هەروەك گوڵە بەڕۆژە**
**تۆ لای من خۆشەویستی  و جوانترین گوڵی  دنیای**
**بەڵام لە بیرت نەچیَ لە خاکی کەرکوك ژیای**

2014\3\19

# گریان

خۆشەویستی دەریا نی یە
بەڵکو دەریا پێوانەیە
بۆ خۆشەویستی کە بێ سنورە
بەرزتر لە لوتکەی ئەو کێوانەیە
تۆ ئەزانی هەر کە دەگریت
فرمێسکەکانت خەمەکانت بە باد ئەکەن
ئەو کۆڵ و باری خەمەت بۆ سووك ئەکەن
منیش ئەزانم فرمێسکەکانت
خەمەکانم بۆ زیاد ئەکەن
بەڵام تۆ نازانی
هەر چەند جارێك کە تۆ ئەگریت
من دوو هێندە گریاوم
خۆیشم نازانم
لە خەفەتا چۆن ماوم

# من و دووڕیان

من دوو ڕیانێکم لە پێشە
ڕیگای عەشق و ئەڤینە
بۆ لای تۆ بێم خوا پێی ناخۆشە
پشتت لێکەم ئەم دڵەم نەخۆشە
بۆ لای هەریەکێکتان بێم
بەشی من هەر سووتانە

# دووەم جار

دووەم تەواو کەری یەکەمە و
دەرگایە بۆ سێیەم
یەکەم جار کە ناوت هێنام
حەزم ئەکرد بیڵێیتەوە
بیبیستمەوە من بەم گوێیەم
تا دڵنیا بم کە دەم ناسی
کە دووەم جار گوێم لێ بوو
ناوت هێنام
ئیتر من بۆ هەمیشە
هەر لێرەم و لەم جێیەم
خۆم بە نامۆ نازانم
خەڵکی ئەم شار و دێیەم
بەڵام کە ناوێرم پێت بڵێم
خۆشم ئەوێی
ڕێبواریکی ماندووم
لە هات و چۆی ئەم ڕێیەم
وەك میوانی ناوادەم
کاتێ لە دەرگات ئەدەم
نە ناسێکی حەسرەت کێشم
گوێ بیستی ووشەی کێیەم

2012\10\24 _ پەنجا عەلی

# خواست

من نامەوێ وەك مانگ و خۆر
بە دەوری یەك بێین و بچین
من دەمەوێ وەك دوو ڕووبار
یەك بگرین و تێکەڵ یەك بین
من نامەوێ لە دووری یەك
خەم بخۆین و ڕەش بپۆشین
من دەمەوێ دەست لە مل کەین
لە پەیکی لێو مەی بنۆشین
من دەمەوێ پەنجەکانم
تێکەڵ دەست و پەنجەی تۆ بێ
سەرنج و نیگای چاوانم
هەر بۆ لار و لەنجەی تۆ بێ
من دەمەوێ گوێیەکانم
پڕ بن لە سۆز و لای لایەی تۆ
با گیانیشم ئاسوودە بێ
بژێ وبمرێ لە سایەی تۆ

کەرکوك_2014\3\1

# دیاری بەهار

گوڵێکی جوانی ئەم بەهارەم
هەڵبژارد و بۆ لای یار چووم
چقڵەکانم فەرامۆش کرد
بێ ئاگا لە ئازاری برینی پەنجە و
خوێناوی بوونی بووم
من ئەمڕۆ دیاری یەك
دەبەم بۆ نازدار
سەرمەست و دڵخۆشم
ئەچمە خزمەتی یار
ئەو گووتی تو خوا
چۆن وا دڵت هات
ئەم گوڵە نازدارە
کە نۆبەرەی بەهارە
لێ بکەیتەوە
لەو دارەی کەم کەیتەوە
تۆ بۆچی من دڵگران ئەکەی
ئەوت هێندە بەلاوە جوانە
هەتا منی پێ جوان بکەی
گووتم گیانە
ئەوم هێناوە
خزمەتی زوڵف و پەرچەمت کات
خۆی فیدای زوڵفەکەت بکات

گەر ئەمە گومانە تۆ بە لاتەوە
وا ئەم عاشقە شێتەت هاتووە
دڵی خۆی بە تۆ گەش بکات
هەرکاتێ کە تۆ ویستت
گیانی خۆیت پێشکەش بکات
2014\3\1

# هەڵەبجە

ئەمە بـــــای شەماڵ نی یە وا کزەی مەرگی پێوە
بـــــۆنی سێوی گەنیوە ئەمان کـــوژێت بـە پێوە
هەوری ڕەش ئاسمانی گرت بەری پێی خۆم نابینم
بێ بەزەییانە دەیگوت مەرگم بۆ گیانی ئێـــوە
سێوی ئێمە زۆر خۆشە تـــامی مزر و شیریـــــنە
بەغدا بــــۆمان مەنێرن پـــڕ ژەهرە سێوی ئێوە
نەیانهێشت خونچەی بەهـار دەم کاتەوە بۆ ژیان
پە پولەش بە ساوایی گیـــانیان دەرچوو لەجێوە
لە ناو کوچە و بازاڕ و ماڵ بە ماڵی هەڵەبجە
ڕاکشاون ئەو خەڵکە مەرگەساتە لــــەو نێوە
منداڵ و ژن سەرگـــــەردان زۆر شپرزە و تۆقیون
لە پێش منی پەك کەوتە ئەمرن هەر بە دەم ڕێوە
چاو دەرپەڕیوەو ئەبڵەق لەش سوور و ڕەش هەڵگەڕا و
لە جیاتی شیلەی نوقوڵ کەف دێ لەو دەم و لێوە
زەحمەتە کە مرۆڤ و سەوزی و بــــــاڵندە و وڵاخ
خودا پەسەندی ناکات بمرن لە یەك چوار چێوە
سەدام بێ یاخود هیتلەر بەعس بێ یاخود نازی
مرۆڤایەتی بە دەست ئەوانەوە پەشێوە
شەڕ دۆستان بێویژدانن لە کوێ بن و هەرکێ بن
هەموو تاوانباری جەنگ نەوەی شەیتان و دێوە
ئێستاش هەن پێدەکەنن بە مەرگی منداڵ و ژن
دڵیان ڕاناچڵەکێنێ کۆمەڵکوژی بەم شێوە

شەهید گوڵ باران کرا زۆر داریش لە دار درا
کێ ئەمڕۆ دڕندە بێت سبەی حاڵی شپڕێوە
کوردین خاوەن هەڵە بجەین نامرین و هەر ئەمێنین
ئەبینە بێشکەی مرۆڤ لە شاخی شنرویێوە
هەڵە بجە نازدارەکەم شاری جوانـــی کوردستان
ئەبـــێ دەرکەویتەوە تـــــۆ بەجوانترین شێوە
ڕووڕەشی دوو جیهانن ئەوەی تۆی بەم دەردەبرد
تۆ بەرزی شەهید زادەی ئـــــەژێیتەوە لە نوێوە
وارسانی بـــــاخی سێو با تەماشای یارسان کەن
خاوەن باخی هەنارە نا یگۆڕمـــــــەوە بەو سێوە
2014\3\16

# نەورۆزی کەرکوك

جەژنی  نەورۆزە  ئەمڕۆ کەرکوکم  پڕ بڵێسە  و گڕە
ئەو بۆیە وا  خوێنی گەرمە ڕۆڵەی باباگوڕگوڕە
کوڕی ئاگرین ئەبەستن گەنج  و  پیر لە سەر قەڵا
جێی  شانازی هەموومانە هەڵپەڕکێی کیژ و کوڕە
دایکی سەربەرزی شەهیدان وادێن لە هەموو لاوە
ڕۆژی ئازادی گەلە بە شکۆوە سەر هەڵبڕە
کۆتری ئاشتی نیشتەوە وا لە سەر دیواری  قەڵا
ئیتر جێت  نابێتەوە  باڵندەی شووم دەی  هەڵفڕە
ئەشەکێتەوە ئاڵا وا بە دەستی لاوانەوە
دووژمن با چاوت کوێر بێ لە داخا  یەخەت  دادڕە
تۆ ناتوانی دابڕی ئەم خاکە لە کوردستا نمان
کەرکوکم ئامادەیە لە لاوی گیان بەخشا  پڕە

2014\3\20

# شانشینی پیاو

لەم  وولاّتی پیاو نشینە
هەموو نێرێك پادشایە
هەرچی بۆنی مێیەی لێبێ
لە تەرازووی بەختی ڕەشایە
بە پارە بێ یان بە هیمەت
یان بە زۆر بێ  ئێمە دەیکڕین
بۆ خۆمان بێ یان بۆ کوڕمان
یان  بۆ باوکمان مارەی ئەبڕین
ژن بەرینە وەکو زەریا
گەر نەتوانین بە سەریا بفڕین
کەشتی یەکی گەورە دێنین
بە ئاسانی جەرگی ئەبڕین
ژن هاوسەرە و کچ  و دایك
یان خوشکە و ئێمە زڕین
دەبێ ئەوان بەقسەمان کەن
گەر وانەکەن  زوانیان ئەبڕین
ئەو گوڵە یان مانگ  و خۆرە
بێ  ئەو لاشەی سارد و سڕین
عاشقێکی زوان  شکاوین
ناتوانین  سۆزمان دەربڕین
دڵە خورپە و دەم  ووشك  بوون
لە ناخەوە دڵ پڕ گڕین

ئەبێ هەر من خاوەنی بم
یان ڕێی، خۆشی لێ ئەبڕین
هەر چ کە ئەو حەزی لێکا
ئێمە کوێر و کاس و وڕین
چیمان ووت هەر ئەوە ئەکرێ
یاخود پرچ و پەلکیان ئەبڕین
بەستەزوانن ئێمەش زۆردار
لە ناو شاری کوشت و بڕین
خۆیان ئەبڕن قژ وپەرچەم
ئێمەش زوان و سەریان ئەبڕین

2014\3\8

# تۆ هەموو شتێکی منی

تۆ خونچە بووی
تۆ بوو خچە بووی
وەکو گرێی دڵی من بووی
بۆ هیچ کەسێك نەکرایەتەوە
تۆ سوپا بووی
تۆ دەریا بووی
چەندە بەردیان بۆ تێگرتی
نە شە پۆڵت دا نە لەرایتەوە
تۆ لە نێو دڵمی
خەمی کۆڵمی
خەونی قوڵمی
نە تەواو بوویت نە گەشایتەوە
تۆ کالاْ بووی
تۆ ئالاْ بووی
لە بالاْ بووی
لە ئاسماندا ئەشەکایتەوە
تۆ جێگا بووی
تۆ ڕێگا بووی
نە پێت گەیشتم نە بڕایتەوە
تۆ هەتاو بووی
بە تین و تاو بووی
ئاوا بویت نەگەڕایتەوە

تۆ چرا بووی
هەڵكرا بووی
بە دەستی برا كوژایەتەوە
تۆ وەك كەشتیت
هەر نەگەشتیت
لە دەریای خەم ئەخولایتەوە
زۆریان لێدای
جنێویان پێدای
لە هیچ كەس نە پاڕایتەوە
بە زلە و شەق
بە قسەی ڕەق
نە گریایت و نەبورایتەوە
تۆیان فرۆشت
وەك ئێسك و گۆشت
كەس ئاوڕی لێ نەدایتەوە
زۆریان لێدای
بەر جوێن درای
لە ناو خەڵكا شكایتەوە
تۆ باران بووی
بۆ یاران بووی
كەمێ باریت برایتەوە
تۆ نزا بووی
وەك سزا بووی
هەتا هەتا نەبرایتەوە

تۆ دلدار بووی

وەك ریبوار بووی

نەگەیشتی و گەرایتەوە

2014\5\16

# نەخۆشی

ئەی نازدارەکەم تاکە یارەکەم
ئەی مەرهەمی دڵە زامدارەکەم
نوژدار کراوم وا لە سەر جێگام
وەك لێقەوماوی کەوتووی سەر ڕێگام
زۆر دڵم تەنگە و لە پێ کەوتووم
ماوەیەکە من هەرگیز نەسرە و تووم
دڵی من هەر بە تۆ ئەکرێتەوە
بە نیگای چاوت خەم ئەسڕێتەوە
خەم بڕەوێنم دڵم شاد بکەم
گشت خەمەکانم زوو بە باد بکەم
نەتهێشت و دەستت نا بەڕوومەوە
گوتت بۆ کاتێ کە چاك بوومەوە
ترسای خراپ بێ بۆ زامی سەختم
کەچی خراپتر ڕەشت کرد بەختم
زامێکی ترت دروست کرد گوڵم
سوتاندت بەختم شکاندت دڵم
ئەم سەبر گرتنە لە لام زۆر قورسە
لە راوەستانی دڵم بترسە

2013\12\11

# دیدار

مەیلت ئاوی ژیانە دڵ تینووی عەشقی یارێکە
مژدەی ئاوەدانی یە وا لە سەر ڕێگای شارێکە
دەم و دەستم بەستراون ئیتر چۆن وەسفی تۆ بکەم
تۆ سەیری چاوانم کە ئاوێنەی چ روخسارێکە
لە دەرگای ماڵت ئەدەم کە لە دەرگای دڵمت داوە
هاتووم لە کەرکوکەوە چاو تامەزرۆی دیدارێکە
یار نازدار و خونچە گوڵە بۆیە وا دڵم لەمستە
شەماڵ پەرێشانی دەکا دیارە ئەو تاوانبارێکە

# كەركوك دڵی كوردستان

كەركوك  كچی كوردستانە
هیمای پێكەوە  ژیانە
شاری  كورد و توركمانە
شاری عەرەب  و سریانە
مەشخەڵی  باباگوڕگوڕە
خاوەن گورزی جەرگبڕە
تیرۆریستان  و تێكدەران
لێرە ناژین حاڵیان شڕە
پە یمانی مرۆڤایەتی
خۆشەویستی و برایەتی
خەباتێكە تێكەڵ بووە
لە ڕێبازی كوردایەتی
بنیاتنان و ئاوەدانی
دروشمی كەركوكیەكانی
دەست لە دەستی یەك بە ئاشتی
ئەچین بەرەو كامەرانی
د یموكراتی  ئەچەسپێنین
دوبەرەكی لە بن دێنین
ئالای  ئازادی  هەڵ  ئەكەین
ئەم جیهانە ئەهەژێنین

2014\5\18

# دێوە زمەی ئەنفال

بیست و هەشت ساڵە خەونی ناخۆش دەبینم
هەر خەونەکەی جارانە شەوانە خەوم ئەتۆرێنیٚ
لە شوێنی خویٚ ئەکاتە چاوم
دێوەزمەیەکە و سواری هەناسەم دەبیٚ
خەریکە بەرە و بیابانی نەبوون
کۆچی زۆرە ملیًم پیٚ بکا
دەیەویٚ چاوەکانم
لە ناو خڕە بەردە سپی یەکەی سەرم
ووشك بکات و چیمەنتۆی تیٚ بکا
ئاو لە ئاشی گەرووم بب‌ڕیٚ
وەك ئاشەکەی(( خانی ناو ))
دەنگی دەستاڕی ددانەکانم
کپ بکا و ئیتر هەموو جەستەم
شەکە ت بیٚ و ئاش بە تاڵی لیٚ بکا
ئاخ چەندە سەختە
ئەم سات و وەختە
جەستەم وشکەو
رووباری دەمارەکانی بەری لێگیراوە
خڕۆکە سوورەکانی ووشك ئەکرێنەوە
خڕۆکە سپی یەکانی بێچەك و بەرگرین

ئای لەم جەستە دارزاوە
هەر وەك نیشتمانی پارچە پارچە
دەست و پێیەکانم لە یەك دوورن
بە دوای یەکدا نایەن
پەنجەکانم بێ نینۆکن
توانای خۆ خوراندنم نی یە
ئەم خورشتە گرتوومی هەڵبەت دەمکوژێ
ئەم خەونەش خەریکە گیانم
لە ناو جەستەم دەمژێ
چاوەکانم پێلوەکانی دەفرن
وەك پەپولەیەك
بە دوای ڕووناکیدا
دەگەڕێ و پەی پێنابا
لەم ژوورە پڕ تارماییە
تەنها قرچەی سووتانی
لاشەی بێکەسی یە
بێ قولاب هەڵواسراوە
بێ کفن بە زیندوویی نێژراوە
بێ دادگا لە سێدارە دراوە
ژن و پیاو و گەورە و بچوك
بە تێکەڵی وەك چێشتی مجێور
لە یەك قازان کوڵێنراوە
گۆشتی پیرۆزی مرۆڤی کوردە
بە دیاری بە سەگی گلا و دراوە

نه ئاهەنگە و نه مەحشەر
منداڵی ساوایه و لەت ئەکرێ
به چەقۆی دڕندەی بەشەر
هەر ئابڕوه و ئەتکێ
هەر مزگەوته قیبلەکەی وەر ئەچەرخێنن روه و ژوور
هەر قوتابخانەیه خوێنکار و مامۆستای تیا ئەسوتێنن
ئەیکەن به تەنوور
هەر ڕێگایه و لا ئەدرێ
هەر باخه و ئەسوتێ
هەر جوانی یه و ئەشێوێ
دەمی گشت بینەرێکیش
تا ئەم نهێنی یه نەدرکێنێ
به شیرینی یەك دائەخرێ
موسڵمانه عەرەبه بەعسی یەکان
به شۆفڵ و دەبابه و کۆپتەرەوه
به خەردەل و به ژەهرەوه
له جاده و کۆڵان
له شاخ و دۆڵان
پۆل پۆل دەرکەوتن وەك قەلەڕەش
بەری ئاسمانیان ڕەش کرد
ڕووی شەیتانیان گەش کرد
ملی سەدان منارەی مزگەوتیان پەڕاند
لاپەڕەی هەزاران قورئانیان دڕاند
کردیانه کلێنس و دەم وپل و پێلاویان پێ سڕی یەوه

تەنها سورەتی ئەنفالیان
کردە ناونیشان
مەرگی بە کۆمەڵی کوردی پیّ کرپیەوە
زەویان وەها سوتماك کرد
کە نەما هیچ دەرفەت و هەلێك
بە ڕێبواریش نەی دەوێرا
بە ئاسماندا بفڕێت مەلێك
ئیتر وەرزی دابڕانە
هیچ ساوایەك مەمکە مژەی لە دەم نەگرت
چونکە لە مەمکی دایکی خۆی دابڕا
هیچ کوڕ و کچێك هاوسەر گیریان نەکرد
چونکە لە دایك و باوکیان دابڕان
هیچ ژنێك سەری لە خەنە نەگرت
ئەو لە ئاوێنە و شانە دابڕا
پایز بووە میوانێکی درێژ خایان و
ووشکە ساڵی تەمەن درێژی
کردە ناو تورەگەیەك و
تۆوی کردە هەرچی خاکی
بەرا و بە پیتی ئەم نیشتمانە هەیە
هیچ بێستانێك خەیار و شوتی نەگرت
چونکە کوڕی باخەوان
لە تاریکستانی قەلای نوگرە سەلمانەوە
سوێیان بووەوە بۆ قاژێك خەیار
دڵدار و دڵبەری ئەم نیشتمانە

سەدان  فرسەخ لە یەك دوور بوون
لە ئاوێنەی سیحراوی  دڵیان
ڕوخساری مەرگ لێنیشتووی  یەکیان  ئەبینی
نە لایلایەی  شەوانەی دایك ما
نە قوقەی  کەڵەشێری  بەیانیان
نە ئلاهوئەکبەری مەلای  دێ
نە بانگەوازو هاواری شوان
گشتی بووە قیژە و شیوەن و گریان
بەلام  هاوارم  بە کەس ناگات
نازانم خۆم  زمانم  نی یە
یان گوێی دەور و پشتم کەڕە
چوار دەورم گیراوە  و تەنها  دەنگی
کوشتن  و زەنگی شەڕە
ئەم تراژیدیایە  ئەم مەرگەساتە
ئەم نەهامەتی و رێگای هات  و نەهاتە
دێوە زمەیەکە و بەرۆکم بەر نادات
ئەم چاوەڕوانی  یە نابرێتەوە
کەی  فریشتەکان دێنەوە
کەی ڕووناکی دەرئەکەوێ
پە پولەی گیانی من
بە دەوریدا  بخولێتەوە
ئەم خۆڵی بیابانە
لەگیانی خۆم ئەتەکێنم
ئەبێ لەم خەوە  زوو ڕاست ببمەوە

ئیتر لە بەر هیچ سێبەرێك نامێنمەوە

ڕوو ئەکەمە خۆر و ئەیهێنمە ناخمەوە

ئیتر هەموو شەوێك

خۆر لە ژوور سەری خۆم دائەنێم

دێوە زمەکان ئەڕەوێنمەوە

ئەنفال ئەکەمە شیعرێك

بۆ گشت مندالانی ئەخوێنمەوە

2016\4\20

# ڕووناك و هەتاو

لەم سەربانەوە بەم چێشتەنگاوە
لـــەو دیمەنەی یار سەرنجم داوە
جـــــوان دانیشتوە لەو خۆرەتاوە
ئەیـــکاتە شانە ئەو زولفە خاوە
چەند جوانە یارم لە دوای خۆشوشتن
بـــە قژی تـــــەڕەوە دێ بۆ دانیشتن
ئەو ڕا یخستوە بـــۆ خۆی لبـــادێك
بۆ من جێ دێـــڵی لەو شوێنە یادێك
ئاوێـــنە و شـــانە هاوڕێی زوڵف و ڕوو
یەكیان دەست لە دەست یەكیان ڕوو بە ڕوو
منیش حەسرەت كێش هەر لە دوورەوە
هـــــەرگیز بۆم نی یە بچمە ژوورەوە
تـاڵ تـاڵی كردوە پرچی پەخشانی
ڕووی دا پۆشیوە تــــاكو سەرشانی
بەو خۆرە تــــــاوە وشك ئەبێتەوە
وەكــــو ئاورێشم ئەتروسكێتەوە
تەڕ و پاراوە گۆنــــــای ئاڵ و گەش
هەر كات دەركەوێ لە ژێر زوڵفی ڕەش
هــەروەكو شەونم لە ڕوخساری سێو
ئاورنك و گـــــولاڵ و تەڕئەكا دوو لێو
بە ڕاست و چەپدا قژ هەڵداتەوە

بـــەرەو من سەریٚ بەرز بکاتەوە
هـــەر منی بینی وا بـــە خامۆشی
لەچکەکەی هەڵگرت سەری داپۆشی
منیش حەز ئەکەم لەسای زوڵفی خاو
شەرم کاو دایخا و هەڵی بێنیٚ چاو
خستمیە خەیاڵ نیگا گەرمەکەی
هۆشی فڕاندم خەندە و شەرمەکەی

2016\2\3

# بۆ عەفرینەکەم

هۆهۆ تەنیا عەفرینەکەم
هۆهۆ عەفرینە تەنیاکەم
نەتالآنچی ..نەنا پاکی..نەکەس کوژیت
درندەکان خوێن خۆرەکان خوێنیان مژیت
لە ناو مال و لانکەی خۆتان
لە چوار لاوە هاتن بۆتان
لە شکری تورکی فاشی
بە خۆی و تولە و جاشی
ئێوەیان تووشی شەڕ کردووە
جیهانی دڵرەق
گوێی خۆی لێ کەڕ کردووە
لە کوشتنی منالْ
لە سوتانی مالْ
نازانم بۆچی
خودا تورەیە لە پێکێکی من
کە ئەگەر جارێك بینۆشم
لە دەرکەوتنی تالْێکی زولفی
یاری جوانی رێك پۆشم
کەچی زۆر بێ دەنگە
لەم کوشتار وجەنگە
هاوارم کرد
لە مافی مرۆڤ و لە یوئێن

تەنها جارێك بۆ بینینی
ئەم کۆمەڵ کوژیە هەنگاو بنێن
کەچی هەموان گوێیەکانیان گرتووە
هەر یەك بە جورێك دەستکەوتی خۆی وەرگرتووە
ویژدانی خۆی پێ فرۆشتوە
هۆ عەفرینە ئازاکەم
خوێن لە جەستەت دێ
گڕ لە جەستەم بەر ئەبێ
لە گشت جێ
لە ناو بازاڕ و کۆڵان
لاشەی ژن و منالان
قیژەی منداڵ و زرمەی بۆمبا
تێکەڵ ئەبن لە هەر کوێیەك با
من شین ئەگێرم ئەم بەهارە
دڵم گوشراوە و پڕ ئازارە
ئەمساڵ بەهارم وا بێ بارانە
گوڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە
بەو حاڵەشەوە
لە شکری تورك تۆقیوە
تا بینا قاقای لە تاوان چەقیوە
شەڕڤان پڕ ئازایە و قارەمانە
ڕا ناوەستێ
ڕا ناوەستێ
ئەو پێشەنگی بەرخودانە

ئاگری ئەم نەورۆزە
کە مەشخەڵێکی پیرۆزە
ئەکاتە دۆزەخی تورکان
وەك تورەیی شاخی گڕکان
شەڕی دیوار بە دیوار
شەڕی بن بەرد بە بن بەرد
بە دوژمنی دائەدەن
هەزاران وانە و پەند
تۆڵەی خوێنی منداڵی بێ تاوان
تۆڵەی کوشتنی دایکان و باوان
تۆڵەی دار زەیتونەکان
تۆڵەی کانی و ئاوەکان
تۆڵەی دیواری ڕووخاو
تۆڵەی ماڵی تالأن کراو
تۆڵەی ئەتکی ئابڕ و و ناموس
تۆڵەی مافی چارەنوس
کورد خاکی خۆی جێ ناهێڵێ
دەست بەرداری نابێ
دوژمنی تیا ناهێڵێ
دەست لە عەفرین هەڵناگرین
تا مافی خۆمان وەر ئەگرین

2018\3\19

# پیاوێك لە ئاو

تۆ کە لە ئاو خولقاوی
خۆت بووی بە ئاو
بە خەسڵەتت پیاو بووی
پیاوێکی ئاو بووی
ڕوون و ساز و پاك بووی
بێگەرد هەروەك تیشکی خۆری ڕووناك بووی
تۆ سەرەتا دڵۆپێك بووی
هەرتەنها و خۆت بوویت
دەبوویتە شەونم
ڕێحانە و گوڵت پێدەگەیاند
لە زەویەوە هەڵدەفڕیت
لە ئاسمان ئەگیرسایتەوە
تێر سەیری
شاخ و دەشت و هەردی
کوردستانت دەکرد
لە هەر کوێ پێویست بوایە
لە وێدا خۆت دەباراند
لە ڕۆژهەڵات
لە باکوور
لە ڕۆژاوا
لە باشوور

لە هەر کوێ گوڵی کوردەواری
تینووی بوایە
دەباریت و دەتژیانەوە
هەر زوو دەچووی بە پیریانەوە
مامە گیان
تۆ ژیان بووی
بۆ دار گوێزەکانی هەورامان
بۆ هەنارەکانی بالیسان
بۆ گەنم و جۆی دەشتەکانی گەرمیان
بۆ سپیندارەکانی کونە مشکێ و ئەڵوەتان
بۆ زەیتونەکانی ڕۆژئاوا و ئەفرین
بۆ هەڵۆ بەرزە فڕەکانی  قەندیل
چونکە  پێویست بووی
بۆ تینوانی ئازادی
تا ڕۆژ بە ڕۆژ
ساڵ لە دوای  ساڵ
هەر زۆرتر ئەبووی
تا  چەپکە گوڵەکەت داهێنا
خستتە ناو لەپ
کردتە هێما
بۆ خەباتی ئەم نیشتمانە
لەڕاست  و چەپ
بووی بە گوڵ
بووی  بە ڕووبار

هەمومانت فێری مەلەوانی کوردایەتی کرد
تێکەڵ بە جەستەی هەمووان بووی
چویتە خوێنمان
تا لە خانەی دڵمان
گیرسایتەوە
هەموومان یەك دڵ و یەك هەناسە
یەك گیان و یەك بۆن و بەراو
مامە گیان
ئەی پیاوە ئاوەکە
تۆ ئەو ئاوە بەهێزە بووی
بە سەر گرد و بەرزاییەکان سەرکەوتی
کۆڵت نەدا و نەسرەوتی
تا گەیشتیتە سەر لوتکەی شاخ
هەر بەرە و هەوراز ڕۆیشتی
نەوەستای و ماندوو نەبووی
تا لە سەر کورسی کۆمار دانیشتی
ئاخ سەد مخابن
هەندێ هاوڕێ
بێوەفا بوون
جێیان هێشتی
کورسی کۆمار گووتی
من ئەم پیاوەم خۆش دەوێ
ئەو منی بەرز ڕاگرتووە
ئەو لەمن بەرزترە

خۆی داگرتووە
مامە گیان
ئەی پیاوە ئاوەکە
دڵنیا بە
هەر کەس نەبێ
بە تەنهاش بم
هەر لە سەر ئەو ڕێچکەیە دەڕۆم
تۆ دڕت بە بەردە زەبەلاحەکانی دا
ڕێگات کردەوە
تۆ دڕك و تەلەزیەکانت تورهەڵدا
بۆ ژیان...بۆ ئازادی...بۆ شکۆمەندی
جێگات کردەوە
ئێستا ڕێڕەوە ئاوێکی ڕوونە
تیشکی ئازادی کورد بوونە
دەیگرمە بەر
بێ بەرامبەر
چونکە ڕێگای ڕاستی ژیانە
ڕێگای خەبات و تێکۆشانە
قوتابخانەی گیانی گیانی یە
هەر ئەو یەکێتی نیشتمانی یە
منیش دەیڵێم و مێژووش دەیڵێ
هەر چوار پارچەی کوردستانم
گەواهی دەرن و دەڵێن بەڵێ
ئەم کەڵە پیاوە

**خەسڵەتەکانی**

**خەسڵەتی ئاوە**

**سەرچاوەی ژیانە**

**باوکی پێشمەرگە و**

**مامی گەورەی کوردستانە**

2018\4\12

# پێشمەرگە و شاخ

پێشمەرگە : من پێشمەرگەی کوردستانم
لە سەنگەردام پاسەوانم
تا دلبەرم ئاسودە بێت
فیدائەکەم سەر و گیانم
دلبەر: -ئەی دڵدارم ئەی پێشمەرگە
کێ یە وێنەی تۆ بە جەرگە
عەشقی تۆیە سووتاندوومی
لە دووری تۆ ناگرم بەرگە

پێشمەرگە :-ئەی دڵبەرم ئەی شۆڕە ژن
لە تۆ جوانە باڵا و بەژن
ناهێلم دوژمن دیلتان کا
مەگەر لە پێشدا بمکوژن

دلبەر:- ئەی پێشمەرگە ئەی دڵدارم
بۆ عەشقی تۆیە بێ چارم
گیانی منت بە قوربان بێ
تۆی تاجی سەر و سەردارم

پێشمەرگە :-ئەی دلبەرم یاری چاکم
من لە دوژمن زۆر بێ باکم
تۆ و نیشتمان یاری منن
تۆی گوڵی پیرۆزی خاکم

2015\2\10

## شەهیدانی قەڵەم ( پێشکەشە بەشەهیدانی قەڵەم )

هەرکە  دارێك  ئەبڕنەوە
دارستانێك  توڕە  ئەکەن
بەرد و تاوێر ئەبنە هاوڕێ
زامی جەنگەڵ  سارێژ ئەکەن
هەر کە مۆمێك ئەکوژێننەوە
ئەستێرە و مانگ ئەبنە هاوڕێ
ڕووناکی خۆر دائەگرن  و
ئەم دنیایە ڕەنگ  ڕێژ ئەکەن
کە ئاوازێك کپ ئەکەنەوە
عود و کەما نجە و تار و شمشاڵ
دەستی  یەك ئەگرن و ئەڕۆن
سەردانی سەد مەقام بێژ ئەکەن
کە عاشقێك  دیل  و کۆت  ئەکەن
چی کچ  و کوڕی عاشق  هەیە
گوڵی سوور لەیاخە ئەدەن
خاوەن  زیندانی  کاس و گێژ ئەکەن
کە ڕۆشنبیرێك  ئەڕفێنن
نوکی خامەیەك ئەگەر ئەشکێنن
کتێبەکان ئەبنە شۆڕش
کورسی دەسەڵات لێژ ئەکەن          2016\8\14

# نەزر

من ئێستاکەش بیرم ماوە
نازانم تۆ بە بیرت دێ
شەوێك خەونت پێوە دیبووم
سبەی گوتت
دەبێ بتبینم دەست بەجێ
کە هاتی زۆر شپرزە بووی
دیاربوو کەوا زۆر گریا بووی
دەترسای زۆر لە خەونەکەت
پێنج دینارت نەزرکرد بۆم
کە خوێندکارێکی هەژار بووم
پێنج دینارەکەت دا بەخۆم
ئێستا پێشمەرگەم
لە گەڕانەوەم بۆ سەر ئەم ئەرکەم
پێش مالئاوایی تۆ گەلێ گریای
ترسێکی نامۆ لە ناو دڵی دای
بۆ سەلامەتیم نەزرت کرد ماچێ
دڵنیات کردم کاتێ هاتمەوە
سوێندت بە خوا بیرت ناچێ

2016\9\9

# ماچ

دەم دەم دەسوتێم کەم ئەکەم وەکو مۆم
هەروەك ژوورێکی بچوکی پڕ سۆم
گەرچی پیربووم و تۆ هەر نەهاتی
تا دوا هەناسەم چاوەڕوانی تۆم
کاتێ کەسێك دێ و لە دەرگام ئەدا
بە دڵەخورپەوە بۆ دەرگا ئەڕۆم
ئەترسم بێیت و لا نەدەی بڕۆی
زوو ئەیکەمەوە من بە دەستی خۆم
دە وەرە قیبلەکەم کزەی جەرگەکەم
پێش ئەوەی بمرم لە دنیا بڕۆم
بۆنت هەڵمژم دوو لێوت بمژم
تاوێك دانیشین تەنها خۆت و خۆم
عەشقی تۆ بۆ من بوون و ژیانە
ماچی لێوی تۆ خۆراکە ئە یخۆم
کە تۆ لەم دنیا تێر ماچم بکەی
دۆزەخیش وەکو بەهەشت وایە بۆم

2016\9\9

# سەرکردەی گەل

ئەبێ سەرکردەی گەل بە توانا بێ
لە بردنە ڕێوەی ولاَت زانا بێ
بۆ گشت جەماوەر وەکو یەك چا بێ
دەبێت خزمەتکارخاك و ئالاَ بێ
ئەگەر وانە بێ بە دڵمان نابێ
ئەبێ سەرکردە پێشبینی هەبێ
بزانێ چی بووە و دواتر چ دەبێ
ترسی لادانی کورسیەکەی نەبێ
بڕوا بۆ خزمەت گەل بە پێوە بێ
ئەگەر وانەبێ با گیرۆدە بێ
ئەبێ سەرکردە زۆر خۆڕاگر بێ
بۆ گیانی دوژمن بڵێسە و گڕ بێ
دڵی بۆ سۆزی گەلەکەی پڕ بێ
بۆ ئاشتی میللەت وەك کاسەی پڕ بێ
ئەگەر وانەبێ باحاڵی شڕبێ
ئەبێ سەرکردە ئاما نجی دوور بێ
دەسەلاَتی خۆیشی ناو هێلی سووربێ
خواریش ببینێ نەك هەر لە ژوور بێ
لە بەردەم داوای گەلا مەجبوور بێ
ئەگەر وانە بێ تەختی خاپوور بێ
ئەبێ سەرکردە بە تین وجۆش بێ
ڕاوێژی زۆر بێ و بە بیر وهۆش بێ

گەل بکرێتەوە نەك گەل فرۆش بێ
پارەی گەل نەبا لەعەیش و نۆش بێ
ئەگەر وانە بێ دەك فەرامۆش بێ
ئەبێ سەرکردە نیازی چاك بێ
دلی گەورەبێ و چاوی ڕووناك بێ
ڕابوردووی وەکو تیشکی خۆر پاك بێ
لە چاوی دوژمن ئازا و سامناك بێ
ئەگەر وانەبێ با لە ژێرخاك بێ
ئەبێ سەرکردە ڕازی بکا گەل
شپرزە نەبێ و نەکا پەلە پەل
هاتە پێشەوە لە دەست نەدا هەل
وەك هەڵۆو پلنگ بچێتە سەرکەل
ئەگەر وانەبێ بڕوا و ببێ وەل
ئەبێ سەرکردە خاوەن هونەر بێ
دوژمن بناسێ و ئاشتی پەروەر بێ
هەر وەکو چەتر بۆ گەل سێبەر بێ
بۆ پێشخستنی گەل کۆل نەدەر بێ
ئەگەر وانەبێ بادەر بە دەر بێ
ئەبێ سەرکردە بە بێ جیاوازی
گەل بلاوێنێ و بیانکات ڕازی
بە چارەنوسی گەل نەکات وازی
هەتا پێکەوە بکێشین نازی
ئەگەر وانە بێ نایکەین پێشوازی          2016\12\7

# شەوی یەڵدا

چ شەوێکی تاریان مەهتاب بێ کەوا شەوی یەڵدایە
ئەوەی دڵی من خۆش دەکات کە دڵبەرم لەگەڵدایە
لە ناو پرچی بە دەوری مل کە درێژم کردوە دەستم
پەخشە زوڵف و پەرچەمەکەی بە سەر شانم بۆیە مەستم
دەستەکەی دیم زۆر بەخۆشی گرتوویە نوکی پێنوسم
من لە نیگای چاو و برۆی دەبێ وەسفی مانگ بنوسم
شەو تەمەنی خۆی لە سەبری من و زوڵفی ئەو کۆپی کرد
لە ئاخیردا شەو تێکشکا خۆر هەڵات و ئەو کۆچی کرد
سەبرم وەکوو زولفی یارە چرکەکانی لە تەڵدایە
جێگای من ژێر سایەی زوڵفە جێگای یاریش لە دڵدایە

2016\12\20

# شەهید

تۆ ڕۆیشتی
بەجێت هێشتین
ئۆغرت خێر بێ * ئۆغرت خێر بێ
نەریتی شۆڕشی ئێمە وایە
کە دوژمن هات
زوو پێشی دەگرێ
هەر کەسێ ئازایە و شێر بێ
تۆ شێر بووی
نەك هەر بۆ بابا و دایە بووی
تۆ پارێزەری وولات بووی
ئەی شەهید
ئەی پێشمەرگەی گیان فیدا
تۆ بۆ گشتمان سایە بووی
تۆ ئارامی شارێك بووی
بۆخەوی منداڵ
وەك لایلایە بووی
تۆ لەش سووك بووی
تۆ ئێسك سووك بووی
خۆشەویستی کوردستان و
مەشخەڵی شاری کەرکوك بووی
لە بەهادا زۆر گران بووی
بۆ مرۆڤایەتی

تۆ سەر مایە بووی
کە ئێوە کەوتنەڕێ
ئێمەش دواتـان کەوتین
ئێمەش لەوێ بووین
بۆ بەردەم لافاوێکی ڕەش
بووینە لەمپەر
تفەنگمان گرتە دەست و
فیشەکدا نمان بەستە کەمەر
لە تـاریکی شەودا
لە شیرینی خەودا
هەستاین و هـاتینەدەر
خۆت ئـاسایی
زۆر بەخێرایی
لە بەردەم دوژمنێکی تـاریك پەرست
چوینەسەنگەر
بەڵام چی بکەم کە گیانەکا نمان
لە نـاو قەفەسی سینەی جیاجیان
هەندێکیان برسین
هەندێکیان بەرزە فڕن
هەمیشە مەیلی ئـازادی دەکەن
عـاشقی سوڕانەوەی
سەر لوتکەی چیان
تۆ ڕۆیشتی و هەڵفڕیت
نرخی ئـازادی هەرچەند گران بوو

لای تۆ هەرزان بوو
بە گیانی خۆت
بۆ ئێمە کڕیت
ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە
ویستم هەستم
چی بۆ یەخەی تۆ ئەشێ
تا بیکەمە دیاری دەستم
بە گوڵم گووت بەرەو باخچەت دێم
دەستم بگرە و ببە هاوڕێم
ئەتکەمە دیاری بۆ یەخەی
ئەو شەهیدەی هەرچەندە نامناسێ و
نازانێ کێم
گوتی نەکەی شەرمەزارم
من لە بۆنا سنوردارم
شەهید بۆنی بەسەر
هەموو کوردستانا پەخشە
تۆ مەخەڵەتێ
بە پەڕەی ناسکم
کەخاوەنی ڕەنگ و نەخشە
چومەلای پەپوولە
گوتم حەز دەکەم
تۆ هێندە ناسك و پاکی
تۆ بۆ یەخەی شەهید
زۆر شیاو وزۆر چاکی

په پووله گوتی بمبوره برا
من که ئەسوتێم به تیشکی چرا
من ناتوانم بگرم بەرگە
له تیشکی شەهیدی پێشمەرگە
که درەوشاوەی ناو ئەستێرەکانە
ئەو هێندە بەرز و پیرۆز و جوانە
ئێستا لەلای خوای گەورە میوانە
شەهید گووتی
ئەزانی چۆن ئەگەیتەلام
گوتم ئەزانم
دەبێ هەر بەرێگاکەی تۆ دابێم

له یەکی شوباتی 2017
له فیستیڤالی شیعری وەفایەك بۆ شەهیدان خوێندرایەوە

## دەرفەت

گیانە بە بیرم دێ
هێندە خۆشم دەویستی
هەمیشە بیر و هۆش و دڵم لات بوو
رۆحم وەك پەروانە لە دەوری باڵات بوو
بە تاسەوە و پڕحەزەوە مەراقم بوو
بەشینەیی و بە تەنهایی بتبینم
تەنها جارێك بەخت و دەرفەت
لە دەرگایان دام
خۆم وخۆت و نیگاکا نمان
بزە و خەندە و قسەی ناخمان
کەس لەوێ نەبوو
لە عەشق زیاتر هیچم پێ نەبوو
عەشقی دێرین بوو
دەرفەتی زێرین بوو
هەرچەندم کرد هەر حە پەسام
نازانم شەرم بوو یاخود ترسام
ئەوەی ویستم پێتی بڵێم
لە گەروومدا گیری خوارد
کات بەخێرایی خۆی تێپەڕاند

هەر بە ئاسانی ئەم دەرفەتەم  لە دەست چوو
ئەمە یەکەم و دوا دەرفەت بوو
ئێستا هەموو شەوێ
بەخەیاڵی خۆم
لە ناخم دەرئەکەم ئەم خەفەتە
دێمەوە ناو ئەم دەرفەتە
باس دەکەم بۆت دەرد و حاڵی خۆم
لە هەمان جێگا
ناخی خۆمت پێ دەڵێم
ئیتر بە دڵی خۆم
تێر ماچت ئەکەم
ئەبیتە تاکە گولی خۆم
پرچە خاوەکەت
لە ناو پە نجەکانم دەئاڵۆزکێن
کەسێك نایات  تا بپرسێ
ئەم  دووانە کێن

2013\3\25

# من و سەرۆك

پۆستەکەی تۆو
سەنگەرەکەی من
دوو ئاراستەی جیاوازن سەرۆکم
تۆ لەجیاتی پشتم بگری
دێیت و دەگری بەرۆکم
کەباب وپلاۆی ناو کۆشکی تۆ
وەك بێژنگ و ئاو
بۆ دەم وپلی من ناشێ
لەخانووی کرێ و ڕووخاودا
من هەر چاوەڕێی نیسك و نۆکم
تا من دوژمنێکی ئەم خاکە ئەکوژم
تۆ دۆستەکانم قڕ ئەکەی
بەرژەوەندی من لە کوێدایە
لەم هاوکێشە قورسە
من توشی شۆکم
پەی نابەم دەرمانێ بۆ دەردەکەم
خۆم خاوەنی سەر وپێ و کەوڵی خۆم بم
ڕێم بدە با خۆم بگرم لە سەرپێ
خۆم خۆم بخورێنم بە نینۆکم
ئەو بارە خەمانەی کە بۆ من دێن

تۆ کرێ باریان وەرئەگری
تۆ خەزنەکەیشت لە زێڕە
منیش خاوەنی چەند خەمێکی لۆکم
زۆر کوڕی تاقانەکان شەهید بوو
تۆ زەماوەند بۆ کوڕەکان ئەکەی
من وا وجاخم کوێرەوە بوو
چی بکەم پیر بووم ئیتر نەزۆکم
تۆ پیرێکی دڵڕەشی قژ سپی
من گە نجێکی دڵسپی وریش سپی
تۆ لە کۆشکی فراوان پیاسە دەکەی
من لە سەرما هەڵ ئەلەرزێ چۆکم
تۆ لە باوەشی دوژمن
وەك منداڵێکی ساوا دیاری
من لە خەباتی نە پساوەمدا
خاوەنی درێژترین چیرۆکم
خزم و کەسەکانی چوار دەورت
دۆش داماون بە دەستەوە
منیش لە کاری تۆ زۆر سڵ ئەکەم
هەڵە تێ مەگە وا مەزانە ترسنۆکم
هەر دەرگام لێ دا بخەیت
یان رێ بگری و نەهێڵی بێم
هەر هەنگاو دەنێم و واز ناهێنم
هەرچەند کەرکوکیم بەڵام خەڵکی دهۆکم 2016\6\16 _تاسلوجە

# یار و کەرکوك

گەر تۆی تیانەبی باخی گولاَن بە من چی
گەر کەرکوکیش نەبیَ کوردستان بە من چی
هەردوو پیَکەوە یار و هەواری منن
گەر لە ئیَوە دابڕیَم ئیتر ژیان بەمن چی
شەونمی گۆنات عەترە بۆ روحی ڕەوان
بیَ کانی لیَوت ئاوی ژیان بە من چی
نیگای چاوت ئەمخاتە نیَو دنیای خەیالَ
بیَ مانگی ڕوخساری تۆ ئاسمان بە من چی
تاجی شاهی لە سەرکە و بیَ بۆ سەر قەلاَ
ئالاَی خۆم نەبیَ پایتەختەکان بە من چی
ئەم خاکە پیرۆزە تۆ پیَی لە سەر دانیَی
نەیخەنە سەر برینم دەرمان بە من چی

# خەمەکەی من

خەمەکەی من پیری نیە
هەرگیز دڵی من پیر نابێ
تەنیا خەمێك کە من هەمە
دەستم لە باڵات گیر نابێ
خەمی دووری کەسم نی یە
با خەڵکی شار بەجێم بێڵن
چاوەکانم کەس نابینن
بە دوای ڕوخساری تۆ وێڵن

# باوەشێن

لەم گەرمێنە
منی عاشق یاخی بوو بووم
حەزم بە هیچ دیدارێك نەبوو
منی ڕۆژ پەرست
هەڵاتوویەك بووم
پەناهەندە بووم
لای وڵاتی گشت سێبەرێك
وەرنەدەگیرام
منی خاك پەرست
بێزار بووم
هەڵات بووم لە دەست ڕەشەبا
خوڵ و تەپ و تۆز
هەمیشە سەنگەرم لێدەگرێت
بۆ كوشتنم سێرەم لێ دەگرێت
بەتۆز و خۆڵی گردارەوە
زوو زوو ئەپێكام
هەمیشە لەجەنگێكی دوورمەودا بووم
لە نێوانی دوو بەرداشا
ئای چی جەنگێكی سەختە
منی عاشق
یاخی بوو بووم
لەخۆر و زەوی

چاوەڕوان بووم
تاریك دابێ
ئای تاریکی حەزم لێت بوو
دڵم شاد ئەکەی نەختە نەختە
پایز مژدەیە
وەك چاك بونەوەی دایك لە نەخۆشی
وەك هاتنەوەی یار لە پاش دابڕان
وەك لە دایك بوونی یەکەم منداڵ
پایز باوەشێنە
بۆ پێشمەرگە
بۆ کرێکار
بۆ ڕێبوار
پاش ئارەقەکردن
لە بەر گەرمای
تاقەت پڕوکێنی بیابانی چۆڵ
بێ خانوو
بێ ڕەشماڵ
کە مرۆڤ تیایدا سەرگەردانە
لە کەناری مەرگە
هەتا بڵێی بەد بەختە
پایز ڕێبوارێکی ئێسك سوکە
دەسەڵاتێکی فریاد رەسە
جێ بە پێش خۆی چۆڵ ئەکات
خۆی درەنگ دێ و زوو ئەڕوا

پادشایەکی میهرەبانە
بەلاّم دوور لە عەرش و کورسی و تەختە
پاییز خەم ڕەوێنە
شادی هێنە
بە کزەی ساردی
گەڵا خەماویەکان ئەوەرێنیٚ
هەر وەك فرمێسکێکی بیٚ دەنگ
دڵی پڕە پەژارە ئەلاوێنیٚ
خاڵی ئەکاتەوە لەخەم
من بەم بارانە و فرمێسکە
ئومێدم هەیە
پایز پاك کەرەوەی گیانی
مرۆڤ و دار و درەختە
گوناهەکانی ئێمە ئەشواتەوە
وەك چۆن گەلاّکان ئەوەرێنیٚ
خەمەکانی ئێمە شەن ئەکا
ئەیدات بە دەمی باوە
ئارامی ئەکاتە بەرهەم
بۆ پاراستنی ژیان
ئەیکات بە گەرووی عاشق
پێشمەرگە و هەژاران
پایز دەرمانی وەختە
پاش زیز بوونی من لە شار
ئەم ئێوارەیە

من داوەتی پایزم
بۆ پیاسەیەکی ناو شار
پایز ئاشتی کردمەوە
ئەگەڕێم بە ناو کوچە و بازاڕ
لە سەر قەلاّ
لە سەرپردی چەمی خاسە
خەمەکانم ئەوەرێنم
لەگەڵ وەرینی گەلاّ ماندوەکان
خاڵی ئەکەم
دڵەی پڕ لەخەم واس واسە
بۆیە دەڵێم
بەخێربێ پایز
بەخێربێ پایز
دەروازەی ژیانێکی نوێ
دەروازەی باران و سەرما
پڕ لە بەفر و شەختە
2015\9\19 _لەسەر قەلاّی کەرکەك خوێندرایەوە

# شەڕی داعش

وەرن شوێن پێی من  هەڵگرن
وەرن دەی  وەرن ئێوەش دوام کەون
من وا ئەچم
بۆ پرسەی  ویژدانێکی مردوو
خۆی  پێش مردن
لافیتەیەکی بە ناوی خوا و  پێغەمبەرەوە نوسیووە
گیانی سەدان بێ  تاوانی پیاهەڵواسیوە
وەرن ئەم پرسەیە تازەیە
وەرن لەم پرسەیەدا
لەجیاتی لەخۆتان بدەن
دەبێ پێکەوە مردوەکە بکوتین
وەرن تەماشا کەن
ئەو ویژدانە کە مرد
دارستانێکی سوتاند
تەڕ و وشکی تێدا بەقەرە برووت کرا
هەرچی دیمەنی جوانی خواهەیە
نابوت کرا نابووت کرا
لە دەوڵەتی کەنیزەك و تالانی
گەر بگەڕێی کوچە و کۆڵانی
نە زەردەخەنە ئەڕوێ
نەچەکەرە ئەکات گۆرانی

زەوی کردە خاشاك  و
ئاسمانیشی ڕەشپۆش کرد
بارانی مەرگی لیٚ ئەباریٚ
باڵندەکانی کۆچ  پیٚکرد و
بیٚ باڵەکانی لە بازاڕیٚ کردە کوتاڵ
دای بەچەند  دۆلاریٚ
دای بەچەند  دۆلاریٚ
وەرن دوام کەون
دیٚویٚك لەو دیوو چیایە
لیکی ژەهراوی و شمشیٚری داخکراوی
بە گەردنی نازدارانەوە ئەچزیٚ
دەخیلەی خەونی منداڵان ئەشکیٚنیٚ
وردە خەونەکانیان ئەدزیٚ
ئەو عاشق نی یە
گوڵ داگیر ئەکا
ئەو دڵدار نی یە
کچی جوان  زنجیر ئەکا
ئەو قەنارە لەملی
ژنی ماندوو  پیر ئەکا
ئەو دوگمەی سوخمەی
کچان ئە پسیٚنیٚ
بۆنی سیٚو ی باخ ئەکات
ئەو پیٚنوس ئەکا بەچاوی شاعیر و
دەستی هونەر  داخ ئەکات

ئەو زەخیرەی ئاواتی
گەورە و بچوك ئەدزێ
ئەو دوو پشكی ڕوو زەردە
بە پە نجەی ژن و منداڵەوە ئەچزێ
لە بەر چاوی باوك و دایكا
دامانی كراسی كچیان دڕیووە
هەر لە بەر چاوی برایەكدا
خوشكێكیان لەیەكدی كڕیووە
لەوێ شێخادی لە خاچ ئەدرێ
یونس پێغەمبەر ئەسوتێنن
تا لە گوناە پاك ببنەوە
عیسا لە دەریادا ئەخنكێنن
وەرن لەگەڵما وپێم بلێن
لەم دەوڵەتە عاجباتی یە
چیتر ماوە بینوسمەوە
هەستەكانم لە كار وەستان
پە نجەم وشك بوو بە پێنوسمەوە
وەرن لەگەڵما وەرن دوام كەون
ئەو ترسنۆكە بۆیەچەقۆی تیژ
ئەنێتە ملی پیاوی دیل كراو
ئەو لە ناوی پێشمەرگە هەڵدێ
وەك جنۆكەی بیسمیلكراو

# پێشمەرگە

دار شین بێ
یان سەوز بێ
وەك یەك وایە
چونکە گەڵا و لق و قەدی
هەر ڕوەو ڕۆژە و
بۆ ئاسمان ئەچێ
کوردی وڵات پارێز
پێشمەرگە بێ
یان گەریلا بێ
وەك یەك وایە
چونکە هەنگاوەکانی
بەرە و لوتکەی سەرکەوتن و
بەرخودان ئەچێ

# بینایی

یاخوا ئازیزم نەڕۆی جێم بێڵی
بینایی دیدەم بخەیتە لێڵی
دونیام بە بێ تۆ تاریکە شەوە
چیتر هەڵنایات خۆر لەو کەژەوە
بڕیار بوو هەردووك یەك ڕێگا بگرین
پێکەوە بژین .. پێکەوە بمرین
نابێ هیچ حەزمان لە تەنهایی بێ
نابێ هیچ مەیلمان لە جودایی بێ
ئەبێ عەشقمان پڕ شەیدایی بێ
ئەبێ پیشەمان بە وەفایی بێ

# بۆ کۆچی مام

مالئاوا ئازیزیەکەم یاخوا ئۆغرت خێر بێ
یاخوا جێنشینەکەت ئازاد و ئازا و شێر بێ
نەخەم بەرهەمی هەیە و نەحەسرەتیش شین ئەبێ
بە وانە و پەندەکانت یەکێتی بەرین ئەبێ
خەم و خەفەتی کۆچت تۆمان بیر ناباتەوە
کەسێك وە فادارتە لە ڕێت باناداتەوە
تەزبیحەکەت ڕێیازە گۆچانەکەت تین و تاو
جامانەکەت شکۆیە و چاویلکەکەت خۆرەتاو
بزە وخەندەکەت بەهرەن نیگاکانت داهاتوون
لێوە شیرینەکەت بە ووشەی جوان ڕاهاتوون
ئێستا دوا کۆچت ئەکەی تەنیا ماوین وەك هەتیوو
تۆ ئاوات و هیوا بووی بۆ گەلێکی خێر نەدیوو

# پشوو

له نێوان بەڵێ و نەخێر
تاوێك دانیشین بەخێر
تۆزێ پشوو بەینەوە
خۆمان باش ڕێکخەینەوە
ئەوسا یەك دڵ و یەك دەس
گشتمان ببین بە یەك کەس
عەرەب و فارس و تورك
بۆ گیانیان ئەبینە دڕك
سڵ ناکەین لە هیچ کەسێ
کە لە ڕێمان ئەوەستێ
بۆ دەوڵەت وئازادی
بە دڵێکی پڕ لە شادی
دوژمن بەچۆکا ئەدەین
ئاڵاکەمان سەر ئەخەین

# پیاسەیەك بۆ بەنداوی شیرین

ڕۆژێکی هەتاو من دەرچووم لە ماڵ
بە دڵی پڕ عەشق و مێشکی پڕ خەیاڵ
بۆ شەوق و زەوقێ تێر بکەم پیاسە
لە هەوای پاکا بدەم هەناسە
لەو دیووی شیوی بەنداوی شیرین
بینیم چەند شۆخێ ناسك و خوێن شیرین
بەجلی زەرد و سوور سەوز و پەمەیی
چێژی قاقاقیان بە دڵم ئەگەیی
بە ڕاست و چەپدا سەوزی و قەرسیلە
خڕ ئەکەنەوە گوڵە کێویلە
زۆر جوانە کە گوڵ بۆ گوڵ ئەگەڕێ
گۆرانی بڵێ و جار جار هەڵپەڕێ

# کەرکوکەکەم

شاری کەرکەکم  کپە
بە وێنەی گۆڕستان ئەچێ
مە یخانەکان داخراون
خەڵك بە وێنەی مەستان ئەچێ
ڕەنگ زەرد و خەمگیناویە
ڕێك نیوەی شار تازیە بارە
نیوەکەی تر حە پەساوە
عزرائیلی لێوە دیارە
ئەمڕۆ کەرکوکم خەمبارە
هەر وەك چۆڵەوانی دیارە
نە یما ڕەنگینی و سەنگینی
ڕەشپۆشە ئەو تازیە بارە
خۆڵ بارینە بە سەر سەریا
ئالانە ماوە لە بەریا
خاوەن ماڵ دەرکراوە
تێنا پەڕێ بە گوزەریا

# دۆڕاو

من  نیم  ئێوەن وا دۆڕاون
نەما حەیا لێی شۆراون
سەرکردەنین هەر سەرئێشەن
زۆر نەزان و پڕ لە کێشەن
ئەوە  ئێوەن شەرمەزارن
خەڵکی لێتان زۆر بێزارن
خەڵك بێ مووچە برسی وڕووتن
وەکوو زیندووی ناو تابووتن

## گلەیی پێشمەرگە

ئەفسەرێکم ناو پێشمەرگە
لە ڕووی دوژمن گرتم بەرگە
سەرکردەی گێل ڕیسوای کردم
منداڵیشم جوانە مەرگە

ساڵێك خەبات بە نهێنی
واز لە ژینی خۆت بهێنی
خوێندن و یار و دایك و برا
هەر هەمویان ئەدۆرێنی

پاشتر بوومە پێشمەرگەی شاخ
بۆ دووری یار سەد ئاخ و داخ
دایك و برا و هاوڕێکانم
ئاگربوون ڕۆچونە ناو ناخ

تا ئێستاش نەحەوامەوە
بە دوای ئێوە خولامەوە
هێندە خوێڕین لە بەرچاوم
بێ شەرەفن بە لامەوە

ئەوەی وەك من پێشمەرگەیە
یەکجار زۆر گلەیی هەیە
پاش دوو سەد هەزار قەرزاری

**یەك هەزارم سەرمایەیە**

**ئێوەن کە دەسەڵاتدارن**
**هۆی خرا پی لادێ و شارن**
**کە نازانن خزمەت بکەن**
**بە سەرشانی خەڵکا بارن**

**بیرتان لای گومرك و نەوتە**
**ئاما نجێکی گەلێ چەوتە**
**گەندەڵیتان لە بیر ناچێ**
**بۆ نەوەتان پاشەکەوتە**

**حوکمەت هێندە هیچ و پوچە**
**چل ڕۆژ جارێك ئەدا موچە**
**لە ڕاستیدا چارەکێکە**
**ئەیکاتە سەرباس و نوچە**

**دەك لەم دنیا خەجاڵەت بن**
**دەك ڕوڕەشی قیامەت بن**
**هیچ و پوچن پیڵاوی پێن**
**بە نەفرەتی خوا و میلەت بن**

**من گەردنتان ئازا ناکەم**
**بە قسەتان بڕوا ناکەم**

نەبینینی دەم و چاوتـان
لە خوای گەورە  داوا ئەکەم

دوای خەبـاتـی دەیـان ساڵە
خستمانتـانە نـاو ئەم حـاڵە
حەیا و شکۆمان لە دەستدا
سك و گیرفا نمان بە تـاڵە

نەزانی، ،بۆ خۆت نـانـاسی؟
وا دێیتە نـاو کـاری سیـاسی
شـار و میلەتێکت فەوتـان
بۆ نـاچی خۆت هەڵبواسی

ئەوەی  ئێستـا سەرکردەیە
کە حوکمی بە دەستەوەیە
بڕۆن وەل بن ملتـان شۆڕکەن
سیـاسەت فەنە نەك گەمەیە

کورد ئەبێ ڕۆژی سەرکەوێ
خۆری ئـازادی دەرکەوێ
گۆڕەکەشتـان دادگـایی کـا
سزای زۆریشتـان بەرکەوێ

# دوای تۆ

زۆر ئەترسم کانی و ئاوی
گوندەکەم ببێ بە زەلکاو
نە مراوی تیا بگرێ ئارام
نە کەس لێی بخواتەوە ئاو
زۆر دەترسم من لە دوای  تۆ
ڕێگا  پڕ دڕك و هەڵدێربێ
کام  پردی  پەیوەندی توندە
بڕوخێت و سەرەو ژێربێ
زۆر ئەترسم ڕێگای  شارم
پڕ لە دز و  پڕ جەردە بێ
بۆ دیتنەوەی کلیلی چار
ئیشمان هەر بگرە و بەردە بێ

# ماچ و موچه

چەند دڵم شکا هەر هاتم هەتا ئێسکی پێم شکا
نرخی ماچەکەت سەد جنێو بوو کە شەرمت لێم شکا
گوڵم خەمی گیرفانم نییە بێ موچە و داهاتین
حەزم هەرلە ڕاستی یە وا لە سەر درۆ ڕاهاتین
تۆ نەبی دەمرم بەم قەیرانەوە وا من داماوم
ئێستا دەزانی بۆچی کە سەرت لە مندا ماوم
ڕۆژگار گەورەی کردم چاوم نابینێ بێ چاویلکە
من پیری پڕ هونەر و حوکمەت ساوا و ساویلکە
خەمی بێ تۆیی عەشقە خەمی بێ موچەیی زوڵمە
لای ئەو هیچم دەست ناکەوێ لای تۆ ماچی ئەو کوڵمە
گیانە ئەگەر ئێمەیان نەبێ ئەم حیزبانە چین
با پشتیوانیان لێ نەکەین بۆلایان بانەچین

# دڵ کورەی ئاگر

تۆ کە ئاهو ناڵەی من نابیستی
نازانی چەندە لام خۆشەویستی
نازانم عەشقم چۆن پیناس بکەم
ئەم دەرد و خەمەم چۆن بۆت باس بکەم
چاوم پڕ حەسرەت دیداری باڵاتە
سەرم بەر دە باز لەسەر ڕێگاتە
مات و بێدەنگم لە شەرم و ڕازت
تێمناگەیەنی ڕاز و نیازت
تۆ وەرە تاوێك گوێم لێ ڕاگرە
ئەزانی دڵم کورەی ئاگرە
کەتێپەڕ ئەبیت جارێك سڵاو کە
ئەم ناوە بۆ من پڕ لە گوڵاوکە
ئەوسا کە زانیت چەندە سوتاوم
سەرسام ئەبی چۆن تا ئێستا ماوم
دەی با تێبگەم لەلای تۆوە چیم
عاشقم و دەبێ هەر بۆتۆ بژیم 2018\2\17

# درۆی خۆش

تۆ درۆزن نیت تا پێت بڵێم درۆزن
ئەوانی کە تۆ ئەیڵێی لەلای من پۆزن
بێزار نابم کە تۆ زۆر لە خۆت ڕازیت
چەند ڕۆژێك و کوڕێك دێ بۆ داخوازیت
حەزئەکەی بۆ داخوازیت بێمە پێشەوە
کۆتایی بێت ئەم دوریەی پڕ لە ئێشەوە
گیانە حەزئەکەم باڵام سایە وکە پرت بێ
دە سەبرت بێ دە سەبرت بێ دە سەبرت بێ
نەوەك شوی نا بە دڵ ماڵ و قەبرت بێ
دە سەبرت بێ دە سەبرت بێ دە سەبرت بێ
ئەزانم تۆ ئەترسی تەمەن بڕوا و بە سەرچێ
منیش ئەترسم ڕاست بێت و تۆم لە دەس دەرچێ

# یەکەم یار

دڵ نامرێ گەشتی ناو گوڵزار ئەکا
بۆنی یەکەم گوڵی نەو بەهار ئەکا
دڵ حەزیش بکا لە دڵبەری نوێ
بەڵام هەر یادی یەکەم یار ئەکا
دڵ چەند ماچ بکا لێوی ئاڵ و جوان
هەر بەراوردی یەکەم جار ئەکا
ناوی لە دڵدا ناسڕێتەوە
وەك نەخشی بەردی سەر دیوار ئەکا
ئەو زامی دڵەم دایم بە سوێیە
بە دیدەنی ئەو خۆی تیمار ئەکا
لە کوێ دەرکەوێ دڵ لە خورپەیە
دوای دابڕانیش عەشقی کار ئەکا
مەرگیش ناتوانێ شوێنی بزر کات
دڵ بەخەیاڵیش بۆی هاوار ئەکا

2018\4\4

# گومان

من زۆر گومانم هەیە لێت
گەر بڵێی حەزم کردوە لێت
دە لێم گەڕێ با هەروا بم
لەگەڵ خۆما با تەنیا بم
دنیای جوانم خۆش کردوە
دڵ پەی بە شادی بردوە
دڵی نەرمم مەسوتێنە
زۆر سادەیە مەیشێوێنە
بەرگەی نیگاکانت ناگرێ
بە دواتەوە وڕك دەگرێ
حەزی لە بەزمی چەپڵەیە
عیشقیش سۆزی عود و نەیە
من ناوێرم دڵمت بدەمێ
خۆم بخەمە دەریای خەمێ
بۆ یەك گوڵێکی دڕکاوی
ژیان دانێم لە پێناوی
دەلێم گەڕێ با هەر وابم
لەگەڵ خۆما با تەنیا بم

2018\4\7

# چاوەڕوانی

**چاوەڕێ بووم کاتێ هاتی**
**دەڵێی بۆ چی واسەی ئەکەی**
**وەك دەروێشێ شێخی دییێ**
**من ئەبینی حەی حەی ئەکەی**
**گووتم چی بکەم شێتی تۆ بووم**
**کەچی تۆش هەر وەی وەی ئەکەی**
**دڵ سووتا بۆ بەهەشتی ڕووت**
**هەر بە تەمای سبەی ئەکەی**
**ڕەقیب زۆرن پیس و هارن**
**لەو سەگانە دەی دەی ئەکەی**
**گوتی سەبر بگرە جارێ**
**پێت ئەڵێم و ئۆخەی ئەکەی**
**گوتم دیارە خۆشت دەوێم**
**ئەترسی و خۆت بێ وەی ئەکەی**

2018\6\9

# دڵنیا

ئەزانم تازە نایەیت هەر
حەز ئەکەم چاوەڕێت بم
لە ژێر تیشکی مانگە شەودا
من گویٚ بیستی دەنگی پێت  بم
خۆزگە هاتبای وەکو شاژن
من کۆیلەی ئەڵقە لە گوێت بم
هەرچی بڵێی هەر ئەوەیە
ناڵێم  نەخێر هەر بەڵێت بم
تۆ مار بم بۆ ڕۆژانەی عەشق
بۆ کویٚ بڕۆی هەردەم  پێت بم
کاتیٚ لە یەك دایان بڕین
 تۆ ئەتویست هەر دراوسێت  بم
خۆزگەت  ئەخواست بە حەلاڵی
شەوێکیش بیٚ لە سەرجێت بم
شوین گۆڕەکەت بە من ناڵێن
ئەترسن کە یەکسەر شێت بم

2018\6\9

# کۆشکی دڵ

که دڵبەر هات
منی خستە دڵە خورپە
ترسام دڵم  بۆ خۆی بەرێ
کەچی خانەی دڵەکەمی
داگیرکرد و
هەرگیز لێی نایاتە دەرێ
گوتم ئەوە تۆ
لێرە چی دەکەی
خۆ ئەم ماڵە
وێرانەیە و کەلاوەیە
گوتی زانیم  چۆڵە
هەم پەڕگیرە و لەلاوەیە
بۆ من باشە و فراوانە
ڕاستە شێواوە و کون کونە
بەلاّم پڕە لە گوڵ و ڕێحانە
هێندەم  زانی
کۆشکی دڵم چاك بوەوە
بە نیگای چاوەکانی
پەنجەرەکانی
ڕووناك بوەوە

# دانوله

من له سەربانی ئەم بەرەوە
به قوڵنگەکەی فەرهادەوه
قوڵنکاری ئەکەم
به کرێکاری
تۆش له سەربانی ئەو بەرەوە
دانولەت هەڵدەخست
له بەر تیشکی هەتاو
به دزیەوه سلاوێکت دا
پەیامی عەشق و دڵداری
ئیتر هەستم وا کەوتە جوڵە
دنیام لابووه باخچه و
خۆیشم پەپووله
نەم دەویست له بەرچاوم
ون ببێ بالآت
هەر به هەنگاویك بگەمەلات
منی هەرزەی داماو
به خۆم نەزانی له ناکاو
لەو سەربانه کەوتمه خوارێ
هەموو جەستەم
پڕبوو لەئێش و ئازارێ
هەرچی له دەورم بوون

گوتیان هەناسەی نەماوە

ئیتر مردووە

بە قاقای پێکەنینی تۆ بوو زانیم

تۆ ئیتر تێگەیشتی

چۆن هۆشی منت  بردووە

گوڵە گیان

هەرگیز لە خەڵکی گەڕەك خۆش نابم

تۆ  نازانی لەو کاتەوە

چیان  پێکردم

ئابڕومیان تکاند

# دەست نوێژ

هەر سوپاسی خودا ئەکەم
ئەگەر لە سەر ئەو نوێژانە
سزام بدات
کە پێش خوێندنیان
دەست نوێژەکەیم
بە دەستی تۆ شکاند
چونکە هەر ئەو بوو
تۆی بۆ من خولقاند
تۆ دیاری خودای بۆ من
عەشقت بەهرەیەکە
لە ناو دڵەی هەڵقرچاوما
تایبەت بە خۆمن
سەرو دڵم دائەنێم
وەك بەردە باز
بۆ هەنگاوی هەرقاچێکت
لە خۆشی بەهەشت تێدەگەم
گەر دەس نوێژم بشکێنی
ئە مجارەیان بەماچێکت

2018\1\21

# من و عەشقی یار

من ئەو بارانەم
بە سەر دەریادا باریم
نە ماسی یەکم دڵخۆش کرد
نە تینوێتی
چڵە گیایەکم شکاند
من ئەو دووکەڵەم
لە دارێکی تەڕەوە
بەبێ گڕ و ڕووناکی
بەرەو ئاسمان هەنگاو ئەنێم
ئازیزەکەم
کە تۆم ناسی
دەیان گوڵم
لە سەرچەم و ڕێگا و بانی
ئەم شارە ڕوواند
عەشقی تۆیە
لە ناخمدا چەکەرەی کرد
دەفتەری ژینی دەرهێنام
چی لا پەڕەی خەمی تیایە
گشتی دڕاند

# دڵی من

خەم بێ ئاگر ئەکوڵێ
خەندە بێ ئاو ئەڕوێ
دڵی من بێ تۆ شەق ئەبا
ئەو لە نێوان ئاو و ئاگردایە
من نازانم دڵ بە تۆ خۆش کەم
یان خەمی دووریت
لە پەیکی تەنیا یمدا نۆش بکەم

# پاش كۆچی مام

دوا كۆچی مامی كورده دەك ڕوحم  بە قوربانی بێ
ولآتم تاریكستانە . كەی خۆر لە ئاسمانی بێ؟
كێ وەكو ئەو پێشمەرگەبێ  شاخ  و شار ڕەنگین بكا؟
كێ شكۆی كۆمارێك بێت  و سەمامی ئەمانی بێ  ؟
لە شە پۆلآن مەترسە ئەگەر یار مەلەوانی بێ
كەشتی ئەگاتە كەنار گەر زانا كەشتیوانی بێ
كەسێ دڵسۆزی گەل بێ بۆ دوور ئەڕوانێ هەمیشە
گورگ خۆی نادا لە مێگەلێ  گەر عاشقێ شوانی بێ
دەبێ سەركردە گیانی خۆی بكاتە قوربانی گەل
چۆن دەبێ ئەو لە میلەت چاوەڕوانی قوربانی بێ
گێژاوی ئەمڕۆ توندە ئەبێ دەستی یەكتر بگرین
ئەخزێ  قاچی ئەو كەسەی كە دەستی لە گیرفانی بێ
ناتوانی پشت  ببەستی بەجەلادەكانی كورد كوژ
لە عێراق  بی و پشتیوانت توركی یان ئێرانی بێ
ئەگەر گەلمان ڕۆشنبیر بێ دەبێ خاوەنی بیر بێ
دەرناچێ لە هەژاری هەر لە دیار كوێرە كانی بێ
تورە مەبە تــۆ لە دووژمن لـــە كاتێدا بێ چەكی
نابەزێ هیچ جەنگاوەرێ دانایی قەڵغانی بێ
گەندەڵی و ئازایەتی نابێ بە سیمای یەك  ڕووخسار
با خانە خوێ برسی بێت  پەرۆشی میوانی بێ
شاگردی زۆر باشمان هەیە بەمامۆستایان بكەین

کاتێ  قوتابخانەی گەل ڕێبازی  تاڵەبانی بێ
داناميێنن بۆ تەگبیر ئەگەر خۆ بە زل نەزانین
برای بچوکیش بە هێزە گەورە قەدر زانی بێ
خزمەتکار بن بۆ گشت میللەت نەك بۆ خزم و عەشیرەت
وا مەکەن  پیاوی زانا و دلسۆز لە چاوەڕوانی بێ
عەشقی  پارە و دەسەڵات کوردەواری بەلاناوە
ڕوو ڕەش بێ ئەو گەندەڵەی کە هەرخەمی گیرفانی بێ
جێگر بن ڕێگر مەبن بـــــۆ سەرکردایەتی نوێ
با دەستا و دەست  پێکردن  مۆدیلی حوکمڕانی بێ
ئەم حوکمەتەمان چەقیوە بۆیەمیلەت تۆقیوە
با گە نجی تازە بێتە پێش ڕووخسارێکی جوانی بێ
ئارام  بە و خوێندن و زانست  با مەشخەڵت بێ
( خوێنکاریش سەر دەکەوێ کە مامۆستا  پشتیوانی بێ )

# قومار

لەم ئێوارە پایزەدا
پیاسەم دەکرد و کەسم نە ئەدواند
دڵم تەنگ و مات و خەمبار
جار جار کزەیەك
خۆی ئەکرد بە ماڵی جەستەمدا
سینگ وپشتمی ئەتەزاند
وەك بومەلەرزەکەی سەرپێل و کرماشان
کە دەربەندیخانیشی هەژاند
وەك ئەو خانوە ڕوخاوانەی
کە جەرگی دەیان دایکی سووتاند
من لە ناخەوە دەگریام
بۆ بێکەسی خۆم و شارەکەم
ئەو کۆستانەش دیاری دەستی خودابوون
خۆی بەناخمەوە نوساند
ناڵەی داماوێکم گوێ لێ بوو
زۆر بە کوڵ دەگریا
بە سۆزەوە ئەیناڵاند
دڵمداوە
وەك تۆ دڵشکاوم و خەمبارم
گووتی دەردم گرانە
بێلانە ماوم

بەخوڕ فرمێسکی ئەباراند

گوتی بم کوژن

ڕزگارم کەن

هەر چیم هەبوو

لە دەستمدا و خۆم خەڵەتاند

دوای سەرۆکێ کەوتم

چەند هاوارمان کرد

توخوا مەکە

قسەی ئێمە و هاوڕێ و

دۆستی نەسەلماند

لە قومارێکدا

گەل و نیشتمانی دۆڕاند

2017\11\18

# ئەفرین بوکە سورەی کوردستان

کەسێ دەیەوێ تێبگا
لە گەورەیی و دانایی ئەم یەزدانە
با بچێتە ئەفرین
لە ڕۆژئاوای ئەم کوردستانە
وێنەیەکی تەواو و جوانی
شەڕی فریشتە و شەیتانە
حۆری بەهەشتی خوا
لە شەڕدایە و شەڕڤانە
سینگ و بەرۆکی
بۆ ڕۆڵەکانی قەڵغانە
سەد هەزار
لەو لە شکرە توورکە خۆ بەزل زانە
بەشیان هاواری گیان کێشانە
کەسێ شیری کەری خواردبێ
بچێتە شەڕی شێرە ژنێ
دیارە بێ مێشکە و
هەتا بڵێی نەزانە
شەرڤانێ شیری شێرە ژنی
وەك نارینی نۆش کرد بێ
ناترسێ و هەڵنایات
بە هەزاران چەتە لەشکری
ئەو ئوروگانە

ئەبێ بچنەوە بۆ
کونە گورگە تاریکەکان
ئێرە مەیدانی  شێرە
گشت دار زەیتونێك بێشەلأنە
ئومێدی  گەلەکەم
لە دار زەیتونەکان چرۆ ئەکات
ئەوە ئەفرینە
بوکە سورە بچکۆلەکەی
دەوڵەتی کوردستانە

2018\2\19

# عاشقی هەڵەبجە

من عاشقی هەڵەبجە بووم
من عاشقم
هەر لە کانی عاشقان  تێر ئاو ئەبووم
هەر بەو ئاوە
لە گوناە پاك ئەبومەوە و پاراو ئەبووم
هەر لە وێدا
عاشقی پەرچەمی لول و زوڵفی خاو ئەبووم
هەر لە وێدا
حەزم لە بۆنی گوڵ و ڕێحانە ئەکرد
هەر لە وێدا
حەزم لە چریکەی بولبول و جریوەی
چۆلەکەی سەر گوێسەبانە ئەکرد
هەر لە کانی عاشقان
ئاسودە ئەبووم
بە شنەی شەماڵ
بە دەنگی شمشاڵ
بە ڕاکە ڕاکە و فیکەی منداڵ
بە هۆرە و گۆرانی کوڕ و کاڵ
بەسیاچەمانەی جوتیاری  قەد پاڵ
بە بۆنی چێشتی دەست  کابانی ماڵ
بەلار و لە نجەی
کیژی فەقیانە لە سەر شان  و

دەست بە دەسماڵ
بە قاقای کیژی ڕوو بەخاڵ
دڵی گەنجی ئەهێنایە حاڵ
ژوانیان ئەبەست لە چاوگ و
باخەکانی بناری شنروێ
قەد گرد وپاڵ
هەڵەبجەکەم
کانی عاشقانی تۆ
ئارامگا و لانکی دڵداران بوو
مەڵبەندی گوڵ وگوڵزاران بوو
بۆیە هەڵەبجەکەی من
لەحەڵەب جوانتر
شاری شاران بوو
بەڵام مخابن
سەد مخابن
بەعسیەکان
کە پەروەردەی بیابان بوون
دوژمنی جوانی ژیان بوون
دەستیان بە هەرچی نەگەیشتبایە
بۆ خۆیان داگیریان نەکردایە
دەبوو بە سوتماکیان بکردایە
لە ڕۆژێکی سەرەتای بەهار
بۆمبی کیمیایان بۆ خستینە خوار
ئیتر شار چی شار

پڕ بوو لەقیژە و هاوار
دنیا تاریك
وەك شەوی تار
پڕبوو لە دووکەڵ و غوبار
بۆنی سێوی گەنیو
مرۆڤی ئەکرد لار وخوار
هەرچی هەبوو
بۆنی سێوی گرت
هەنار و پرتەقاڵ وخەیار
هەرچی هەبوو
گشت میوەکان بوون بە سێو
دار زەیتون و هە نجیر و مێو
تەنانەت دار و دیوار
بۆنی سێو زوو کاسی کردین
بۆنی سێوی پڕ پڕ لە ژار
کانی عاشقان
لە پڕ بوە مەیدانی جەنگ
تێیدا نەما هاوار و دەنگ
هەر نوزە نوزی نەخۆش بوو
سەرتا پا خامۆش بوو
هەرچی زیندەوەر هەیە
بە بۆنی سێوی گەنیو
بێ گیا ن و بێ هۆش بوو
لە کاتی کار کردندا

له کاتی نان خواردندا
له کاتی پێدانی شیر
له کاتی کۆکینی پیاوی پیر
له کاتی دەرچوون له ماڵ
له کاتی گرتنی دەستی مناڵ
له کاتی گشت جوڵەی ژیان
چاوەکان کوێر بوون بێ گریان
ئیتر به چوار دەوردا
به ڕاست و چەپ
کۆمەڵ کۆمەڵ ئەکەوتن و تەپ
گەورە و بچوك به بۆن گێژ بوون
له سەریەکەوە له سەر زەوی
درێژ بوون
به دەم ڕێوە
له ناو کوچە و کۆڵان
له ناو ماشێن و تەراکتەر
له ناو باخ و ڕێگا و دەشت و دەر
له ژێر زەمین و سەربان
له بەردەرگا و له ڕێگا و بان
له هەرجێگا و له گشت لایه
لاشەی کوڕ و کچ و بابە و دایه
یان دو وهاوسەر
یان خوشك و برایه
شار پڕ بوو له بۆنی سێو و دوکەڵ

پڕ بوو لە بۆنی مەرگی
تاك و كۆمەڵ
پرسەی شارێك بوو
پێنج هەزار مرۆڤ
پینج هەزار گوڵ
پینج هەزار پەپوولە
لەچەند چرکەیەکدا
بوون بەلاشەی بێ جولە
شارێکیان کوشت
وەك بڵێی
خوێنی کوردستانیان ڕشت
ئای چی کۆستێکی گەورەیە
نە خێزانم
نە باوانم
نە هاوسێکانم
نە هاوشاریەکانم
ئیتر یەکدی نابینین
سەرە خۆشی لە خۆمان بکەین
کەس بۆ ئەم پرسەیە نەهات
جیهان دەنگیان لێوە نەهات
کوشتنی شارێك نەی هەژاندن
شەرم دایان بگرێ
نەیانزانی مرۆڤایەتیان چی لێهات
تەنها و تەنها

خودا ڕوحەکانی کردە تەسبیح
عومەری خاوەر گوڵینگەکەیەتی
ئەو کۆرپەکەی لە باوەش بوو
هیمای بێ ویژدانی
بەعسی ڕوو ڕەش بوو
خودا ڕۆژی دوایی پیشانی ئەدات
بنوو هەڵە بجەکەم
بنوو هەڵە بجەکەم
دێمەوە کانی عاشقان
تێر ئەو خاکە ماچ ئەکەم
تاجە گوڵینەی من شیعر و عەشقە
دڵێکی پاك
لە وەفایا سەرمەشقە
هەر ئەوەندەم لە دەست دێ
لەکانی عاشقان
ئەم دڵەم بەجێ بهێڵم
پڕ لەجوانی بۆ دڵخۆشی ئێوە
پڕ لەخەندە بۆ فەرامۆشی ئێوە
دڵی من پێشکەش دڵتان بێ
گیانم فیدای ئاو و گڵتان بێ
2017\3\12

# داری کەلی

من هەڵقوڵاوی عەشقێکی پاکم
لە کوانویەکەوە سەرم دەرهێنا
بووم بە دەروێش
من لە ئەلف و بێیەکەوە
دەستم پێکرد
بووم بەخاوەنی چەندین سەروا و کێش
من لەلانکەیەك گەورە بووم
لە ئەسپینداره‌کانی گەرمیان
دار تاشەکان دایان تاشی
ئێستا لە کەرکوکەوە
سینگم بە ڕووی دوژمن
دەبەمە پێش
وەك قەڵغان و سوپەر
بۆ کوردی ڕەنجدەر و زەحمەت کێش
من ئەم وڵاتەم خۆش ئەوێ
لەجەرگی تاوێرەکانی شاخەوە
بەڕوو پەروەردە ئەکا
من ئەم  وڵاتەم خۆش ئەوێ
لە کلوە بەفری کوێستانەوە
دەشتی گەرمیانم
بەخەڵەو خەرمان زەرد ئەکا

لەمەلایەکەوە
چەندین نالی و سالم
لە دیوانی شیعردا سەروەر ئەکا
شێخ و دەروێشم لە کۆڕی زیکرا
دڵی بەردین
بە عەشقی خوا تەڕ ئەکا
عەشقێکی پڕ خۆشەویستی و جوانی
تەڕ دەکا سینگە و بەرۆکی
دڵسۆزانێك لە بێگانە و خزم وخوێش
ئەمە داری کەلی یە
ئەمە کانی یە
ئاوی عەشق و کامەرانی یە
شێخ و دەروێشم
لە ناو کۆڕی زیکرێکی یەزدانی یە
عەشقی زاتێکی پەنهانی یە
ئەو لە ئاسمان و
شێخ و دەروێشم کوردستانی یە
ئەمە داری کەلی یە
ئەمە کوانووە
ئەمە داڵدە و پەناگەی
سەدان دەروێشی
بێ ماڵ و ژن و کەییانووە
بۆ باران چەتری سەرە و
بۆ خۆرەتاو

سابات وخانووە
بە عەشقی کوردانەوە
دوژمنی لەرزاندوە
ئەمە داری کەلییە
ئەمە لانکەیە
ئەمە زێدگا و نیشتمانە
ئەمە مەڵبەندی کوردایەتی و
مێژووی گشتمانە
ئەمە وڵاتی کوردستانە
لێرە عەشقی شێخێك
دەروێشی خستە ڕێ
لێرە ئوستادێك
فێری کردین ئەلف و بێ
شێخ مەدرەسەی عەشق و
کوردایەتی بینا کرد
مامۆستا حەسەن مەدرەسەی کتێبی
بۆ نابینا چاوی بینا کرد
من ئەم وڵاتەم خۆش ئەوێ
پیاوی جوامێری تیا هەڵ ئەکەوێ
پیاوی جوامێری تیا هەڵ ئەکەوێ

2018\10\19 نووسراوە
لە 2018\10\20 لە داری کەلی خوێندرایەوە

# گەوجی

من گەوجم
لە من گەوجتر
ئەوانەن بۆ ژنێکی گەوج و ساویلکە
واز لە دایکی خۆیان ئەهێنن
ئەوانەن کۆیلەی عەقڵی خەڵکی دیکەن
عەقڵی خۆیان بە کار ناهێنن
ئەوانەن داوای بەزەیی لە خوا ئەکەن
چاوی بەزەیی خۆیان ئەنوقێنن
ئەوانەن شمشێر لە ملی موسڵمان ئەسوون
بە درۆ قورئان ئەخوێنن
ئەوانەن شەڕی تاریکی ئەکەن
نازانن چرایەك دابگیرسێنن
ئەوانەن باسی نوێ بونەوە و
تازەگەرایی ئەکەن
بیست ساڵە
کورسی و پۆستێك جێ ناهێڵن
لە من گەوجتر ئەوانەن
دەنگی میلەت ئەدزن
دەنگی میللەت نابیستن
ئەوانەن خوێنی میلەت ئەمژن

وا ئەزانن خۆشەویستن
ئەوانەن میللەتێکی ئازایان هەیە
کەچی پشت بە بێگانە ئەبەستن
ئەوانەن باسی ئاشتی ئەکەن
منداڵەکانیان لە ئەوروپایە
لێرەجەنگ هەڵ ئەگیرسێنن
باسی دیموکراسی ئەکەن
زمان ئەبڕن
قەڵەم ئەشکێنن
ڕۆژنامە نوس ئەترسێنن
ئێمە گشتمان گەوجین
دوژمنی گەورەمان دڵی خۆمانە
سۆزو بەزەیی فریومان ئەدا
هەر لە شوێن خۆمان هات و چۆمانە

2017\3\7

# ئەفسەرم

ڕۆڵەی دڵسۆزم بۆ کوردستانم
بۆ بەرگری لە خاك نیشتمانم
ئۆخەی کە پێشمەرگەم و ئەفسەرم
قوربانی ئەدەم بە ماڵ و سەرم
ئەی داگیرکەران چاوتان کەنەوە
لە ناو خاکی من گیان نابەنەوە
نەکەن گەمژە بن وا بیر کەنەوە
لە هێڵی سنوور نزیك ببنەوە
لە ناو نەچوین بە کیمیایی ڕشتن
لە بیرمان ناچێ ئەنفال و کوشتن
ناترسم لە وەی سەرم تیابچێ
ئەو فەرمانەی دێ ئەیکەم جێ بەجێ
ئەمڕۆ پڕ چەکم بە هونەری جەنگ
لەگەڵ گەلەکەم یەك دەنگ و یەك ڕەنگ
من سەرکردەم و گەل پشتیوانمە
سەنگەری سەختم ماڵ و ژیانمە
ئەجەنگم هەتا مافم بە گشتی
بە دەست ئەهێنم ئەگەم بە ئاشتی
بۆ چەوساوەکان ئەبم بە برا
لە شەوە زەنگا هەڵ ئەکەم چرا

2017\4\5

# ڕیفراندۆم

چۆن بڵێم بەڵێ
کە تۆ خەم لە من ناخۆی
من تاڵاوی دەستی تۆ دەخۆم
هەگبەی دەرمانت هەڵ گرتووە
منی بریندار جێ دێڵی و دەڕۆی
ئارامم گرتووە
چاوەڕوانی دەستی تۆم
چۆن بڵێم بەڵێ
تۆ بە گیرفانی پڕو
ورگی پڕ و ماڵی پڕەوە
من بە دڵی پڕ لە خەم و
چاوی تەڕەوە
بە مێشکی جە نجاڵ و پڕ
لە ترس و خەیاڵەوە
نانێکم جێ نەهێشتوە بۆ ماڵەوە
تۆ وەرە بۆ چارەی نێوان خۆت و خۆم
بکەین ڕیفراندۆم

2017\6\26

# هەی یار

هەی یار هەی یار تۆ هاوڕێمی
تۆ هاو دەم و تۆ هاوسێمی
تۆ ڕووناکی چاوو دڵی
هەر تۆ هێزی دەست وپێمی
هاتووم بە دڵی پڕ لە حەسرەت
هاتووم کە دەستی تۆ بگرم
هاتووم لەگەڵ تـــۆدا بژێم
هەتاکوو ئەو ڕۆژەی ئەمرم
چەند ساڵێکە لە دووری تۆ
هەر لە تەنهاییدا ئەژیم
زۆر سەختە دڵ پڕ لە حەسرەت
هەر بە شەیدایی تۆ ئەژیم
ڕۆژێك زووتر بە یەك شادبین
دڵمان شاد و بەختەوەربی
ناو ماڵمان باخچەی پڕ گوڵ بێ
هێلانەمان خەم لابەر بێ

2017\8\26

## گەندەڵ

گلاو و پیس وخوساون
بە کورسیەوە نوساون
بێسود وەك گای خەساون
لەچاکسازی ترساون
شەرمەزار و تاساون

وەکو تاپۆ و قۆنتەرات
پۆست وپایە قۆرخ ئەکات
ڕادەستی کەسی ناکات
بیست ساڵێك نۆشی ئەکات
هەتاکو نەمرێ ناڕوات

تا بڵێی نەفسی نزمە
خەریکی دۆست و خزمە
ناڵێ شەریکە دزمە
لە ناو ئەم بەزم و ڕەزمە
منیش هەر کزە کزمە

دان بە هیچ کەسێ نانێ
خۆی بە زانا ئەزانێ
سفرە و خوانی بۆ دانێ

مل کەچ ئەکا بۆ نانێ
نا بیستی بلێ هانێ

حەز ناکات لە پێشنیار
تورە ئەبێ لە پرسیار
تەنها خۆی ئەدا بڕیار
دەوور و پشت وەك خزماتکار
سەر بلەقێنن جار جار

چی باش بکەی دیار نیە
ئەو بە تۆ قەرزار نیە
بۆ تۆ هیچ لە بارنیە
هەرخەم ئەخۆی چار نیە
هیچ کەس بەرپرسیار نیە

دەرونی زۆر نەخۆشە
ڕەخنەی زۆر پێ ناخۆشە
چاوی لە هەڵەی تۆشە
خۆی کارتۆنێکی بۆشە
بۆ کورسیەکەی پەرۆشە

خۆ پەرست پشتی ئەگرن
تاکو خۆیان ڕابگرن
سەرەتا وەك ئاگرن

**وائەزانن قەت نامرن**

**بەرگەی  فشارێ ناگرن**

2017\10\25

# خەون و ئایندە

نازانم .خۆم ڕێبوارێکی نابەڵەد بووم
یان تویێشوو پرێکی بێ قیبلەنوما بووم
بۆچی بزر بووم
یان ئەوەتا ئەستێرەکانی بەختم
لەو دیوو هەورە ڕەشەکانەوە
ڕێنماییان نەکردم
یان دایکە پیرەکەم
زوو بەڕێی کردم
هەر بە ڕێوەم هەر بە ڕێوەم
ناگەمە جێ
سەعاتەکەی دەستی دایکم
یان قوقەی کەڵەشێری دراوسێمان بوو
یان خۆری ئاسمانی تەڵخ بوو
ئەو هەمیشە ئەم گۆرانیەی ئەچڕی
کە وێردی سەر زوبانی بوو
کوڕم هەستە درەنگە
دەخیلەی حەزەکانم
پڕ بوون لەحەزی گەورە و بچوك
دوور بوون لە دنیای ئایندەم
حەزم نە ئەکرد
دەستی بیگاتێ
دەمویست ڕۆژانە
حەزەکانم ورد کەمەوە

خەرجیان بکەم
وردە وردە
لە کەناری ئایندە نزیك ببمەوە
مەلەوانی تێدا بکەم
ئەمەش شاحەزی ناوحەزەکانم بوو
گولی سووری ناو چە پکە گوڵی
ئینجانەی سەرخوانی
گشت بەیانیەکم بوو
کە شەوی پێشوو
خەونم پێوەئەدی
جارێکیان دایکم
دەخیلەی حەزەکا نمی کردەوە
تا بزانێ بۆچی ماڵ بە جێ دێڵم
تا ئەوحەزەی لێ دەربێنێ
بەڵکو خۆیشی بە تەنیا نەمێنێ
کەتێڕاما چی دەبینێ
کۆتر و فیکە
شمشاڵ و گۆرانی
هەڵپەڕکێ و یاری
سەدان فلیمی هیندی
سەدان شیعری کوردی
چەندین نیگا
چەندین جلی تۆپێن
حەزەکانی من لای ئەو

بازاڕیان نەبوو
وەك مێروویەکی ناقۆڵا بوو
لەگەڵ شەوە و شیلانەکەی ئەو
هێندەی چاوە زارێك بەهای نەبوو
سەر بەخێر نەبوون
سەر بەخێر نەبوون
لە لای ئەو شووم بوون
هەرچی شەڕی دنیا هەیە
لەگەڵ خۆیان پەلکێشیان کرد
بۆ گیان ئەم شەڕە
گەڕانێکی زۆر خێرای کرد
لە شکرێکی نەیاری
لەخزم و کەس بۆ من پەیداکرد
دەرگای حەزەکانیان لێ داخستم
ئەو دەخیلەیە بۆ ئایندەم کلیل درا
بووم بە دەستە مۆی حەزەکانی ئەوان
نیشانەی عاقڵ بوونیان نا بە بەرۆکمەوە
هەرچەند بەهار هات
گوڵ ئە پشکوت
پە پوولەی ڕوحم
بە دەوریا سەمای نە ئەکرد
من دڵ تەنگ بووم
هەرچەندە کۆتر
بە ئاسمانا تەقڵەی لێ ئەدا

چە پڵەی منی لەگەڵ نەبوو
من دڵتەنگ بووم
هەر چەندە گوێم
لە لۆرکێ لۆرکێ و
نەمام نەمامە ئەبوو
سەر ڕاوەشانی منی لەگەڵ نەبوو
من دڵ تەنگ بووم
هەرچەند شایی و هەڵ پەڕکێ ئەبوو
هاوڕێکانم دەخزانە ناو
ئا پۆڕای دوای بووك و زاوا
بۆ ئەو نوقڵ و پارانە
خۆیان هەڵ ئەدایە ژێر دەست و پێ
من نە ئەجوڵام لەجێ
من هەر دڵ تەنگ بووم
دەمویست دەستەکانم پەڕ دەربکەن
لاسایی کۆترەکان بکەمەوە
تەقڵە لێ بدەم بخولێمەوە
دەمویست لۆرکێ لۆرکێ و
نەمام نەمامە بڵێمەوە
کەچی منی عاقڵ
کزو مات و بێ دەنگ
دڵخۆش نە ئەبووم
لەو دیو پە نجەرە و گوێسەبانەکانەوە
لە شورەی سەربانەوە

سەرنجەکانم ئەڕۆیشتن
بڕێکی زۆر خەمیان بۆ ئەچنیم
لە دار تەونی ئایندەوە
بە بەنێکی کورتەوە
بە دارە ڕای ژورەکەماندا
هەڵم ئەواسین
لەخوارەوە تێکەڵ بەخەمی ناخم
کە ئەمناسین
سەرنجم ئەدا و دڵخۆش نابووم
من ئەمزانی کەزۆر سەختە درۆزن بی
کەزۆر سەختە دووڕووبی
کەزۆر سەختە عاقڵ بی
لە هەمان کاتا گەمژە بی
چونکە من سیاسی نەبووم
من منداڵێکی سوار چاکی حەزەکانم بووم
بە پیادەیی خۆم دەر ئەخست
کتێبەکانم ئەخستە بن هەنگڵم
لە سینەما خەیام
تەماشای شامی کابۆرم ئەکرد
زۆر بەچێژ و تام
لە بەر خۆرە تاوەکەی سەربان
نیمدەرێکم بۆ خوێندن ڕائەخست
بە دانیشتنەوە چەپڵەم لێ ئەدا
بۆ کۆترە تەقڵە بازەکان

درۆکانی من سپی بوون
وەك منداڵە بێ نازەکان
دوو ڕوویی من بەهادار بوو
وەکو پارەی گیرفانەکانم
لەگەڵ فڕینی کۆلارەکەم
بڵند ئەبوون حەزەکانم
ئەچونە سەر باڵی هەوری سپی
ئاسمانی دڵم ئەکردە جۆلانە
خۆم ڕائەژەن هەر بە کپی
لەگەڵ هەر ڕاوە شاندنێکی
موچڕکەی دڵم بەگرینەوە
وەك مۆسیقای ئەوین
ژێیەکانی ئەلەرینەوە
حەزەکان بە ژانەوە لە دایك ئەبن
وەك منداڵێکی وڕکاوی وان کاتێ تار ئەبن
سەدان ژانی تر
بە دوایاندا لە دایك ئەبن
حەز هەیە لە سێدارە ئەدرێ
حەز هەیە لە بار ئەبرێ
حەز هەیە بار ئەکا سەر خۆی هەڵ ئەگرێ
حەز هەیە خاوەنەکەی ئەکوژرێ
من ڕوحم لەگەڵ کۆتری حەزەکانم
باڵ ئەگرێ ئەفڕێ
لە دەریای ئاسمانا مەلە ئەکا

لە چاوی کۆترەکانەوە دنیا ئەبینم
فراوان و زۆر فراوانتر
لە وەی لە خوارەوە ئەییینم
ناچار بووم هەڵ بێم
هەڵ بێم لە ناچاریدا
تا حەزەکانم ئازاد بن
بۆ ئەوان بژیم
تووڕە بونی ڕۆژانەم
وەك پشکۆیەك ئەچونە پاڵ یەك
ئەمویست لەلاویدا گڕکانێك بم
کەس نەتوانیٚ پێشم بگریٚ
دوێنیٚ یان دزیم
پارچە پارچە بووم و دا ڕزام
مێژووم لاشەیەکە پڕ لە زام
نەیانتوانی خۆم بدزن
نەیانتوانی دڵە پاکەکەم پیس بکەن
من ئەمڕۆم هەرزان فرۆش ناکەم
ئیتر سوێند بیٚ
ئەمڕۆم نەدەم بە سبەینیٚ
ئەمساڵ نەدەم بە ساڵێکی تر 2018\2\4

# بۆ مامۆستا ساكار

بڕوام نیه به ته‌نها بیت
به گریان و ئه‌شكی ڕونت
تۆ كه‌سێكی به‌د ڕه‌فتاری
به گومانم له مرۆڤ بونت
نه ساكاری نه مامۆستای
نه به ویژدان نه شاعیریت
نه پیرۆزی نه‌خانه‌دان
نه ژنی چاكیت نه ژیریت
تۆ فێڵ بازیت تۆ قۆڵ بڕیت
تۆ قه‌رزاری به‌نده و خودایت
هه‌موو گیانت هه رتاوانه
له وه‌فا وسۆز و پاكی جودایت
سۆز و گریه‌ی شه‌وانی تۆ
وای چی گه‌وره درۆیه‌كن
باخی ماڵت دڕكه‌زیه
دوور له گوڵ و چرۆیه‌كن

2018\8\27

# سپێدە

ئای چەند خۆشە تۆ بەقاسپەی کەو
دەمە و سپێدە هەڵبستی لەخەو
دەنگی بولبولی عاشقی شەیدا
ئاوازێکی پڕ سۆز ئەکا پەیدا
تێکەڵ بە سەمای لق و پۆپەی گوڵ
بە شنەی شەماڵ ئارام ئەکا دڵ
ئەو هەوا فێنکە ئەتبا بۆ پیاسە
خەم ئەڕەوێنێ لەم دڵە کەساسە
تیشکی زێڕینی خۆر لە هەڵاتن
بەرە و خەیاڵی زێڕین ئەتباتن
شەماڵ تێکەڵ بە هاژەی دارەوە
سەمای سەرچڵی هەتا خوارەوە
وەك لە نجەی تاوس خۆی ئەلەقێنێ
گوڵ لە سایەیدا جوان خۆی ئەنوێنی

2018\9\17 گوندی نواوە


2018
ALNATOR2000@YAHOO.COM

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | شیعر | ز |
|---|---|---|
| 2 | پێشەکی | 1 |
| 5 | ئاوارەکان دێنەوە | 2 |
| 6 | بۆ ئازیزەکەم | 3 |
| 7 | نیگای عەشق | 4 |
| 8 | من ئەڵێم | 5 |
| 9 | تا ئەو کاتەی | 6 |
| 10 | هاوار | 7 |
| 11 | منداڵی هەژار | 8 |
| 13 | بۆ یارەکەم | 9 |
| 14 | سکاڵا | 10 |
| 15 | دیمەن | 11 |
| 16 | مانگە شەو و یادگاری | 12 |
| 17 | گۆرانی دڵ | 13 |
| 19 | خەمێکی نەزانراو | 14 |
| 20 | خونچەی کورد | 15 |
| 22 | سڵاوی نەورۆز | 16 |
| 24 | ڕۆڵەی کوردم | 17 |
| 25 | شار جێ دێلم | 18 |

| | | |
|---|---|---|
| 26 | چاوەڕوانم لە جێژوان | 19 |
| 27 | گوڵفرۆش | 20 |
| 28 | مامۆستا | 21 |
| 29 | ڕۆژی بوونت پیرۆز بێت | 22 |
| 30 | عاشقی شەیدا | 23 |
| 31 | یادگاری | 24 |
| 33 | ئێمە ئاوارەی وولاتین | 25 |
| 34 | کە جێم دێڵی | 26 |
| 35 | ئەڕۆم ئازیزم | 27 |
| 36 | پەرچەم ئاوریشم | 28 |
| 37 | خۆشەویستی و مردن | 29 |
| 38 | ئاشتی | 30 |
| 39 | ڕاز | 31 |
| 40 | شەونم | 32 |
| 41 | چاوەکانت | 33 |
| 42 | پەشیمانی | 34 |
| 43 | بۆ هاوسەرەکەم | 35 |
| 44 | ئای لە دڵی من | 36 |
| 45 | نازانی | 37 |
| 46 | خەمی ماڵئاوایی | 38 |

| | | |
|---|---|---|
| 47 | لەگەڵ مانگ | 39 |
| 48 | کە تۆ هاتی | 40 |
| 49 | نوێژ | 41 |
| 50 | عەشقێکی نوێ | 42 |
| 51 | خیانەت | 43 |
| 52 | ترپەی دڵ | 44 |
| 53 | پرسیار | 45 |
| 54 | دوو ڕیان | 46 |
| 55 | رازی دڵ | 47 |
| 56 | وەسیەت | 48 |
| 57 | ژیان | 49 |
| 58 | وەرزش | 50 |
| 59 | تاقانەکەم | 51 |
| 60 | خۆ کوشتن | 52 |
| 61 | هەر من ئەزانم | 53 |
| 63 | ڕێگا | 54 |
| 66 | هاورێی شەهید | 55 |
| 67 | دڵت بردم | 56 |
| 68 | وەڵامێك بۆ ( سمیر صبیح )شاعیری عیراقی | 57 |
| 71 | تۆ نازانی | 58 |

| | | |
|---|---|---|
| 72 | لێم مە پرسە | 59 |
| 73 | چۆن پێی بڵێم | 60 |
| 75 | گوڵەکا نمان | 61 |
| 76 | عاشقم | 62 |
| 77 | بووکی کەرکوکەکەم | 63 |
| 78 | بۆ ژنە خۆشەویستەکەم | 64 |
| 79 | نەبوون | 65 |
| 80 | پە نجەرە | 66 |
| 81 | گۆڕستان | 67 |
| 82 | کەرکوك دڵی من | 68 |
| 83 | جیاواز | 69 |
| 84 | باوەڕ | 70 |
| 85 | مۆری دڵ | 71 |
| 86 | من و ئەوان | 72 |
| 87 | حەبیبە | 73 |
| 88 | سەیرە | 74 |
| 89 | کەی | 75 |
| 90 | شێتخانە | 76 |
| 91 | جوانی | 77 |
| 92 | حەز | 78 |

| | | |
|---|---|---|
| 93 | ئاوێزان | 79 |
| 94 | درۆ | 80 |
| 95 | کۆپلە شیعر | 81 |
| 97 | کۆچی پە پوولە | 82 |
| 100 | خەون و خۆزگە | 83 |
| 103 | بۆنی خاك | 84 |
| 108 | سیاسەت پایزی جوانی یەکان | 85 |
| 112 | ئەنفال | 86 |
| 114 | عەشق و خەو | 87 |
| 117 | ناو | 88 |
| 118 | یەکەم ژوان | 89 |
| 119 | ژن بە ژن | 90 |
| 120 | خۆپیشاندان | 91 |
| 122 | تەمەن | 92 |
| 123 | تاوانبار | 93 |
| 124 | تاوان | 94 |
| 125 | چاوەڕوان | 95 |
| 126 | چاوی تۆ | 96 |
| 127 | گریان | 97 |
| 128 | من و دووڕیان | 98 |

| | | |
|---|---|---|
| 129 | دووەم جار | 99 |
| 130 | خواست | 100 |
| 131 | دیاری بەهار | 101 |
| 133 | هەڵەبجە | 102 |
| 135 | نەورۆزی کەرکوك | 103 |
| 136 | شا نشینی پیاو | 104 |
| 138 | تۆ هەموو شتێکی منی | 105 |
| 141 | نەخۆشی | 106 |
| 142 | دیدار | 107 |
| 143 | کەرکوك دڵی کوردستان | 108 |
| 144 | دێوەزمەی ئەنفال | 109 |
| 150 | ڕووناك و هەتاو | 110 |
| 152 | بۆ عەفرینەکەم | 111 |
| 155 | پیاوێك لە ئاو | 112 |
| 160 | پێشمەرگە و شاخ | 113 |
| 161 | شەهیدانی قەڵەم | 114 |
| 162 | نەزر | 115 |
| 163 | ماچ | 116 |
| 164 | سەرکردەی گەل | 117 |
| 166 | شەوی یەڵدا | 118 |

| | | |
|---|---|---|
| 167 | شەهید | 119 |
| 171 | دەرفەت | 120 |
| 173 | من و سەرۆك | 121 |
| 175 | یار و کەرکوك | 122 |
| 176 | خەمەکەی من | 123 |
| 177 | باوەشێن | 124 |
| 181 | شەری داعش | 125 |
| 184 | پێشمەرگە | 126 |
| 185 | بینایی | 127 |
| 186 | بۆ کۆچی مام | 128 |
| 187 | پشوو | 129 |
| 188 | پیاسەیەك بۆ بەنداوی شیرین | 130 |
| 189 | کەرکوکەکەم | 131 |
| 190 | دۆڕاو | 132 |
| 191 | گلەیی پێشمەرگە | 133 |
| 194 | دوای تۆ | 134 |
| 195 | ماچ و مووچە | 135 |
| 196 | دڵ کورەی ئاگر | 136 |
| 197 | درۆی خۆش | 137 |
| 198 | یەکەم یار | 138 |

| | | |
|---|---|---|
| 199 | گومان | 139 |
| 200 | چاوەڕوانی | 140 |
| 201 | دڵنیا | 141 |
| 202 | کۆشکی دڵ | 142 |
| 203 | دانولە | 143 |
| 205 | دەست نوێژ | 144 |
| 206 | من و عەشقی یار | 145 |
| 207 | دڵی من | 146 |
| 208 | پاش کۆچی مام | 147 |
| 210 | قومار | 148 |
| 212 | ئەفرین بووکە سورەی کوردستان | 149 |
| 214 | عەشقی هەڵە بجە | 150 |
| 220 | داری کەلی | 151 |
| 223 | گەوجی | 152 |
| 225 | ئەفسەرم | 153 |
| 226 | ریفراندۆم | 154 |
| 227 | هەی یار | 155 |
| 228 | گەندەڵ | 156 |
| 231 | خەون و ئایندە | 157 |
| 238 | بۆ مامۆستا ساکار | 158 |

| | | |
|---|---|---|
| 239 | **سپێدە** | 159 |